# دالانپار

گۆڤارێكی رۆشنبیری گشتی وەرزییە

ژمارە ١ خولی حەوتەم سالی پانزدەم 25.03.1997



# DLANPAR


دلانپار

سەرنووسەر – رەهبەر جەلال

دەستەی نووسەران – ک – حوسێن

سۆزان حەمەزەرد – سیروان سۆرانی

شێرکۆکۆیی – موستەفا ئامێ – ڕێباز محێدین

هاوری ئەکرەم



ناونیشان

Dlanpar - P.O.Box 533

00101 Helsinki .Finland

تەلەفۆن و فاکس

Tel: 308045 Fax: 77474200

بانکیرو KNPSC - Bank No :

PSP - 800024 - 12855719

Helsinki - Finland



نامەکانتان لە سەرخواستی خۆتان بڵاودەکرێتەوە، مەرجنییە ئەوەی بڵاودەکرێتەوە دەگەڵ بیروڕای ئێمەدا بگونجێ. دەقی نامە و نووسینەکانتان نانێردرێنەوە. لە رویەکی پەڕەدا بنووسن دەقی فۆتۆکۆپیکراومان بۆ مەنێرن. ناوو ناونیشانتان بەرێك و پێکی بنووسن. لە بەرهەمی بە پێز بێبەشمان مەکەن


هیچ بیروباوەڕێك نییە بیکەموکوڕی بێ. بۆچوون، خەملاندن و مەزندەش هەموو جاران جەرگەی راستی ناپێکن، نە ئێوە هەمووتان پەری و پیاوچاکن، نەمنیش ئەو پێغەمبەرەم هەرچی گوناه هەیە لەکۆڵی خۆمی کەم. بۆیە رەخنەگرتن هەڵسەنگاندن، شەن و کەوکردن پێویستن. قەدەغەکردنی مافی ئازادی بیرو ڕا دەربڕین جاری سەرکوتکردن و جەنگ ناتەوەیە، پاراستنی مافی تاکی ئازاد و ئازادی باوەڕو بیرو ڕا دەربڕینیش ڕێخۆشکەری لە یەکتری گەیشتنە، و بەردی بناغەی ئاشتییە!

له

ماوەی رابردوودا، کۆمەڵێك نامە و داخوازی خوێنەرانمان پێگەیشتووە، سوپاسی ئەو خوێنەرە بەرێزانە دەکەین. هەڵبەتە بەگوێرەی توانا هەوڵدەدەین دلانپار بگاتە دەستی تەواوی خوێنەرانی خۆشەویست، ئەگەر لەو کارەدا سەرنەکەوتین گلەییمان لێ مەکەن، چونکێ ئێمە پێشتر و بە نامە و بانگەواز لەو بارەوە خوێنەرانی بەرێزمان ئاگادارکردۆتەوە.

لە نێو نامەکانی چەند مانگی رابردوودا ژمارەیەکی زۆریان لە کەمپەکانی پەنابەرانەوە نێردراون چ لە وڵاتانی ئاسیا و چ لە وڵاتانی ئەورووپا.

هەروەك لە سەرەتادا بڕیار بوو گۆڤاری دلانپار بە گشتی وەك دیارییەك بگاتە دەست خوێنەر، بە تایبەتی خوێنەرانی کەمپەکانی پەنابەران. ئایا خوێنەرانی ئەورووپامان ئەوانیان لە یادە؟ رۆژێ دی بیریکەنەوە

له‌وه‌ی ئه‌ركی نیشتمانی و مرۆڤایه‌تییان به‌دی بێنن ؟ هێندێ
له‌و نامانه‌ به‌رهه‌می ئه‌ده‌بیشیان له‌گه‌ڵدایه‌ ، به‌داخه‌وه‌ كه‌
نووسه‌رانیان هێشتا پێویستیان به‌هه‌وڵدانی زۆرتره‌ ، به‌شێكیشیان
هۆنراوه‌ن . هه‌رچه‌نده‌ ئێمه‌ ده‌مێكه‌ ده‌ستمان له‌ بڵاوكردنه‌وه‌ی
هۆنراوه‌ هه‌ڵگرتووه‌ ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌و شیعره‌ی خوێنه‌ری
به‌رێز كاك «حوسێن داودی» لێره‌دا بڵاوده‌كه‌ینه‌وه‌ ، چونكێ ئه‌و
وه‌ك دیاری پێشكێش دلانپاری كردووه‌ ، سوپاس بۆ خوێنه‌رانی ئازیز.

بۆ دلانـپار

كه‌واو سه‌ڵته‌ی جاف ، مشكی له‌گه‌رمیان
خه‌نجه‌ری كه‌ركووك ، شاڵوشه‌پكی بادینان
گۆره‌وی بانه‌ ، كڵاشی هه‌ورامـان
كڵاوی سیمداری ناوچه‌ی كرماشان
ده‌سماڵی سووری كفری بـرایمخان
تفه‌نگی برنه‌و دارشوشه‌ی ئه‌ڵمان
له‌ قامشلییه‌وه‌ ته‌سبیحی قـه‌زوان
گوڵینگه‌ی به‌ره‌نگی ئاڵای كوردستان
ماینێكی شیغه‌ر له‌ ئامه‌د و وان
شۆره‌سوارێكی ، نه‌وه‌ی مه‌ریـوان
ده‌ستێكی گورزی تۆڵه‌ی شه‌هیدان
ئه‌وی دی پێنوسی حاجی و گۆران
به‌ره‌و هێلسنكی به‌رێـكه‌ین بـه‌غار
بۆلای ده‌سته‌ی نووسه‌رانی گۆڤاری دلانپار
خۆ من ‹ قانیع › نیم بیهۆنمه‌ جـوان
به‌شیعرو نووسراو، چیرۆك و پـه‌خشان
‹ حوسێن › ی ته‌نیا و ، ئاواره‌ی كوردستان
له‌وه‌ رازاوه‌تری نییه‌ ، بی نێری بۆتان
دڵی پڕ له‌خه‌م ، وه‌ك ئاسكی بریندار
ده‌وای ده‌رده‌كه‌ی هاوه‌لای دلانپار
لوتكه‌ی به‌رزی تۆ له‌ گشت كورد دیاره‌
وه‌كو تۆ به‌رز هه‌ر ‹ دلانپار › ه‌
دیاری منیش ، له‌و دار و دیاره‌
‹ شیعره‌ › قبوڵی كه‌ن ، بۆ دلانـپاره‌

دڵنپار
DLANPAR

# لەم ژمارەیەدا

## کۆمەڵ ، مێژوو ، رامیاری

رەهبەر جەلال
3 ـ چوار کەم یەك داگیرکار .
شۆرش سەعید
11 ـ ئەو نووسراوەی لە کاتی خۆیدا بڵاونەکرایەوە .
شێرکۆ کۆیی
20 ـ بێدەنگییەکی ترسناك لە ئاست تاوانێکی مەزن .
ئافراسیاو هەورامی
24 ـ سیناریۆی رووداوەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان .

## کێشەی نیوەکەی تری کۆمەڵ

شێرزاد حەسەن
32 ـ مێ ، لە نێوان نووسین و نێرینەدا .
دڵسۆز حەمە
37 ـ سەرکەردانیی رامیاری و کۆمەڵایەتی ژنان و منالان
کریستینا کلاوفۆنێن / و / س . باباگورگوری
41 ـ ژنە کورد ، دووەرەپەرێزی و دابڕان

## رەخنە ، بیروڕای ئازاد

حەمە سەعید حەسەن
45 ـ شیعر و ئایدۆلۆژیا .
هاوڕێ ئەکرەم
68 ـ ئالا هەڵگری قشونی بەگوێ .

## کلتور

عومەر سەید
104 ـ تیشکە نیگایەك بۆ جیهانی هونەرمەندی ئاری بابان
کاکەباس
107 ـ فەریکە کوێز / چیرۆك بۆ منالان
هەیاسی خاس
109 ـ هەیاسە لە ئەورستان چیاسە ؟

ژمارە ٢٦ خولی حەوتەم ١٩٩٧

هەواڵنامەی کتێب



رەهبەر جەلال

# 4 کەم یەک ، داگیرکار !

لەمڕۆ بەدواوە ئێوە داگیرکارمەبن ، ئازادیخوازبن !

لەمڕۆ بەدواوە ئێمەش هیچ نارەزاییەکمان بەرامبەر بە ئێوە نییە !

دەستتان خۆش ! بمانکوژن وبمانبڕن . نەك هەر بەکیمیاوی ، ئێمەی خاوەن پارتە پێشڕەو ، جەربەزە و دزەکان ، شایەنی ئەوەین بەئەتۆم لێمان بدرێت . سەدجار ئافەرینتان لێبێ وگەردنتان خۆشوئازا .

ئێمە لەمڕۆوە لە هەموو تاوانەکانتان دەبوورین ، خۆ ئێوە هاونیشتمان وهاوزمان و هاوخوێن . . . هتد ، مان نین تا هەرگیز لێتان نەبوورین ! لە مڕۆوە ئێمەین گوناهبار و تاوانکار ، ئێوەن بێگوناه !

ئێوە بێگوناهن ! دەبێ گوناهی ئێوە چیبێ ، زێتر لەوەی بەهەموو توانایەکتانەوە هەوڵتانداوە خۆتان بپارێزن ، بەهێزتر و دەوڵەمەند تربن ، بەختەوەر تر بژین ، نەوەکانتان ، خاکتان ، ئاسمان و ئاوتان بپارێزن ؟! جا با لە پێناوی ئەوەدا تا بنپلان دەستتان بە خوێنی ئێمە سووربێ ، خاکی ئێمەتان داگیرکردبێ ،

گرنگ ئەوەیە ئێوە بە باوەڕەوە بۆ بەختەوەری خۆتان تێدەکۆشن . مافی ڕەوای خۆتانە ، سامانی ئێمە بە تالان بەرن ، جا ئێمە سامانمان بۆچیە ؟ پیرۆزتان بێ . ئێوە خۆتانی پێدەوڵەمەند بکەن . دەسەلاتتانی پێبەهێزکەن . ماڵی ئێمەی پێکاولکەن ، کوردستانی پێخاپوور کەن ، بۆ نا ؟ خۆگەر ئێوە نەیکەن ، خۆمان لەژێرسایەی پارتە پێشڕەوەکانمان لە ئێوە درندانەتر ماڵی یەکدی کاولدەکەین ، گەر لەدەستمان نەهات هێندەی ئێوە درندەبین ئەوا بێگومانبن ئێوەی خاوەن دەیان ئەزموونی مێژوویی داوەت دەکەین تا لە شەڕی خۆقڕکردندا هاوبکاریمان بکەن .

ئێوە مافی خۆتانە لە داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتندا بەردەوامبن، ئێمەش درێژە بەشۆڕشی بەردەوامەمان دەدەین، تا خۆبەخۆ بە ڕابەرایەتی پارتە لێهاتوو، و هاوڕێبازەکانیان یەکتری دەبڕێنینەوە . ئەوکاتە ئێوەش لەداگیرکردنمان ڕزگارتان دەبێ !؟ ئیتر ئێوە چیتر بینەر و تەماشاکەری ئەم شانۆیە پڕ لە تراژیدیایە نابن و لە بێزاری و باوێشکدان بەرامبەر بەم شانۆ گاڵتەجارییەی بۆ جاری سەدەمینە ئێمە پێشکەشتانی دەکەین ڕزگارتان دەبێ .

ئێمە پێویستمان بەروانگەیەکی نوێیە، چونکێ نوێخوازین و وەك ئێوە دواکەتوو کۆنەپەرست نین ؛ ڕوانگەی نوێی پارتەکانمان ئەمەیە :

خۆکوشتن و خۆ قڕکردنی نەتەوەیەك لێخۆشبوون و چاوپۆشی دێنێ ، داگیرکردن و تالانکردنی تاکە کەسێکیش پێویستی بەهەڵوێستەیەکی نوێیە . کەچی سەیرە کاتی ئێمە خەریکی خۆقڕکردنین ، ئێوەی دڵسۆزو مرۆڤپەروەر هاوار لە پارتەکانمان دەکەن ؛ ئاشتبینەوە . بەوەش ناوەستن داوەتی پێتەختیان دەکەن و لە کۆشکە بڵندو ڕازاوەکاندا کە بەخوێن و بازووی ئێمەی داگیرکراوتان بنیادنراون دەستی پڕ بەزەییتان بەسەریاندا دێنن ، بەڵکو ڕێکیان بخەن و پێکیان بێننەوە ؟ !

لەمەودوا ، داگیرکردن و کوشتنمان بەدەستی ئێوە ! ئەی داگیرکەرانی دڵسۆزمان ؛ بەختەوەری ، خۆشی و هاتە . ئێمەش دەستەوەستان ناوەستین و لەپاداشتی ئەو چاکەیەتان یارمەتیتان دەدەین . بەڵێ ! ئێمە لەوهەنگاوەشدا لە ئێوە نێونەتەوەیی ترین ، ئێوە یەکێکمان بکوژن ، ئێمە دەمان چەقۆ دەنێینەملمان . پەندی پێشینانە و ڕاستە ؛ بەرخی نێر بۆ سەربڕینە ، بەلام ئێمە وەك ئێوە دواکەوتونین ، سەردەم سەردەمی یەکسانی پیاو و ژنە ؛ بەرخی نێر و شەکەمێ لەو بارەدا جیاوازییان نییە .

لێ داگیرکەران ، خۆزێ ئێوەش وەك ئێمە بەخشندە دەبوون ! ئێمەی بەدبەخت دەیان ساڵە لەفرمانی ئێوە یاخین و چەکمان دژی ئێوەو خواستەکانتان هەڵگرتوە و سەرهەڵدان و

مانگرتن سازدەکەین ، کاتیٚ پارتە چالاکە کانمان گۆڕەپانی خەبات جیٚدیٚڵن و سەنگەر چۆڵدەکەن و دەبەزن ، هەر دەرەفە تیٚکمان لیٚهەڵکەویٚ رادەپەڕین . . .هتد، کەچی ئیٚوە هیٚشتاش قەڵاچۆ و بنبڕتان نەکردوین،بۆیەبەخشندەییمان ناچارمان دەکات لە بری کەمتەرخەمی ئیٚوە بە رابەری پارتە زیبك و زیتەکانمان خۆمان قڕکەین .

ئیٚوەی کۆڵەوار ، پەتی پسۆکی درۆ بون و ئیٚمە پساندتانمان ، بۆ ئەوەی چیتر شرۆشاتاڵی دواکەوتنمان بەخۆتاندا هەڵنەواسن ،پەتی نەپسۆکی راستیمان کردە رستی درۆ . بە کورتی حەیف نییە ئیٚوە ئیٚمەی چەپەڵ و بارگران لەخۆ بکەنە سەرباروبنبار .

خۆری شالاو و غەزەواتی ئیٚوە چ لە رابردووا ، چ ئیٚستا هەمیشە درەوشاوەتەوە و دەدرەوشیٚتەوە . مخابن داهاتووی ئیٚوەش وەك رابردوو، ئیٚستاو داهاتووی خۆمان بکەینە تاریکستان . بەڵام ئیٚوە هیٚشتاش نەزان و دواکەوتوون پارەو پولیٚکی زۆروزەبەندلە کوشتنماندا بەفیڕۆ دەدەن و رۆڵەکانی خۆتان ، دەکەنە قوربانی قەڵاچۆکردنمان و دەتانەویٚ بە زەبری داگیرکردن تۆمان ببڕیٚننەوە ، وای لە ئیٚوەی کلۆڵ ، کە تا ئیٚستەش نەتانزانیوە و پەیتان بەوەنەبردووە ، کە ئازادی ژیٚرسایەی پارتەپیٚشڕەوەکانمان ، بەسە بۆ ئەوەی خۆمانی پیٚ تەفروتوناکەین . نەتانزانیوە ئەوەندەمان بەسە ئیٚوە لەشکرەکانتان بکیٚشنەوە ، تا بەدەستی خۆمان ئاسەواری خۆمان بسڕینەوە و لەرەگوریشەوە خۆمان ببڕینەوە .

ئیٚمە سەدان ساڵە لەسەر چۆڕاوی کانییەك کە بەسروشتی لە بناریٚکەوە هەڵدەقولیٚ یەکتری دەکوژین ، ئەگەرچی وڵاتەکەمان پڕە لە ئاو وکانی ! لەسەر هەر بستە خاکیٚك ، پاوانیٚك کە بە سروشتی بۆمان ماوەتەوە یەکتری سەردەبڕین ، ئەگەرچی بستە خاکیٚکی ئازاد چییە ؛ نیمانە . لەسەر هەر دار بەڕوییەك کە بەسروشتی لەشاخ و داخی خواپیٚداومان رواوە یەکتری پارچەپارچە دەکەین ئەگەرچی ژمارەی داربەڕوە کانمان چەندان جار لە خۆمان زیٚترن !

ئیٚمە تەنانەت لەسەر هەستی ئەویندرایش کە یەزدان بە مرۆڤی بەخشیوە ؛ بنەماڵە بە بنەماڵە ، بەرەباب بە بەرەباب ، خیٚڵ بە خیٚڵ ، پەنجا بە پەنجا لە یەکتر دەچینە کەمینەوە . کەچی ئیٚوەی دڵرەق زۆرجار ئەو دوژمنایەتیانەمان لە بیر دەبەنەوە ... نازانم بۆ لیٚناگەڕیٚن خەریکی کوشتنی خۆمان بین ؟ بۆ هیٚندە دەترسن بڵیٚن : کوردینە هائەوە ئازادیتان ، ها یەکتریتان خۆشبویٚ !

ئیٚمەی کارامەو لیٚزان و پسپۆڕ کەو ، کەڵەشیٚر و بەرانەکانیشمان فیٚر کردووە،بۆقڕکردنی یەکتری؛ بخویٚنن، تاجی سەری یەکتری بە دەنووك

کەلوپەل بکەن و چاوی یەکتری بکوڵن و زگی یەکدی هەڵدڕن . گەر ڕۆژێ ئێوە بەخۆتانەوە خەریک کەن ئێرەیی بە پەلەوەڕ و ئاژەڵەکانی وڵاتەکەمان دەبەین ! چاومان کوێرایی دابێت ؛ کەچی نازانم بۆچی بەرۆکمان بەرنادەن ! تا چیاکانیشمان فێرکەین یەکتری بەردەباران بکەن ! گردەکانمان پاشقول لەیەکتری بگرن و دەشتەکانمان یەکتری بپێچنەوە و ڕووبارەکانمان یەکدی ژێراو کەن ؟ ئاخ لە ئێوەی بێمێشک کە ئەوەندە دەست لە کارو بارمان وەردەدەن و بە شەڕی لابەلای خۆتانەوە خەریکمان دەکەن !

گەورەکانمان ناپاکیان لە مواد کرد، خواناسەکانمان زەردەشتیان ئاوارەکرد، میرەکانمان مەولانا و نالی ـیان شاربەدەر کرد، ڕۆشنبیرانی دەربارمان گۆڕی حاجی ـیان ونکرد، پارتەکانمان لەبەر هەژاری و دەسکورتی هەر ڕۆژێ پارچەیەکی نیشتمانەکەمان هەراجدەکەن، کێ ما دەنگی ڕاستی بێ و سەری پان نەکەنەوە و لە خاچی مردن و ئاوارەبوونی نەدەن ؟ ئاخ و سەد داخ ، داگیرکاران ! کە ئێوەکاتی زێڕینی خۆتان بۆ ئێمە بەخەسارەدەن .

ئێوە بێ ئەوەی پێبزانن ، مایەی مان و بەردەوام بوونی ئێمەن . بە درێژایی مێژوو هەرچی بەسەرمان دێ ، دەیخەینە ئەستۆی ئێوە . جارێک بەرۆکتان بەرنەداین و نیتراتی ئازابیتان تاقی نەکردەوە بزانن چۆن دەمانژاکێنێ و هەڵمان دەوەرێنێ .

سەدحەیف و سەد مخابن ! ئێمە یەک کەلە سایەسەری سەرۆکەکانمان ئامادەین خۆبەخۆ لەسەر هیچ ڕێکنەکەوین ، هیچ ڕێزێک بۆ بیروباوەڕی یەکتری دانانێین ، ئامادەنین پارووێک نان لەوەی خەڵکی لەڕێی خودا پێمان دەبەخشێ بیدەینە ئەو منداڵانەی خوێن و ڕەنگ و دوارۆژی خۆمانن هەتا گەر لە بیروباوەڕ و ئاین و هەرچی بەهای مرۆڤایەتیشە خۆیانـمان بۆ ڕووتکەنەوە ! نازانم ئێوەی بەخوێن ، ڕەنگ و دوارۆژ جیالێمان بۆچ ئامادەن بمانکوژن و دەستان بەخوێنی ئێمە پیس بکەن ؛ خۆ نامرن گەر جارێ بڵێن : کوردینە دەبگرن ها ، ... نە خۆتان کا ، نە ئازابیتان !

ئێستە کە لە مێژووتان وورد دەبمەوە ، تێدەگەم چەندە خەمسارد و دواکەوتوو ، بێهۆش و گوش بوون ! نەوەکانتان چەندە گەمژە و گێل بوون ، چ ڕەنجێکیان بەفیڕوداوە لەپێناو لەناوبردنی بابان ، سۆران ، ئەردەلان و بۆتان ... هتد ، نەیان زانیوە ئێمە لەژێر سەرکردایەتی میرخاس و پیاوانی خودا دا ، کڵۆ بەفرێکی هێند بێغیرەتین تیشکی ئازابیمان لێدەرکەوێت دەتوێنەوە ! فتوایەکمان بەسە بۆ ئەوەی یەکسەر ببینە هەڵم و ئۆغر کەین . داخ بۆ ئەو زیانە گەورەیەی لەخۆتان داوە لە پێناوی تواندنەوەمان !

هەوارنامەی کتێب

هەتا ئیمڕۆش لەوە نەگەیشتوون ئێمە دەریاچەیەکی گێژەنین ، گەرمای ئازادیمان بگاتێ لەچاوچوقانێکدا خۆمان دەخۆینەوە و دەبینە هەڵم ! ئەی داگیرکارانی پێنەوامان ئێمەی ژێرسایەی دروشمی چەپە پەرگیرەکانی نوێنێمان ، نەتوانیمان سود لە هێزی سۆڤیێت و رۆژهەڵات ببینین و نەدەشتوانین لەژێر سایەی چەپی راسترۆی ئیمڕومان ، ببینە دۆستی ئەمریکا و خۆراوا . ئێوە هەرگیز لە خۆتان پرسیوە ؛ بوونی ئێمە بۆچی چاکە ؟ ئێمە بەڵگەی نەبوونی خۆمان ؛ مەبەستم پارتە دلێرو قارەمان و شۆڕشگێڕەکانمانە ، بەدەستەوەیە ، بەلام ئێوەی گەمژە دەمتان هەڵنایە کەرەتێک تێکڕا بلێن : ها ئەوە خۆتان و ئازادیتان ! ئاخ و سەد داخ کە لە دەمێکەوە نەتان زانیوە . ئێمە بەرابەری ئەو پارتە هەردەم یاخیانە مان ریزپەڕی یاسا و خنکێنەری تروسکەی هیواین بە پێچەوانەی گشت شیمانەی خۆرهەلات و هەموو بۆچونێکی خۆراوا و بیرکردنەوەی تەواوی زانایانی جیهان .

مخابن ! هەرکاتێ بیر لە ئێوە دەکەمەوە ئەی داگیرکارانی دواکەوتوو و لە گوێگادا نوستوو ، بەدەست خۆم نییە خەمتان لێدەخۆم ، کە ئێوە تا ئێستە هەستتان بەوە نەکردوە : کاتێ ئێوە پەنجەی ولاتێکی بچوکی وەك کوێت زامدار دەکەن ، هەموو دنیا لێتان راستبووەوەو بەرەنگارتان بونەوە ، کەچی بیرلەوە ناکەنەوە ؛ ئەوەتا سەدان ساڵە ئێوە دەستماندەبڕن ، کەچی لە خۆتان بەولاوە کەسی ترمان نییە بەتەنگمانەوە بێت و لەسەرمانهەڵداتێ . کەس وەك ئێوە بێهۆش نییە ، هێشتاش سامانی دزیاری خۆتان لە ئێمەی بەدبەخت خەساردەکەن ، لە کاتێکدا ئێمە ئەو هەموو پارەیەشمان دێتە دەست سکی برسییەکی پێتێرناکەین و ئاور لە ماڵە شەهیدێك نادەینەوە ، دەبەسە واز بێنن ، تۆزی هۆشتان بێ و نەختێ بیرکەنەوە ، غیرەتان بێ و بلێن : کوردینە بەنەعلەت بن دەها ئەوە خۆتان و ئازادیتان !

ئێمەی بەدبەختی ماڵکاول ، کاتێ لە سایەی پارتەکانمان بنەمۆمی هیوامان ترپەترپەیەتی ، ئێوەی خاوەن کتاب و پەیام ، بە هیوای دوارۆژو ئاخرەتمان دەکەن ! چرای هیوامان بە بەنزینی ئاینی پاکتان هەڵدەکەنەوە ، نایەڵن پف لەخۆمان بکەین و خۆمان بکوژێنینەوە چونکێ سور دەزانن گەڕانەوە بۆ پەیام و ئاینی ئێوە گەڕانەوەیە بۆ باوەشی ئێوەی داگیرکارانی خۆشەویستمان ! تێناگەم بۆچی بەلای ئێمە لەکۆڵ خۆتان ناکەنەوەو ، ناوێرن بلێن : کوردەکان ها ئازادیتان ؟

داگیرکەرانی دلۆڤان و بەخشندەمان ! ئای بۆ میهرەبانیتان ! ئێمە هەر جارەی پەت دەخەینە ملی یەکتر و یەکدی هەڵدەواسین، ئێوەی بەزەییدار دێنە فریامان و عەرشتان دەخەنە ژێر پێمان ، رزگارمان دەکەن ، بەدلۆڤانی و بەخشندەییتان رێگە خۆشدەکەن بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێزەکانمان ، ئێوەی بەدبەخت هیچ رێیەك نەماوە لە تەفروتوناکردنی ئێمە بیگرنە بەر، هەمووشێوەشێوازێکتان پێتاقیکردوینەتەوە ، تەنیا رێگەی دانهێنان بە ئازادی ژێر سایەی پارتەکانمان نەبێ ، کە کورترین رێگەی لەناو چونمانە ، بێهۆش خۆتان کەسەرنجی باشوور نادەن و لەمێژوومان فێرنابن !

لە بێخەبەریتان کەشکەك سەلاوات! ئێوە ئازادیمان بدەنێ ، مافی هەڵبژاردن، یاری دەنگدانمان بۆدابین بکەن و لێگەڕێن پەرلەمان و حکومەت دابمەزرێنین ، ئەوجا دەبینن ئێمە چەندە چالاك و دیموکراتین . دەبینن ئەوەی ئێوە بەسێ هەزار ساڵ بۆتان ئەنجامنەدراوە . لە ژێر سایەی کوڕانی ئیبراهیم خەلیل و چاوساغی پاسدارانی ئیمام بەچەندشەو و رۆژێك بەدی دێنین ، ئاخ لە ئێوەی بێخەبەر ، رەنجەڕۆ خۆتان . سەیر ئەوەیە ئێستەش خۆتان بەکۆیلەکردنی ئێمەوە خەریکدەکەن ، لە سەر داوای خۆمان دووبارە مێژووی کۆنتان دووبارەدەکەنەوە ، ئەو مێژووەی بۆتە هۆی ململانێی مان و نەمانمان . لە کاتێکدا لەسایەی ئازادیدا بەبرسییەتی ( یەکێتی ) ئامادەبووین خۆمان بکوژین یا بۆ پارونانێك کۆیلەیەکی (پارتی) گوێ لە مستبین .

ئێوەی نەفام هیچ لەتەکنۆلۆژیای سەردەم فێرنەبوون . نازانن رادیۆیەکی ترانسستۆر بدەیتە دەست مەیمونێك لە سەرسامیا نازانێ چی لێبکات ، لەوە زیاتر بەزەویدا بکێشێ و وردوخاشی کات ! نازانن گەر ئازادیش بکەوتە دەست رێبەرانمان لەبەرابەریدا واقیان وردەمێنێ و نازانن چی لێبکەن، ئەوەنەبێ خۆمانی پێبکوژن، دەدەی ئەی داگیرکارە بەخشندەکانمان، بۆتەنیا جارێك بڵێن: کوردەکان بەسە ئیتر بیر لە ئۆتۆنۆمی ، فیدراڵی و کۆنفیدراڵی مەکەنەوە ، فەرموون ئێوە ئیتر ئازادن !!

بەڵام بەداخەوە ، دیارە نەتان زانیوە هیچ شتێك نییە ئێمە کۆیکاتەوە. کوردو کوردستان و ئازادی نەبێ ؛ ئێوە بەکوشتنی کورد وداگیرکردنی کوردستان و زەوت کردنی ئازادیمان دریژە بەداکۆکی کردن لە خۆمان و مانەوەمان دەدەن ، نازانن بەدەستهەڵگرتنتان لە کورد کوژی و بەکێشانەوەی لەشکرەکانتان لە کوردستان و بە ئازادبوونمان و بەهاتنەوەی پارتە خەباتگێڕەکانی هەندەرانمان هەموو ئەوشتانەی کۆماندەکاتەوە لەدەستمان

هەوارنامەی کتێب

دەچی و بەرگەی چەند ڕۆژێک ناگرین و ورەمان دەڕوخێ و بێبایەخ و تەمەن کورت دەبین !

داگیرکەرانی بەدەسەڵات و هێژامان ! ئێمە چەند هەزار ساڵە تۆقیو ، زراوڕژاو ، هەناوبەتاڵ ، جگەرسوتاو و دڵشەکەتی بنسێبەری ترسی ئێوەین ، دەخوێن و دەلەرزین ، دەلەرزین و دەخۆلین ! ئای کە ساویلکەن و نازانن تەنیا بەکێشانەوەی سێبەری ترستان و هەڵهاتنی خۆریڕەشی پارتە کانمان ؛ گەورە و گچکەمان توشی : دڵوەستان ، شێتی ، دەستە لێکوەشاندن ، پەت هەڵواسین ، لوتو گوێ بڕین ، سوتاندن ، ئەتککردنی یەکتری ، و زەرگوەشاندن و بەردکێشان بەسەری خۆمان دەبین و خۆکوژی دەکەین . ساویلکەن ئێوە ، ئەی هێژایانی بەدەسەڵات ، لە خۆتان ڕانابینن تەنیا جارێک بڵێن : فەرموون واکێشامانەوەو ئاغردەکەین و چیدی ترسی ئێمەتان نەبێ ، ئێوە ئیتر ئازادن !

ئەی داگیرکارانی بەشکۆمان ! ئێوە هیچ تاوانێک نەماوە دەرهەق بە کورد و کوردستان نەیکەن . تێناگەم بۆچی سڵ لەو تاوانە دەکەنەوە ؟ بۆچ دەترسن بڵێن : کوردەکان ها ئازادی ؟ ئێمە بەڕاستی لەسایەسەری حیزبە پێشڕەوەکانمانگەیشتووینەتەقۆناغێک ئیتر پێویستمان بەترس و تۆقاندنی ئێوە نییە ، پێویستیمان بەکیمیاوی و دەستبڕین و پیلانی ئێوە نییە ، تا گشت سنورێکی تاوان ببەزێنین ، ئەوەندەمان بەسە ئێوەی خاوەن دەسەڵات و هێژا دەستمان لێب کێشنەوە یا لەبەرمان هەڵبێن و بڵێن : کوردەکان ئێوە ئیدی ئازادن !

ئای لە خەیاڵپڵاوی و کورتبینیتان! گەرەکتانە بەرگێکی فارسی ، تورکی و عەرەبی مان بکەنە بەر ، هەی سەرا لە هۆش و گۆشتان ، کە نەزانن ، نازانن گەر بە رووتوقوتی ، ئازاد هەروەک مرۆڤ کە لە دایک دەبێ لێمان گەڕێن ، لەسایەسەری ساردو سڕی سەرکردەکانی سەردەمی بەستەڵەکمان ؛ بەرگەی باهوزی بە ئازادی لە دایکبوون ناگرین و رەقهەڵدێن ! ئێوەش ماندووبوونێکی زۆرتان بۆ دەگەڕێتەوە . دە پێ بنێنە جەرگتان و بێژن : کوردەکان ئێوە ئیدی ئازادن !

ئای ، داگیرکارانی بەستەزمانمان ! ناشێ ئێوەش قسەی ئەو فەیلەسوفە ترۆکراوەتان بەرگوێ کەوتبێ ، کە فەرموویەتی «گەلێک گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە خۆشی ئازادنییە» رێگەی ئەوەتان لە خۆتان کوێر کردبێتەوە : باسی ئازادی بکەن ! مخابن سەد جار مخابن ئەو فەلسەفە ترۆیە نەبوایە ، بەهاسانی و لە چاوچوقانێکدا کۆتاییتان پێدێنایین؟!و

ئەو حەلە ئاماتجی ستراتیژی پارتە ناپێشرەوەکانی کوردستانیش دەهاتە دی !!



هەواڵنامەی کتێب

شۆڕش سەعید

# ئەو نووسراوەی لەکاتی خۆیدا بڵاونەکراوە !

ئەم نووسینە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیارەو، بەر لەساڵێك نووسراوە. ئەوساکەو ئێستاش دەکرێت دوورودرێژتر وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. گرنگترین هۆی نەنجامدنەدانی ئەم کارە کەم دەرفەتی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانە. ئەمە نووسینی یەکەمم نییە لەبارەی ڕاپەڕینـ ـەوە، بەڵام یەکەمینیانە کە بڵاودەکرێتەوە. لەکاتی خۆیدا ئەم نووسینە بۆ ـ ڕێگای کوردستان ـ نێردراوە. بەڵام گویە لەبەر ئەوەی لە مانگی ئازار نەگەیشتبوو، بڵاویان نەکردبوەوە، وادیارە تەنیا دەبێ لەمانگی ئازاردا باسی ڕاپەڕین بکەین، ئەم حسێبە بەهاریانە ڕەنگە بو کەنگروکاردی خراپ نەبێ .... هتد. نووسەر

ڕۆژانی بەر لە ڕاپەڕین ڕۆژانی بێهیوایی و ڕەشبینی ورووخانی باوەڕی جەماوەر بوو بەتێکڕایی هێزە سیاسیەکان. ئەو هێزانەی کەتا شەکەت ببوون لێکیان کوشتبوو، خوێنی ڕۆڵەی ئازا و دلێری گەلی کوردستانیان بەفیڕۆ دابوو، بەناوی پاوانکاری و ناوەچێتی و شێوە دیکتاتۆریەتێکی دەسەڵات و هەڵەی سیاسی و لایەنگیری بێبنج و بنەوانی ئەملاو ئەولا .... بۆیە کۆمەڵێك کۆڕپە « بەرۆکە »ی سیاسی لەبارچوو بوون ـ چونکە ئەو بەرانە نەبوون کە دەبوایە بێنەکایەوە ـ دوای ئەم هەموو مەرگەساتە لەرابووردە وەختێکدا بەرەی کوردستانی ـ عێراق دامەزرا، کە لەراستیدا ڕێککەوتنێکی کاتی نێوان ینك و پدك بوو بۆ شەڕ ڕاگرتن و ڕاگرتنی دڵی لایەنەکانیشی دیکەش کە لەخوڵگەی ئەم دووهێزە دابوون .... هەنگاوێك بوو لەجغزی پڕوپاگەندە کردن و بەس، نەشدەکرا لەلایەن حیزبەکانی تر بەرەیەکی وا ڕەتبکرێتەوە. لەبەر

ئەوەی ، یەکەم: رەتکردنەوەی بەرەیەکی وا ، هەڵوێستێکی نامەبدەئیانەیە . دووەم: ئەو هێزەیان نەبوو بەرەیەکی هاوتای ئەو بەرەیە لەهێز و جەماوەر بۆخۆیان قوت بکەنەوە ، و لانیکەمیش لە راوەڕاوی شەڕی براکوژی دەپاراستن .

سەرەڕای هەموو ئەمانەش کە بەرە زادەی ئەوبیوسنورەکان و لە وەختێکی وادا دروستبوو نەیدەتوانی شتێك بۆ چارەکردنی دۆزەکە بکات . . . . بەلام تەنانەت برانەوەی شەڕی براکوژی بەدوو سێ ساڵ بەرلە راپەڕین ، لە رۆژی راپەڕین بویە بە هێزێکی مینۆکی = مەعنەوی پۆلایین .

دەبێ لەبیرمان بێ خەڵکی عێراق و کوردستان کۆمەڵێك تاقیکردنەوەیان لە سەر راپەڕین هەیە و سەرنەکەوتنی زۆربەی راپەڕینەکان بووە بە جامی کارەسات و بەسەرسەری خەڵکدا قلپ بۆتەوە ، بەلام ناوی بەرە بووە ئومێدێك کە ئەمجارەیان رەنج بەخەسارنەبن و برینەکانی رابردوو تیمار بکەنەوە ، چونکە جەماوەری راپەڕیو هەمووشتەکانی وەك گوێزی پاك لەناوچنگی بەرە نا ، لەبەر ئەوەی نەدەتوانرا حیزبێکی جەماوەری دروستبکرێ .... کۆمەڵێك هەولوتەقەلای بێهودە درا و ئەنجامیان نەبوو .

سەدحەیف و سەدمخابن هەرپینەو پەرۆیەکی بۆ راگرتنی شەڕی براکوژی کرابوو هەڵوەشایەوە و ئەمجارەیان بەزیادەوە نەهەر بەناوی بەرەو حکومەت نەك لە چیاوچۆل بەڵکو لەبەردەمی جەماوەروکامێرای رۆژنامەنووسانی بیانیدا دەستیان بەئەتککردنی یەکترکرد، ئەنفالەکان ، بارزانییەکان و کیمیاباران و هەڵەبجە و تەعریب = بەعەرەبکردن و تەبعیس = بەبەعسی کردن هەرچی هەبوو لەبیر کرا ، چارێکیش نەما نەگێردرێتەبەر بۆ چاکردنی دۆزەکە و سەری نەگرت .

ئاورێك لە رۆژانی بەر لە راپەڕین بدەینەوە و سەرنجبدەین ؛ چی توانرا بکرێ لەوەی کەدەبوایە ئەنجامبدرێت ؟ پرسیارەکان هەمگیر و گشتگرن، هەربۆیەشە بۆ وەلامدانەوەیان پێویستە کەمێ بگەڕێینەوە بۆ رۆژانی بەر لە راپەڕین.

بەتایبەتی ئەو ماوەیەی کەهێزەهاوپە- یمانەکان بەسەرۆکایەتی وفیتی ئەمریکا لەکوێت دەستیان لە هێزەکانی عێراق وەشاندو لەناوەوەی عێراق لە هەرچی دامەزراوێکی گرنگی ئابووری و سەربازی عێراق هەبو نەسلەمینەوە و خاپوریانکرد ، ئەمە بەبێئەوەی « بە شێوەیەکی زۆر کەم و بەهەڵەنەبێ » دەست بۆ خەڵکی سڤیل= دانیشتووان = مەدەنی بێنن .

لەراستیدا ئەم رووداوە ئەو موعجیزەیە بوو کەخەڵکی عێراق بەگشتی چاوەڕێیان دەکرد ، دوور لەهەموو لێکدانەوەیەکی سیاسیانە، چونکەگەل لەرێگای رێکخراوی سیاسی و پیشەییەوە ؛ دەتوانێ بیر و هەڵوێستە شۆڕشگێرەکانی بەشێوەیەکی راست و دروست دەرببڕێ ، رێکخراوە کانیش بەو شێوەیەبون کە هەموومان

دەیزانین .

ئەز لەو باوەڕدام خەڵك ئەوەیان دەزانی کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکان نە دۆستی گەلی کوێتن نەهی عێراق ، بەڵام ئەو رقەی لە رژێمی درندەی عێراقییان هەڵگرتبو زۆر زۆر زیاتر بوو لەوەی بەرابەر بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکان .

بەهەر حاڵ ئەمە بارێك یا دەرفەتێك بوو هاتە پێش و بۆیە هەرلەگەڵ یەکەم تەقە راپەڕین عێراقی داگرت .لەراستیشدا ئەو هێزەی کە دەبوایە داکۆکی لەدارو دەستەی رژێم بکات - سوپای عێراق - بەزی ، مانوو ، و سەرلێشێواو بوو ، بەتایبەتی لە ناوچەکانی خوارووی عێراق و نێزیك کوێت زیاتر هەست بە کارەساتەکە دەکرا . دە بێ ئەو راستییەش بزانین ؛ پیاوەکانی رژێم لەناوەوەی شارەکان وەك « منظومە ، فرقە حیزبییەکان و جەیشی ناشەعبی .... هتد » ئەگەر لە رژێمیش بێزار نەبووین ، ئەو هێزەکاریگەرە نەبوون بەتەنیا بتوانن بەرپەرچی راپەڕینێکی زۆر زۆر لەمەش بچوکتر بدەنەوە ، چ جای راپەڕینێکی وا گەورە و جەماوەری کە لە هەندێ ناوچە سەربازگەکانیشی بەتواکەوت یا بەو شێوەی رژێم دەیویست ئەم هێزانە لە راپەڕینیان نەدا ، سوپا زۆر ئاشکرا هەستی بە روشانی شەرەف و کەرامەتی سەربازی دەکرد ... دوای ئەوەی هەزاران نەفەری لەشەڕی کوردستان ، ئێران وکوێت لێکوژرابوو ، ئێستاش دەبوایە بکەونە سەر دەست و پێیی سەربازەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی و لەشەقامەکانی کوردستان سواڵ بکەن . هۆیەکی هەرە گرنگی ئەمەش لاوازی و بێهێزی ئۆپۆزیسیون بوو بەتایبەتی لە بەرنامە دانان لەبۆ رێنومایی راپەڕینەکەو سەرکردایەتی کردنی و پەلەکردن لە گوێزانەوەی راپەڕین بۆناو شاری بەغدا بەشێوەیەکی فرەوان ... هەمووکەسی لەدڵی خۆیدا راپەڕیبوو ، بەڵام بێتوانایی بزوتنەوەکە و حیزبە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان ، تەنانەت دوای راپەڕینیش نەیانتوانی هیچ شیتێك بکەن یان هەر هیچ نەبێ دەستکەوتەکانی خەڵك بپارێزن .

باوەڕنەبوون بەدیمۆکراسییەتی کێشەی گەل و نیشتمانی کوردستان وچارەسەرێکی دیمۆکراتیانەی ، وایکرد راپەڕینی خەڵکی کوردستان لەزۆر ڕووەوە لەراپەڕینی خوارووی عێراق جیا بێ و راپەڕینی کوردستانیش نەبێتە پاڵپشتی راپەڕینەکەیان ، چونکە ئەوانیش رژێمێکی لەرژێمەکەی - سەدام حوسێن -ی فاشی باشتر نەدەبوون ، کەواتە ئەم بارەی ئیمرۆی کوردستان دەبووە حەسرەتێکی گەورە لەسەر دڵی مێژووی خەباتی خەڵکی کورد ، هەرچەندە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەسەر هەموو گەلی کوردەوە بوو ، بەڵام تا چەوساندنە- وەی نەتەوایەتیش ئازارەکەی بەسەر خەڵکی زەحمەتکێش زیاترو دیارترە.بۆیە خەڵك تا ماوەیەکی درێژ بەکولەمەرگی دەژی و خۆی لە شەڕی دەسەڵاتێك دەپارێزێ کە بە ئارەزوی خۆی راپەڕینی

بۆکرنووه و خۆی هێناویەتی و بەهی خۆی دەزانێ ، خەڵك دەیەوێ دەسەڵاتێکی کوردی بەهێز دروستبێ ، پێی زۆر باشترە لەهەر رژێمێك کە فەرمانڕەوایی عێراق بگرێتە دەست .

## هەولێر ماوەیەکی کەم بەر لە ڕاپەڕین

مانگی شوباتی ۹۱ مقۆمقۆی چالاکی و نووسین لەسەر دیوارەکان و لافیتە هەڵواسین و شێواندنی وێنە گەورەکانی سەددام رۆژ بە رۆژ پتر دەبوو . . . . بڵاوکراوەش لەبندەرگەو سەردیوارەکانەوە ئاودیوی ماڵان دەکرا ، کار گەیشتە ئەوەی شەوانە باسی راپەڕینی خواروی عێراق لە ئێستگە جیهانییەکان بەرگوێی خەڵك دەکەوت . سەرەتای مانگی ئازار بوو یەکەم هەوڵدان بۆخۆپیشاندان بەئامانجی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر پیادەکرا ،هەر چەندە کەلەسعاتێك پتری نەخایاندو ماوەی سێ کیلۆمەترێك رۆیشت ، بەڵام موژدەیەکی گەورەبوو بۆ خەڵك و ئامادەکردنیان ، ئەگەر هێندێ کەموکوڕی نەبوایە بۆی هەبوو تەشەنەبکات ، جگەلەمە چەند هەولێکی ناسەرکەوتو لە گەڕەکەکانی تەیراوە و کورانی لای ئازادی درا ، لەبەر نەبوونی سەرکردایەتی سیاسی یا زۆر بێهێزی ناکامڵ بوون . بەڵام لە بیرمان نەچێ لەمەبەدواوە چپەچپی راپەڕین کەوتە ناوخەڵکەوە بەتایبەتی کەراپەڕین خەڵکی حاجیاوا ،رانیە،سلێمانی،دووکان، سمود ، کۆیە ، رەواندز و شەقلاوەی گرتەوە .

ئێوارەی ۱۹۹۱/۳/۹ کۆبونەوەیەکی بەپەلە سازکرا و هەرزوش بڵاوەی لێکرا ، هەر ئەو شەوە ئاگادارکرام کەرۆژی ۹۱/۳/۱۱ رۆژی لێدانی مۆڵگەکانی رژێمە . دەبوو لەماڵەوەبم و ئامادەی راپەڕاندنی هەر کارێك بم کە پێم دەسپێردرێت .

پاشنیوەرۆ لە تیدەرگەوە داوای ئەمانەتێکی کە لەلام دانرابوو کرا ، وتیشیان دواتر بەدواتدا دێینەوە . هەر ئەو ئێوارەیە پێیان راگەیاندم چەك کەمەو بەشی نەکردووە ، بۆیە دەبێ لەگەڕان و پێوەندی کردن بەخەڵکەوە بەردەوام بم و تا لە توانادایە بە ئاشکرا خەڵك ئاگاداربکرێنەوە .

لە ئێوارەوە تا نیوەشەو لەکەش و هەوایەکی کشوماتی تاریکدا پەیوەندی بەخەڵکێکی زۆرەوە کرا ، کەگومان لەوەدا نییە بەیانی لەهەمولایەکەوە لەمۆڵگەکانی رژێم دەردرێت و کەس دەستنەپارێزی ، بەراگەیاندنی لێبوردنی گشتی پێشوەخت زۆربەی چەکدارەکان - جاش - دایانە پاڵ راپەڕین و پۆلیس بەرگرییەکی وای نەکردو جەماوەر بەچەك و بێچەك هێرشی بۆسەرمۆڵگەکانی رژێم دەبرد ، پاشنیوەرۆی ۱۹۹۱/۳/۱۱ هەولێر بەتەواوی ئازادکرا ، بەتایبەتی دوای گرتنی سەربازگەو - منظمە -ی سەرڕێگای کەرکوك .

**ئەو توێژ و چینانەی بەشداری راپەڕینیان کرد**

بەر لەهەر چین و توێژێك هەر حیزب و کەسایەتییەك، زۆرداری و خوێنرێژی رژێم و خوێڕییەتی و بەدڕەوشتی پیاوەکانی و ئەو گیانبازییەگەورە = مغامرة ، یەی بە گەلی عێراقیان کرد + ئەو چەوساندنەوە لە رادەبەدەرە و برسیتییەی رۆژانە خەڵکی دەیچەشت جگە لە زۆرهۆکاری تایبەتمەند لەخوارووی عێراق یا هۆکارە نەتەوەتییەکان کە لە کوردستاندا هەبوون ، ئاگری هەموو ئەم زوڵم وزۆرە ، بەر لەهەرچین وتوێژێك خەڵکی زەحمەتکێشی پێدەسوتا ، بۆیە ئەوان بەرژەوەندی زیاتریان لە راپەڕیندا هەبوو ... زۆربەی زۆری ئەو هێزانەش کە بەشداری راستەوخۆیان لە راپەڕیندا کرد ، خەڵکی زەحمەتکێش بوون سەرچاوەی سەرەکی یان زۆربەی هێزی راپەڕین بوون ، دەشتوانرێت هۆکارە چینایەتی و نەتەوایەتی و ئایینییەکان زۆر بەئاشکرا لێك جیابکرێنەوە، بەڵام خوێنرێژی سەددام هەمووی لەگەڵ یەکدا لەدژی خۆی کۆکردبوونەوە . بەرەی کوردستانی- عێراق ،هێزێکی بەرچاوبو تەنیا ناوەکەی و ئەو برە کارە بەرەییانەی لە سەرەتادا کردیان بووە دەستێکی پۆلایین بۆ لێدانی رژێم .

هەڵبەتە بانگەشەی لێبوردنی گشتی بۆ جاشەکان ، لەلایەن نازانم بەرەی کوردستانییەوەبوو یان تەنیا پارتی و یەکێتی کردیان ، رۆڵی خۆی بینی ،هێزی پێشمەرگە کەم بوبێ یا زۆر فتیلی سەرەکی تەقینەوەکە بوو . لاوان : واتە هەزاران هەڵاتووی سەربازی و قوتابیان و خەڵکی کاسبکار دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری هێزەچەکدارەکانی ناو شارەکان- جاش ، پۆلیس ، جەیشی ناشەعبی - و خەڵکێکی زۆر کە بەهەر بۆنەیەکەوە بووبێ چەکداربوون ، بەشدارییەکی راستەو خۆیان لەراپەڕین کردو نەبوونە رێگر لەبەردەم تەشەنەکردنی هێزەکانی کۆمەلانی خەڵك . زۆربەی هەرەزۆری راپەڕیوان لەسەرەتا یەکدەست و یەکدڵ بوون کەس تاقەتی ئەوەی نەبوو ناوی حیزبەکان بێنێ ، راستە بەردەم بارەگاکان جمەیان دەهات، بەلام زۆربەی بەمەبەستی ناحیزبی لەوناوە کۆدەبوونەوە ، هێندەی نەبرد هەست بەوە دەکرا کە ینک و پدک راکێش راکێشی ئەوەیانە جەماوەر بۆخۆیان بەکێش بکەن .

نمونەی کەسایەتییەکان و رۆڵیان لە راپەڕین و ، بەر لەراپەڕینیش زۆرە ، گەلێك کەسایەتی دیمۆکراتخوازو نیشتمانپەروەر ماڵەکانیان مینبەرێکی ئەمینی گفتوگۆی دووروردرێژ بوو ( لەکاتی خۆیدا و لەنووسینی دیکەدا بەدرێژی باسیان لێدەکەین) ، ئەم کەسایەتیانە لە چین و توێژی جیاجیا بوون ، کرێکار ، جوتیار ، لە ئاوەندەکانی نووسەران و مامۆستایان ، هونەرمەندان و زانکۆیی ... هتد ، کەدەمێك بوو لە دانیشتنە تایبەتی وکۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و پیشەنگەکانیان بەشداریان لەئامادەکردنی بیرو هۆشی جەماوەردا دەکرد بۆ بەرگری کردنی رژێم ، بۆنموونە : یەکێتی

نووسەران لە ٢١/٣/٩١ لە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوان و بەپەلەدا یەکێتی نووسەرانی سەردەمی رژێمیان هەڵوەشاندەوە ، ئەدەب و هونەر چالاکی بەرچاویان هەبوو ... دەبێ لە بیریشمان نەچێ هونەرمەندان شەهیدیشیان دا .

## دیمەنی شار دوایی راپەرین

جگە لەوەی داروودەستەی رژێمی فاشی راونران و دیمەنی « موشتەرەکە » مەفرەزە تایبەتییەکان نەمان ، هیچ دیمەنێکی جوان و خۆشییەکی دیکەی تێدا نەبوو . رۆژانی پەشێوی و پڕ لە ماندووبوون و سەختی ژیان بوو ، نەبوونی بازاڕو پێداویستییەکانی رۆژانەی مرۆڤ بوو . نەبونی هۆکانی هاتوچۆ بوو بەگشتی و ئەو پاسانەی هاتوچۆی گەڕەکانیان دەکرد بەتایبەتی ، ئەمەش لەبەرنەبوون یا گرانی نرخی گازو بەنزین . نەبوونی خزمەتگوزاری شارەوانی و پاك و خاوێنی ناو شار و گەڕەکەکان و ئاووکارەبا کە سەرچاوەیەکی رووناکی وخۆگەرمکردنەوە بوون . هەموو فەرمانگە و دامەزراوە دەوڵەتییەکان تالان کرابوون . هەرچی دەکۆمێنتی هەبورژابووە سەرشەقامەکان ... سەرەڕای هەموو ئەمانەش دیاردەیەکی دزێو کە پاشماوەی سەردەمی رژێم بوو ، و جاش و موستەشارەکان بۆ دزینی گوللە و تەقەمەنی بەکاریان دێنا ، ئەوەش ناوی نرابوو - تەقەی خۆشی - ، بەجۆرێك پەرەیسەند کە لە جەنگی گەورەی یەك رۆژێدا ئەوەندە تەقەنەدەکرا ، جگەلەوەی گوللەیەکی زۆر بەفیڕۆدەدرا ... ئەوا دوای هەر تەقەیەکی خۆشی بەدەیان کەسی کوژراوو بریندار دەکەوتنە خەستەخانەکان ، کە ئەمەش پێویستی بەداوو دەرمان و کەرەستەیەکی باش دەکرد ، بێگومان ئەمەش ئەنجامێکی کێبەرکێی نێوان دووحیزبەکە بوو، واتە پارتی ویەکێتی .

خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی سەری لێشێوابوو . سەرەتا بادەی ئازادی سەرمەستی کردبوون ، بەڵام هەر زوو لەوەیان دەپرسی : ئەمە ئازادییە یان تالان و برۆ و دزی ؟ ماوەیەکی باش دەرگای فەرمانگەو فێرگەکان داخران . بەسەدان یان هەزاران سەربازی بێخان و ماڵ لەسەرما و لەبرسا هەڵدەلەرزین ، پێخاوس ، نەخۆش و سواڵکەریش لە نێویاندا بەرچاو دەکەوتن ، چەند خێرخوازێك لە مزگەوتەکان داڵدەیان دان و حەواندنیانەوە ، پارەوپول ، خۆراك و پێخەفیان بۆدابینکردن ، تابۆ وڵاتی خۆیان رەوانکرانەوە و یان هەر بەپێ گەڕانەوە .

هەرلەوسەردەمە بەتایبەتی شەوێك بەر لە کۆچرەوەکەی هەولێر ، واتە ١٩٩١/٣/٣١ ، چەند تاقم و دەستەیەك پەیدابون تەقەیان لە خەڵك دەکرد ، بەتایبەتی لەشوێنەدوورەدەستەکان ، ئەوانە بە ئۆتۆمۆبێل رایان دەکرد و خۆیان دەشاردەوە . گۆیە پیاوخراپ بوون و بە کەس دەستگیرنەدەکران ، هەرچەندە لولەی تفەنگ خەریکبوو چاوان کوێربکات .

ئەمە بەکورتی ژیانی رۆژانەی خەڵکی

هەوارنامەی کتێب

ناوەشارەكان ، بەڵام ژیانی حیزبایەتی بە هیچ جۆرێك نەبوو كەس لە كەسی نەدەپرسی ، بە سەدان و هەزاران خەڵك لە بەردەرگای بارەگاكان ڕۆژانە تێكدەڤژان كەس نەبوو كۆیان بكاتەوە ، كەس نەیدەزانی چارەی ئەم بارەچییە . جگە لە كۆبوونەوەی سەرپێی شتێكی تر لە ئارادانەبوو . دیاردەی چەكداری لەڕادەبەدەر بێتام بوو ، نەتوانرا خێرا دەستبەسەر شوێنە گرنگەكان دابگیرێ كە خۆراك ، داوودەرمان ، تەقەمەنی و كەلوپەل و ئۆتۆمۆبێل ، تەراكتۆر ، شەڤەڵ ... هتد بپارێزرێن . لەنێوان پێشمەرگەو رێكخستنەكان بەشێوەیەكی زۆركەم نەبێ هیچ جۆرە پلانێك لە ئارادا نەبوو ، ماوەیەكی باش بیر لەوەنەدەكرایەوە چەند پاسەوانێك بۆ بارەگای حیزب دابندرێت ، چەند كەسێك بانگەكراو شەو خۆیان دەدزییەوەو كەس لێینەدەپرسینەوە . من خۆم چەند شەوێك لەگەڵ یەك دوو هاورێ كەپێشتر پێوەندیـمان بەیەكەوە بوو پاسەوانی بارەگای حیزبەكەی خۆمانمان دەكرد ، لەگەڵ ئەوەشدا كە بارەگە هەروا خاڵی نەبوو زۆر شتی تێدابوو . ئەو بێسەروبەرییە و خێرا دەست بەپشكنینی وورد نەكردن ، بەدوای پیاوخراپاندا ، و چەندان ئەمن و ئەندامانی بەعس و پیاوخراپ بەهۆی خەڵكەوە لەناو بازاڕو گەڕەكان ئاشكرا دەكران ودەگیران . ڕۆژی ١٤/٣/١٩٩٢ چەند بەعسییەك لەهۆلی میدیا بەهۆی منالێكەوە ئاشكرابوون وهاورێیەكیشیان شەهیدكرد .. هتد

وەك پێشتر باسی لێوەكرا ، دامەزراو و سیخوڕەكانی ئەمن و موخابەرات و رێكخراوی حیزبی فاشی و یەكەسەربازییەكان بەرگریان دەكرد ، لەتەك ئەوانە ئەفسەرەگەورەكانی نێو سوپا لەوانە بوون بەرژەوەندییان لەمانەوەی باروبۆخەكەدا هەبوو ، ئەوانە سەرچاوەی ئازار و ئەشكنجەی خەڵك بوون . ئازارەرۆژانەییەكان وەك : برسییەتی و سەربازی ... هتد ، كەمتر نەبوون لە بەرتیل وەرگرتن و ئیمتیازاتی زۆر ، ئەوەندەشیان تاڵی بە گەرووی خەڵكدا كردبوو ، نەدەكرا وا بە ئاسانی چەك دابنێن و بەرگری نەكەن ... بەتایبەتی دایەرەی ئەمن و رێكخستنەكانی = منظومە ، حیزبییەكانی بەعسی فاشی . بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ كەبەشێكی زۆری ئەمن و ئەندامانی حیزبی فاشی و موخابەرات و سوپاش كە لەناو شارەكاندا دەژیان كوردبوون ، دایانە پاڵ جەماوەر و رایان نەكرد و لە پاشدا هەندێكیشیان لوسوپاریك بۆباوەشی ڕژێم تێیانتەقاندەوە .

ناكرێ باسی ئەو كۆسپ و تەگەرانە نەكرێ كە لە رێگای راپەڕیواندا بوون ، لێرەدا تەنیا دەتوانرێ باسی هەندێكیان بكەم ، هەر ئەمانەش بەرسڤی ئەو پرسیارەن : هۆیەكانی سەرنەكەوتنی راپەڕین چی بوون ؟

نەبوونی هێزێكی بەرەیی پتەو، بەتایبەتی دوای رزگاركردنی هەولێر ، كە بتوانێ باری ناوشار دابمەزرێنێتەوە ، بەتایبەتی لە هێرشەكانیان بۆ سەر كەركووك و

هەندێ لە ناوچەکانی نەینەوا = موسڵ ، جڵەوی ئەو لەشکرەی ڕاپەڕین بگرێتە دەست و پێشرەویان بکات ، سنوردانان بۆ دیارەدەی چەکداری و لێك جیاکردنەوەی چەکدارو پێشمەرگە و جەنگاوەر لەگەڵ خەڵکی دیکە ، چونکە ئەمانەی دوایی بۆ دەستکەوت و تاڵان خۆیان تەیار کردبوو ، لەگەڵ یەکەم تەقە پشتی هێزی جەنگاوەریان بەردەدا . لەبەر ئەوە ئەو هێزە جەنگاوەرە زۆر جار بەو حەشاماتە چەکدارەی لەپشتییەوە بوو هەڵدەخەڵەتا و لەدیارکردنی یان هەڵسەنگاندنی تواناکانیدا بەهەڵەدا دەچوو ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆهۆی نەبوونی ڕێکخراوێکی حیزبی پتەوو بەرفرەوان و بیری بەڕێوەبەرایەتی و دەوڵەتی .

هەندێ سەرکردەی حیزبە کوردییەکان سنوریان بۆ ڕاپەڕین دانا ، داوایان لە هێزەکانیان کرد دوای ڕزگارکردنی کەرکوك بوەستن ، لە هەڵوێستی هێرش بردن کەوتنە سەر هەڵوێستی داکۆکی کردن ، بەوەش لەلایەك کەرکووکیان لەدەستدا و لەلایەکی دیکەوە بوونە ڕێگر لەبەردەمی تەشەکردنی ڕاپەڕین بۆ پارێزگاکانی سەلاحەدین ، دیالا ، بەغدا و نەینەوا ، هەرچەندە لەو شارانە خەڵك ئامادەبوون بەلام پێویستیان بە یارمەتی و بەدەنگە چوون هەبوو .

لەسەرەتادا هاوپەیمانەکان وایان جاڕدا کە سەددام و تاقمەکەی - تاوانباری شەڕن - و زۆر پروپاگەندەی لەم بابەتەیان بڵاوکردەوە ، بۆیە جەماوەریش بەدەستێکی پۆڵایین و بێترس لەڕژێمیان دەسرەواند . بەڵام کە دیتیان جەماوەر جڵەوی ڕاپەڕین و لێدانی ڕژێمی گرتەدەست و دەست لەسەددام یش دەوەشێنن و - کە لەراستیدا ئەمە نیازی ڕاستەقینەی هێزە هاوپەیمانەکان نەبوو ، بێگومان نەك لەبەر چاوی ڕەشی سەددام ، بەڵکە لەبەر گەلێ هۆوهۆکاری دیکە - مەبەستی سەرەکی خەڵکی لێدانی داروودەستەی ڕژێمە ، ئەم دوو مەبەستەش لەگەڵ یەك ناکۆك بوون ، بۆیە دوای ئەوەی ڕاپەڕین لەپارێزگەی بابل بەرەو - مەحمودیە - هەڵکشا و ترس لەسەر بەغدا پەیدا بوو ، هاوپەیمانەکان ڕێگەیان بەسەددامدا هێزەکانی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕیوان بەکاربێنێ و دیارە ڕژێم بە هێلیکۆپتەر کەوتە گیانی ڕاپەڕین و ، لە دوایشدا هێرشی کردە سەر کوردستان ، ئەوەبوو کەس نەبووە برای کەس .

ئاشکرایە کە ڕاپەڕین لەیەك کاتدا هەموو شارەکانی نەگرتەوە ، بەڵکە بەزنجیرە ، هەر شارەی چاوەڕێی هێزی شارەکانی تری دەکرد بەدەنگییەوە بچن ، چونکە دیارکردنی کات و ساتی ڕاپەڕین کارێکی زۆری بەسەر لاسەنگکردنی پارسەنگی هێزەکانەوە هەیە ... ڕەنگە ئەم کارە بە ڕۆژ یان بە سەعات کاریگەری لەسەر چارەنووسی هەر ڕاپەڕینێك هەبێ .

دەستتێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکەش هەریەکەی بەشێوەیەك ، بەتایبەتی کە

رزگارکردنی کوردستان و پاککردنـەوەی مەسەلەیەکی زەق وبنەڕەتی بوو بۆ شێتگیری دەوڵەتانی-ئێران ،تورکیا،سوریا - ناوچەکە ، هۆکەشی دیارە و پێویست بەدرێژەپێدانی ئەم باسە ناکات .

دواین خاڵی لاوازی راپەڕین ئەوەبوو؛ کەهێزەسەربازییەکانی عێراق بـەتایبەتی لە بەغدا و دەوروبەری بەغـدا هـیـچ چالاکییەکیان لە راپەڕیندا نەنواند . لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری هێزی تایبەتی و پەروەردەکراوی تایبەتی بوون .

دوای جەنگی عێراق - ئێران زەمینەیەکی بابەتی بـۆلیـدانی رژێم ئارابوو ، بەڵام زەمینەی زاتی هێشتا زۆر لاوازبوو ، بەرنامەیەکی سیاسی ومیدیایی رێکوپێك نەبوو تا سەرکردایەتی ئەگەری راپەڕینێکی وا بکات ، لەلایەك و ئالای بە تـوانـای پرۆسە زاتیەکە هێوێـنی بارو دۆزەکە بـکا . کۆمەڵێك کۆبوونەوەو کـۆنگرە وا دیاربوو دادی نەدەدا و زۆربەی حیزب و گروپە سیاسیەکان ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە بوون ، رەگێکی ئەوتۆیان لەناوەوەی وڵاتدا نەبوو بەتایبەتی چەپ کە گیروگرفتیـکی زۆری دەخرایە بەردەم بۆ پوکاندنەوەی رۆڵیان ، خۆشیان هێزیـکی جەماوەری وایان شك نەدەبرد بیکەنە بنەمای پیـادەکردنـی بەرنامەکانیان و ، بۆیە بەرلە دروستـبوونـی هێزیکی وا بۆسەرکردایەتی کردنی پـرۆسـە شۆرشگێڕییەکە هاوپەیمانەکان ئـەم دەورە یان لەباربرد ، هەر ئەوەبوو کەشتێك بوو هاتبووە پێشەوە وجەماوەر هەڵەکەی قۆزتەوە ، بەمانایەکی تر بەرلەگەیشتنی و بەپەلەدەست لەرژێم وەشێنرا ، بـەڵام کەزانرا جەماوەر لەتوانای دایە بەغداش بگرێ ، خیانەتێکی ئاشکرایان لەخەڵـکی عێراق کردو دەستی جەللادەکانی رژێـمیان بەردا ، بەتایبەتی بـو سەر شیعەکانی خوارووی عێراق ، بەڵام دوای ئـەوەی بەرکولیـکی چاکیان دەرخواردی جەماوەری کوردستاندا ، ئینجا گەلی کورد بەبڕیارو دیارکردنی هێـلی ٣٦ لەدەستدرێـژی رژێم پارێـزرا ، دیارکردنی هێلێکی وا لـە خوارووی عێراق دواخرا ،بێگومان چونکێ راپەڕینەکەیان وەك بزوتنەوەیەکی شیعەگەری خۆی دەنواند ، دیارە رێـگەی ئەوەیان نـەدان تاقیکردنەوەی ئێران دووبارەببێتـەوە .

وەك ئاشکرایە لەپێشەوەی ئەرکـەکانی دوای ئەم قۆناغانەی باسکران دەبـوایە خۆئامادەبکرێت بۆئەم قۆناغەی هۆکارە- کانی مانەوەی رژێمیان تێدا لەناودەچێ ، بەتایبەتی لابردنی ئابلوقەی ئابوری و دامەزراندنی بەرەیەکی سیاسی بۆ یەکخستنی جەماوەروسەرکردایەتی کردنی و ئاگادارکردنەوەیان لەهەر یارییەکی سیاسـی لابردنی سەددام و هێـنانی یەکێـکی دیکە ، بەپێچەوانەوە لایەنەکان کەوتنە هەوڵـدان بۆلەبارچواندنی ئەو دۆزەی کوردستان و شەڕی ناوخۆ و تەشەنەکردنی ئەو شـەڕە رۆژی راپەڕینیان بەو رۆژەگەیاند کە لـە هەموولایەك ئاشکرایە .



شێرکۆ کۆیی

# بێدەنگییەکی ترسناک لەئاست تاوانێکی مەزن!

هەواڵنامەی کتێب

لەڕۆژانی شکست و نوچدانەگەورەکاندا پێنووسی هەرە لاوازترین نووسەرانی گەلانی جیهان ئاگری کەرامەتی مرۆڤایەتیان گڵپە دەکات، و بەڕووی شکست و نوچدان و گەوزینی نێوزەلکاودا دەتەقنەوە. دەستدەنێنە بنبالی نەتەوە، چین، جەماوەر و لە ئاسمانی هەزار بە هەزاری هەلداشتن گلیان دەدەنەوە سەر ڕێی شەرەفمەندی و بەرەو لوتکەی سەرفرازیان بەرز دەکەنەوە.

ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو بێدەنگییەکی ترسناک نووسەر و نووسینی کوردیان خەساندووە و نوزەیان لەبەر بڕیوە، لە چەند دەنگێکی پەراگەندە بەولاوە، کە جارناجارێ لەملاولەولادا بەرزدەبنەوە، شتێکی تر گوێی جەماوەری کوردستانی نەزرنیگاندۆتەوە. پەنجا ساڵە بەگشتی و پێنج ساڵیشە بەتایبەتی پێنووسی نووسەرانی کورد بە هەموو شێوەکانی دەربڕین و داڕێژتنەوە، خەریکی شەڕی لابەلای خۆیەخۆیی و ڕووداوی ئەوتۆن کە بەهیچ جۆرێك ناچنە خانەی ڕووداوی مێژووییەوە! جغزێکی هێند تەنگژەیان بەدەوری خۆدا کێشاوە، بێبەشی کردوون لە بیرکردنەوە و تخونکەوتنی تخوبی دەیان بابەتی گرنگ، کە پێویستیان بەوەیە

نووسەری کورد لایان لێبکاتەوە .

شکست و نوچدان و گەراقویی پێنووسی کورد بە تایبەتی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ، بەشێوەیەکی وا ترسناك و تۆقینەرە ، لە بەردەم رووداوەکاندا حەپەساوە .

جەماوەری بەرفرەوان خەریکە بیریان بچێتەوە لەم جیهانە پانوبەرینەدا شتێك هەیە پێیدەوترێت .... رۆژنامە ، گۆڤار ، بلاوکراوە .... وشە و هەلوێست ئەو دوو هێزە ئەفسانییەی هەردەم مرۆڤیان بەخۆوە خەریك کردووە بە شێوەیەکی سەرپێیانەو سەرەرۆ لایان لێدەکرێتەوە.

دوو بریاری رامیاری هەرەگەورەی ئەم چەند ساڵە : لێستنەوەی بەردە رەشەی فاشییەت (سەددام ) لەلایەن سەرانی بەرەی کوردستانی - عێراق ، دواتریش بریاری دوو لایەنەی - بوونە سووری بەرلەشکری عەجەم و عەرەب - لە لایەن هەمان سەرانی بەرەی کوردستانییەوە،وەك رێژنەبارانێکی بێزیان ، کە نەلافاوی وێرانکاری بەدواوە هاتبێ و نەپەرەی کولێکی هەلوەراندبێ ....

زۆر ئاسایی بێئەوەی خامەی کوردی بوورووژێنن ، رووياندا وتێپەرین ... ( هەلبەتە مەبەستم لە تاك تاکەی نووسەران نییە بەلکو سەرجەم،یاکۆبریاری رۆشنبیرانەی رۆشنبیری کوردە ) .

حەپەسانی پێنووسەکان ، جۆرێك گێلی و کێژبوونی بەرفرەوانی لە نێو جەماوەردا بەرپا کردووە ، و لە بارێکی لەمەولەق بەرەو چارەنووسی نادیار پەلکێشیان دەکات .

سایکۆلۆژییەتی سواخدراوی ئەم سەردەمەی کورد بە قورولیتەی بەلێنە سواوەکانی ئەوسەرکردایەتییە،کەلێزانانە یاری بەهەستوهۆشی جەماوەر دەکات ، روویەکی گرنگی دۆخی ناهەمواری کوردستانیانە .

لە کۆمەلگەی رۆژهەلاتی مەییودا ، مرۆڤ ژێر رکێفی کاریگەری رابردووە ، چونکێ ئاسۆی دوارۆژی روناکی بە گومانی نەزۆکاندن خامۆشکراوە. گەربێتو رابردوویەکی بەناوخۆشی چەند ساڵ لەوەو پێشی پێبدرێتەوە، بەخۆشییەوە پێشوازی لێدەکات ، هەتا گەر ئەم رابردووە بەناو خۆشە بۆ نیمرۆی ژاری هەلایل بێ ، ئەوا بەچاوچوقانەوە بێنی پێوەدەنێ ، چونکێ چاوی رۆژهەلاتی لەپشتیسەرێتی و بەرەودواوە دەروانی ، تەمای بەهەلهاتنی خۆری هیوای هەزارویەکجارخەسێندراوی نەماوە .

روداوەکانی ، رۆژانی منالی و هەرزەکاری و سەردەمی گەنجی ، شەکەتی گەمە ، و چیرۆکە نیوەچلەکانی کۆلانە تەنگژەکان و بەری گوفەکی رامیاری سەردەمی لاوی : کە دەستکەوتی هەرە گەورەی کوردی لانەواز و دەستبەتاڵە ، سایکۆلۆژیەتیان وا قیرو جفت کردووە ، دەربارزبوون لەوبارە بۆتە کارێك لە شەش پیتی هەرگیزدایە . ئەورووداوانە هەرچەند لە ئاست بەراورد کردنیان لەگەل ژیانی

گەلانی تر ، تفت و تاڵن ، بە جۆرێك لە هەست و نەستی نەوەکاندا چەسپیون ، کە بەردەوام هیوای گەڕانەوەیان ئەو پەڕی خۆشیە بۆ ئەو رەشەخەڵکە بێچارە ، جاگەربێتو سوکە بەڵێنێکی بە سێ واوان سوکیشی دەگەڵدابێ ، بەلای « چاتر ، فرەوانتر ، باشتر » ئەوە ئیدی تەواو ، تۆوابزانە کوردت خەواندووە ، هەروەك ئەو جانوگەرانەی لە هۆلە گەورەکاندا بەچاوبەستەکێ فرۆسماندن خەڵکی دەنوێنن و ، بۆتە مەتەڵەکەی تەعویزو عەفوو ، کەیەکەمیان بۆکەسێکە بەرێکەوت تووشی زیانێکی ماڵی یا گیانی دەبێ و ئەوەی تریشیان بۆ کەسێکە لەبەرهۆی سایکۆلۆژی یا سەقەتبونی ئەندامێکی لەشی یا بەخێوکردنی کۆڵە خێزانێك کە بەسەریدا بەجێدابمێنێ ! واتە وەك ئەوەی ئەم هەموو گوندە کاولکراوەو خوێنە گەشەی کوردستانیان رووداوێکی بەرێکەوت بووە ، نەك ئەنجامی هێرشی فاشیانەی دەوڵەتێك ، و خستنەبری سالانی پێشمەرگایەتیش لە جیاتی چوونە ریزی سەربازی وەك ئەوەی هێزی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستان بەشێك بووبێ لە لەشکرە فاشییەکەی دەوڵەت شەڕو پێکدادانەکانیش گەمەیەکی ناوخۆی ئەم لەشکرە یا بوارێکی پراکتیککردن بووبێ نەوەك شەڕی داگیرکراو دژ بەداگیرکار .

لەسەرەتای حەفتاکاندا لەبارولۆخێکی تایبەتی و بوونی سەرۆکێکی دەگمەندا جەماوەری کوردستان دوو سێ ساڵێك کەوتە دۆزێکی جیاواز و سەرکەوتنێکی بەرواڵەت و خۆشیەکی بەناو ، ئیمرۆکە گەلێك لەوانەی خۆشاوی ئەم خۆشییە تاڵەیان نۆشتووە هێشتاش سەرگەرمی گەڕانەوەی ئەو رۆژگارەن و هەناسەی پڕ لە حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشن ، سەرانی بەرەی کوردستانی عێراقیش ، ئەم دۆخە ئاڵۆزە سایکۆلۆژییەی کوردی خێرلەخۆنەدیو زۆر بەکارامەیی بەکار دێنن . بەڵێن بەجەماوەر دەدەن و دەڵێن : دەستکەوتی ئەم جارەیان « لەسەر بنچینەی بەیانی ئازارە و ، لەویش فرەوانتر دەبێت » . بەم جۆرە لەژێر باری قورسی مۆتەکەی ئەم خەونە بەتاڵەدا هۆشی جەماوەرو بیری کوردیان خەفە کردووە . بە هیوای گەڕانەوەی ئەو خۆشییە رووکەشە و بەڵێنی ئەو سەرانە خامەی کورد لەژێر باری کاریگەری ژەنگی سایکۆلۆژییەتی رۆژهەڵاتیانەدا خۆی ماتکردووەو ختوکەی هەوری بێبارانی خەونە بەتاڵەکانی خۆی دەدەا . لە کاتێکدا جەماوەر لەسەرەنگرێ بوونی هەڵداشتنی هەزاربە هەزاردایە .

سەرانی بەرە دوو چارەسەریان پێیە : یەکەمیان ئەو دۆخەی یەکێتی ناوی ناوە لیبرالیەت و ئازادی « لەجاران باشتر » ، دووەمیان : ئەو دۆخەی پارتی ناوی ناوە « لەجاران باشتر » ، واتە ژیانی کۆیلەتی تیروتەسەل .

لە باری یەکەمیاندا دەبێ نووسەران خامەیان بفرۆشن تا لەبرسان و لەژێر

سایەی ئازادی و لیبرالییەتی یەکێتی دا رەقهەڵنەیەن . لە باری دووەمیاندا دەبێ هێندە بخۆن تا وێژدانیان دەتۆپێ تا !

بە تێرامان لەوەی ؛ کە خامە فرۆش وێژدان کوژییە ، وێژدان تۆپینیش خامە فرۆشییە . جیاوازییەك نامێنێ لە نێوان دۆخی یەکەم و دووەمدا .

جا ئایا دۆخێکی وا ئاشکرا ئێدی بێدەنگی ... هەڵدەگرێ ؟ یا پێویست دەکا لەسەر نووسەرانی کورد قەپێلکی شوشەبەندی بێدەنگ بوون هوردوخاش بکەن و لە ئاست ئەم تاوانە مەزنەدا دەنگهەڵبڕن .

چارەسەری ئەم دۆخە و دەرکێشانی جەماوەر لەم قۆرتەدا یاخود رزگارکردنی هەڵداشتە لە بەزەوی دا کەوتن و تێکشکانی ، گەر نەڵێم مەرگی یەکجارەکی ، ئەوا هەڵسانەوەی «راپەڕینەکەی ۱۹۹۱» وەزەحمەت دەگەڕێ . دووپاتەی ئەوەش دەکەمەوە کە مەبەستم لەتاك تاکەی رۆشنبیرانی کورد نییە ، کە لە رۆژگاریکدایە پێویستی بەگەلە کۆمەکێی هەموو خاوەن پێنووسێکی چاونەترسی بە شەرەفە ، بەفریاکەوتنی نەکاری تاکە کەسە و نە لە توانای تاکە کەسیشدایە ، پێویستی بە دەنگی یەکبووی نووسەرانە . بەڵام ئایا ئەو بێدەنگییە لە ئاست تاوانەمەزنەکاندا ، بێدەنگییەکی رووتە یاخود کەربوونیشی لەگەڵدایە .....!؟ لەو بوارەدا دەڵێم نووسەرانی کورد لەهەندەراندا ، بەهۆی ئەوەی لە گشتبارێکدا رەخساوی هەمە رەنگیان لەبەر دەستدایە و لە دۆخێکی لەبارتردان راپەڕاندنی ئەرکێکی گەورەیان لە ئەستۆدایە ، بێگومان ئەگەر کەڕ نەبووین !؟



ئافراسیاو هەورامی

# سیناریۆی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

لە ناوچەکەدا هێمنایەتی بەرقەرارە و خەڵک خەریکی ئیش و کاری خۆیانن ، خەلە و خەرمان کۆکراوەتەوە و ، بە قسەی جوتیاران بەرهەمی ئیمساڵیان لە پار زێترە . ئەوە وا دەگەیەنێت کە راکردنی خەڵک و کۆنەکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی وەك رژێم دەهۆڵی بۆ دەکوتێ لە درۆو دەلەسە بەولاوە شتێکی تر نییە .

فیوداڵەکان و خاوەن زەویوزارەکان کە رایان کردبوو ، خەریکی گەرانەوەن و داوای بەشە - مڵکانە - دەکەن ، هێندێکیان بۆ ئەستاندنی بەشە مڵکانە نوێنەری خۆیان ناردۆتە ناوچەکە .

جوتیارەکان کە شەش مانگە چاویان بەمڵکدارەکان نەکەوتوەو نایانەوێ مڵکانەیان پێبدەن . نێوان کوردەکان و جوتیارەکان تەنانەت ئازەرییەکانیش پێوەندی هەیە . بەشێکی زۆری جوتیارەکان کە نایانەوێ مڵکانە بە دەرەبەگەکان بدەن - بەدەرەبەگان - دەڵێن بەشی ئێوە کوردەکان بردوویانە و لەهێندێ شوێن تەنانەت

پێشنیاردەکەن کە کوردەکان بێن مڵکانەی زەویدارەکان وەرگرن، و لە باتی ئەوە گوندەکانیان لەدەستدرێژی ژاندرمەکان کە بەزۆر شتیان لێدەستێنن بپارێزن. بەڵگەی وا بەنووسین و بە قسەش لای کوردەکان زۆرە.

لەکاتی گەشتەکەم بۆ چەند گوندێك لەگەڵ چەند جوتیارێك دوام، ئەوان راستەوخۆ رایانگەیاند: «با کوردەکان بێن بۆلامان باشترە، ئەوان بەشە-مڵکانەی - خاوەن زەوییەکان دەبەن و دەشمان پارێزن». هێندێك لە فیوداڵەکانیش وەك جوتیارەکان دەکەن و داوا لە کوردەکان دەکەن لە ئەستاندنی مڵکانە لە جوتیارەکان یارمەتیان بدەن و بەشێکی مڵکانەکەیان لە باتی ئەم هاوکارییە پێدەبەخشن.

«بۆ وێنە موڵکدار نەخشین نامەی بۆ تاهیراغا نووسیوە». ئەم جۆرە داوایە هەروا لە نامەی ئوستانداری رەزائییە کە لە رێکەوتی ٢٢ ی یونی ١٩٤٢دا، بۆمنی نووسیوە رەنگیداوەتەوە.

ئوستاندار دەڵێ: «... ئێستا جوتیارەکان بۆ خۆیان تاڵان دەکەن، واتە گەنمان پێنافرۆشن و بەقسەی کوردەکان دەجوڵێنەوە.... لەهێندێ گوندا جوتیارەکان نوێنەری فیوداڵەکان دەردەکەن « لە گوندی بابارو، رووشکان» وایان راگەیاندووە: ئێمە گەنمان چاندووە، هەر خۆشمان دەزانین چی لێدەکەین» لە رێکەوتی ١١ ئەیلوولی ١٩٤٣ دا

زۆربەی سەرکردە کوردەکان - جگە لە عومەرخان و سەرتیپ ئاغا و تاهیرئاغا ش لە باخی ئوستانداری کۆبوونەوە، ئوستاندار ئەم پێشنیارانەی خستەبەر چاویان:

١- نوێنەرانیان لە گوندەکان لاببەن و داوای مڵکانەی زەوی لەجوتیارەکان نەکەن.

٢- بەچەکەوە نەیەنە شاری.

٣- وازبێنن لە بەقاچاغ فرۆتنی مەڕ و ماڵات بە تورکیەو عێراق.

ئوستاندار هەڕەشەی لێکردوون: ئەگەر بێتو ئەو داواکارییانە جێبەجێ نەکرین، بە زۆر دەیان سەپێنێ. سەرکردە کوردەکان بەڵێنیان نداوە ئەم داوا کاریانە لە بەرچاوبگرن، داوادەکەن کە رێگەیان بدرێت لەهاتوچۆی نێوشاردا دەمانچە هەڵگرن.

لەلایەکی ترەوە، دەوڵەتی ئێران لە هەوڵی تێکدانی نێوان ئێمە و کوردە، دەیەوێ دژی ئێمە بەکاریان بێنێ، بۆ نموونە: «ئەفسەرێکی ئێرانی بەناوی مەهدی خان ئەشرەفی لە ١٣ ی ئەیلوول لەکاتی ئاخافتندا لەگەڵ برای رەشید بەگ باسی خوانەناسی سۆڤێتییەکانی کردووە. یا فەرمانداری ئازەربایجان خەدیو لەگەڵ کاربەستانی تری ئێران دوودوو سێ سێ میوانداری سەرکردە کوردەکان دەکەن و لەبن گوێیان دەخوێنن تا دژی ئێمە بجوڵێنەوە. بۆ نموونە پێیان گوتون: سۆڤێتییەکان تەواوی دەوڵەمەندەکانیان لەناوبردون و دەستیان بەسەر سەروەت و

سامانیاندا گرتوون . هەروەها باسی تاوانو کردەوەکانی کۆمیسارییانی گەڵ لەکاروباری ناوخۆیی - وەزیری ناوەخۆ - سۆڤیێتیان بۆ کردوون ، کە چۆن کوولاکەکانیان تەفروتونا کردووە . دەربارەی ئەم باسانە نووسراویشیان خستۆتە بەردەستیان . وایان تێگەیاندوون کە هەمان چارەنووس چاوەڕێیان - بەگە کوردەکان - دەکات . وایان بۆراڤەکردوون کە لە سۆڤیێت دین نەماوە و بنبڕکراوە . ئەوەشیان لەگوێ کردوون کە بەم زوانە سۆڤیێت تێکدە- شکێت و ئێمەی موسلمان لەگەڵ ئەڵمانەکان یەکدەگرینەوە . بەرنامەشمان بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەیە، ئەوان دەڵێن ؛ لە رابردوودا کورد چەوسێندراوەتەوە ، بەلام دەولەتی ئێستەی ئێران دیموکراتە و کوردەکان دەتوانن نوێنەریان بنێرنە مەجلیس - پەرلەمانی ئێرانی -. دەولەت ئامادەیە فەرماندارەکانی کوردستان لەخودی کوردان خۆیان بن و خودموختاری - ئۆتۆنۆمی - یشیان بداتێ ، بەلام جێبەجێکردنی ئەم خالانە، پاش سەرکەوتنی ئێران بەسەر دوژمانیدا دەبێت . دیسا ئەوەشیان دووبارەکردۆتەوە ؛ کە پێویستە لەگەڵ تورکیا پێوەندییان باش بێت - واتە پێوەندی ئێران -

ڕۆژنامەی « پەرچەم » ژمارە ١٤٢ ، بروسکەی ئوستانداری ئوستانی-پارێزگە- ی چوارەم ، مەرزەبانی بلاوکردۆتەوە ، کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە << لە ناوچەکەدا هێمنی بەرقەرارە و درۆو دەلەسەی ئەو رۆژنامانەی کە لە سەر رەزائیە - ورمێ - نووسیویانە ، پوچەڵ دەکاتەوە>> .

لە کاتی گرتنی سیواستۆپۆل لەلایەن ئەلمانەکانەوە ، پروپاگەندەی فاشییەکان لە ئێراندا زۆر بووە ، وایان بلاوکردۆتە کە هەربەم زووانە مۆسکۆو لێنینگرادیش دەگیرێن و بەسەرکەوتنی ئەلمانەکان ناوچەی قەفقاز لەنێوان ئێرانو تورکیادا دابەشدەکرێت . ئەم پروپاگەندانە لەناوچە بێلایەنەکان - واتە ؛ ورمێ و سابلاخ - گەلێك باون . دیسا وتراوە کە بەشێك لەسوپای سوور ئێرانی جێهێشتووەو لە گەڕانەوە دایە ، پێویستە موسلمانەکان- کوردو ئازەری - یادی رۆژانی سالی ١٩١٨ بکەنەوە « واتە؛ روسەکان چەکبکەن و بەچەکی خۆیان لەناویان بەرن »، رۆلی ئینگلیزیش لە ناوچەکەدا لە نێو کورد و ئاسوریەکاندا سەرنجڕادەکێشێت .

ئێستە هاتوچۆ بۆ عێراق ئازادە، گەنجانی ئاسوری بۆ ئیشکردن یا بۆ چوونە ریزی سوپای ئینگلیز خۆ دەگەیەننە عێراق . ئەوانەی لە عێراقەوە دەگەنە ئێرە، ئاژەڵ و گەنم ، بەهەر نرخێك بێت دەیکرن و دەیبەنەوە عێراق، گوێ بەگرانی نادەن . ئەگەر ئەم بارە هەروا بڕوات خواردەمەنی لەناوچەکەدا لە کەمی دەدات .

خەڵکی ئەم دەڤەرە زۆر داوادەکەن شانبەشانی لەشکری سوور بەشداری شەر بکەن ، و دوو تۆن دیاری و شتومەك کە

پێشکێشی سوپای سووریان کردووە ، وەرمان گرتووە .

کونسلی سۆڤێت لە ورمێ

ماکسیمۆڤ .

٢

ڕۆژنامەی میهری ئێران - مهرایران - ١٨ی مارتی ١٩٤٣ لە زمانی نوێنەری شیرازەوە ئاغای نەبیستە دەنوسێت : ڕەزائییە لە مەترسی دایە و دانیشتووان لەوپەڕی ناخۆشی دان . خەڵکی پێنج سەد گوند تاڵانکراون | پانزدە هەزار موسڵمان شارو ناوچەیان بەجێهێشتووە و رویان لە تاران و تەوریز و .... هتد ، کردووە . لە سەر شەقامەکان سەرگەردان دەخولێنەوە . کوردەکان و ئاسوورییەکان هەر لە کۆنەوە هەوڵیانداوە ئەم ناوچەیە لە ئێران جیا بکەنەوە .

ڕۆژنامەی پەرچەم ڕێکەوتی ١٧ی ئایاری ١٩٤٣ ، ژمارە - ١٠٥ ، گەورەترین تاوان دەداتە پاڵ کورد و ئاسوورییەکان ، و دەنووسێ : تەنانەت منداڵی بەرمەمکانیشیان کوشتووە . ڕۆژنامەی « کوشش - ژمارە ١٩ ، ٣٠ مای ١٩٤٣ ، دەنووسێت : « کوردەکان و ئاسوورییەکان بەجووتە دەستیان بە تاڵان کردن و ڕەشکوژی کرد ، منداڵی شیرەخۆرەیان لە مەمکی دایک بڕی ، پارچەڵۆکەکانیان خستنە ئاو ،دەستدرێژیان کردە سەر ژنان .دەوڵەت هەناکاوێک بۆ بەربەستکردنی ئەم تاوانانە نەنێت ، خوێنی هەزاران نەفەر دەڕژێت . لەگەڵ کوردەکان دەتوانین پێکبێن ، بەلام دەگەڵ ئاسوورییەکان نا .ئێمە داوای پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک دەکەین ، کە بۆ کرینی شتومەکی ئاسوورییەکان هەنگاو هەڵگرێت پاش کرینی کەلوپەلەکانیان بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئێران دوربخرێنەوە ، یا بە پێچەوانەوە ؛ ئەوان شتەکانی ئێمە بکرن ، ئێمە ولات جێدێڵین » .

ڕۆژنامەی « پەرچەم - ژمارە ، ١٢٣ لە ڕێکەوتی ١١ ی یونی ١٩٤٣ دا ، ئەو تێلگرامەی وەشاندووە : « تێلگرامێکی تر لە رازەئییە - ورمێ - وە کە بۆ وەزیری شەڕ ، مەجلیسی ئێران و ، ڕۆژنامەی پەرچەم ، سابقی ئەفشار نوێنەری ڕەزائییە لە مەجلیس نێردراوە « ئێمەی جوتیارانی هەژار هیوادارین بەهاتنی سوپا بۆ ناوچەکەمان هێمنایەتی بگەڕێتەوە . بڕیارمان وایە بگەڕێینەوە سەر ماڵوحاڵی خۆمان ،گەر بێت و سوپای ئێران بمانپارێزێت . بەلام بەداخەوە تائێستا هیچ هەنگاوێک بۆ گەڕانەوەی هێمنایەتی لەلایەن سوپای ئێرانەوە نەنراوە . کوردەکان ،بەتایبەتی ئاسوورییەکان تاڵانمان دەکەن و خەڵک ئازاردەدەن ، لەبەرئەوە ناچاربووین جارێکی تر هەڵبێین و روو لە شاری ورمێ - ڕەزائیە - بکەین . ئێستا لەبەر بێئاوی و چۆڵوهۆڵبوونی ناوچەکە کشتوکاڵ ناکرێت و مەترسی بلاوبوونەوەی برسییەتی لە نێو شار هەستی پێدەکرێت . ئەگەر دەوڵەت ناتوانێت لەم بارەوە یارمەتیمان بدات ، بالانی کەم ڕێنمایمان بکات چۆن بگەینە ناوچەکانی تر و لە

مردن رزگارمان بێ . ئامادەین هەرچی دارایی هەمانە جێبێلین » . تێلگرامەکە ئیمزای ئەو کەسانەی بەسەرەوەیە ـ سەولـەت ،موحەمەد ئیلانی ، عەزیزی ، حەعفەری ، عەلی باقیری ، سەداقی ، هاشم رەزایی ، کەلامی ، فەرزانی . . . هتد » .

هەروەها لە وتارێکی تردا دەنووسێت : « ئاسورییەکان بەرابەرایەتی مەلـکوک ـ دکـتۆرێکی دانساز بووـ بەتالان و کوشتنی خەڵك تاوانبار دەکرێن ، گوایە لە ماڵی ئەسکەندەر ، ئاسوری ، ئەرەمەنی و کوردەکان کۆبووینەوەو ، زێرو بەگ و کەمال بەگ ، دوو سەرکردەی کوردن و بەشداری ئەم کۆبوونەوەیان کردووەو پیلان و بەرنامەیان داڕێژتووەو هێزی چەکدارییان دروستکردووە . سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنییەتی ورمێ، کە ناوی ـ باقری والیزادەیە ـ بەدەستی پێنە دۆزێکی ئەرمەنی (هاراتۆن) دەستکوژکراوە.

کوردەکان لە دەرەوەی شار هێرش دەکەنە سەر پۆستەکانی جندردمە . پۆستەکانی جندرمەش بەهۆی نەبوونی تەقەمەنی بەرەو شار پاشەکشێیان کردووە . ئەو گوندانەی کەوتونەتە دەست کوردان تالانکراون . جوتیارەکان بەدەست بەتاڵی هاتونەتە شار . ئاسورییەکانیش کەلوپەلێکی کە جوتیارەکان بۆیان دەرباز نەکراوە تالانی دەکەن ، تەنانەت چەند جوتیارێکیشیان کوشتووە . مەلایەك کە خەڵکی بۆزرادیفە، لە گوندی بارانلۆ بە بیستوپێنج چەکدارەوە دەگەڵ کوردەکانی پشتیوانی جندرمەکان دەکات ، بەڵام لە بەر نەبوونی تەقەمەنی و زۆری کوردەکان وازدێنن و خۆیان دەگەیەننە شار. دوای چەند رۆژێك جندرمەکان و کوردەکان لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێن :

1 ـ کوردەکان پارێزگاری ژیانی جندرمەکان دەکەن و ، تا شار بەڕێیان دەکەن .

2 ـ کوردەکان بەڵێن دەدەن سوکایەتی بە جندرمەکان نەکەن .

3 ـ ئەو پێگە و پۆستانەی جندرمە درروستیان کردوون، کوردەکان تێکی نادەن

دوای ئەم ریککەوتنە خۆیان بەدەستەوە دەدەن و بەم شێوەیە دەگەنەوە شار ، کوردەکان بەرەو شار بەگەریان دەکەون ، پاشان شاری ورمێ گەمارۆدەدەن .

کۆنسلی سۆڤیەت لە ورمێ
ماکسیمۆڤ .

٣

لە ریکەوتی ١٠ ی ئەیونی ١٩٤٣ چاوم بە مەرزەبانی ئوستانداری ئوستانی چوار کەوت ، مەرزەبان پرسیاری کرد : لەسەر ئەو شێخە کوردەی کەناوی عەبدوڵایە و لە عێراقەوە هاتۆتە ئێرە چ زانیاریم هەیە ؟ لەوەلامدا وتم : شێخ عەبدوڵا و قازی موحەمەد لەگەڵ وەزیری شەڕی ئێران لەسەر داخوازی دەوڵەت هاتونەتە ئێرە، بۆ ئەوەی پێشگیری لەتێکهەڵچونی نێوان

کوردەکان و کاربەدەستانی ئێرانی بکەن هەروەها بۆ ئەوەی کە قازی و شێخ عەبدوڵا ڕێنمایی کوردەکان بکەن هێمنایەتی ناوچە بپارێزن. مەرزەبان وتی: هاتنی شێخ عەبدوڵا لە عێراقەوە بۆ ناوچەی ورمێ بەنیازی وەرگرتنەوەی ئەو گوندانەیە کە پێشتر هی ئەو بوون و دەوڵەتی ئێران دەستی بەسەرداگرتوون. شێخ عەبدوڵا دژی دەوڵەتی ئێرانە و دۆستی ئینگلیزە. مەرزەبان وتی: کاتێك کە من - مەرزەبان - لە ئەستەمبول بوم، و پاش ساڵی ١٩١٣ بۆم دەرکەوت چۆن ئینگلیز دەیەوێ کوردستانی سەربەخۆ دروستبکات، دەیەویست بڵێت کە ئێستاش وازیان لەم پیلانە نەهێناوە. لەدرێژەی قسەکانی دا وتی: ئەفسەرێکی ئنگلیز - ناوەکەی لە بیر چوبووەوە - چەند ساڵێك بۆ ئەم مەبەستە بەنهێنی خەریکی ئیش و کارو دروستکردنی ڕێکخراو لەناو کوردەکان و لورەکان بووە. مەرزەبان دەیەویست بەمنی بسەلمێنێت کوردەکان هێشتاش ئەونیازەیان هەرماوەوئینگلیزیش لەپشت سەریانەوە وەستاوە. لەوەڵامی پرسیاری من؛ بۆچی کوردەکانی ورمێ کە کەوتونەتە شوێنێکی دوری ئێران دەبێ دژی دەوڵەت بوەستن؟ مەرزەبان وتی: کوردەکانی مەهاباد =سابلاخ، و سەقز گوێڕایەڵی ئێرانن و خۆیان داوە تەدەست سوپای ئێران / لەراستیدا وانییە، ماکسیمۆف/ باسی ئازایەتی و لێهاتویی کوردەکانی کردو، وتی: چەکیان زۆرە و لەسەراسەری کوردستان ڕۆڵیان دیارە. منیش وتم کە ئێمە و ئینگلیز لەگەڵ ئێران پەیمانمان هەیە و کێشەی سەربەخۆیی کوردستان / کە ئەو مەبەستی بوو/ هیچ پێوەندیەکی بە ئێمەوە نییەو سەربەخۆیی کوردستان ئوتوپیایە =خەیاڵپلاوە. پاشان وتی؛ گوایە ئێمە - سۆڤیێتیەکان - دوو نەفەر ئازەربایجانیمان بەبیانوی چەکداربونیان دەستگیرکردووە. وتی: کەواتە دەبێت ئێوە دەیان هەزار کورد دەستگیرکەن، واتە دەبێ تەواوی کوردەکان بگرن، چونکی هەموویان چەکدارن! لەوەڵامدا وتم: من ئاگاداری روداوی وانیم، ئەگەر شتێکی واش رووی دابێ، ئەوا ئێمە یارمەتی ئێرانمان داوە. مەرزەبان وتی: لە تاران واباوەو خۆشم نامەم پێگەیشتوە کە گۆیە ئێوە یارمەتی کوردەکان دەدەن. لە مەرزەبانم پرسی خۆتان لەم بارەوە راتان چییە؟ وەڵامیدامەوە: درۆیە، بەڵام خەڵکی واش هەن باوەڕ دەکەن. من ئەوەم بۆ رونکردەوە کە ئەم دەنگۆیانە لەلایەنی نۆکەرانی نازی بڵاودەکرێنەوە. کەچی ئەو وەڵامیدامەوە: ئەڵمان لە ئێران دوورە و دەنگۆیاسی وا لەراستییەوە دوورە. منیش پێیم وت: ئەمریکا لە ئێران دوورترە، کەچی لەوێش نۆکەر و لایەنگیری فاشیزم زۆرن. تێبینی: شێخ عەبدوڵا یەکێکە لە شێخە گەورەکانی بنەماڵەی شەمدینان. لەناو کوردەکانی عێراق وناوچەی مەهابادو باشوردا لایەنگری زۆرە و هەروەهاش

لەناو هۆزەکانی هەرکی و شکاك و . . . .
لە ناوچەی ورمێ - یش لایەنگری زۆری هەن ، بەگەرمی پێشوازییان کردووەو، دەست و جلوبەرگی ماچ دەکەن . چەند گوندێکیشی لە دیوی عێراقدا هەیە کەلایەن دەوڵەتەوە زەوت کراون . هاتنی بۆ رەزائییە=ورمێ: بەدەستووری ئوستاندار فەهیمی بووە . ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەمەڕ وتووێژەکانیان و مەبەستی ئەم سەردانەیان نییە . ئاشکرایە شێخ عەبدوڵا لەلایەن وەزیری جەنگی ئێران بەرە و تاران بەرێکراوە .

کۆنسڵی سۆڤیێت لە ورمێ
ماکسیمۆڤ .

## هاڤپەڤیتن دەگەڵ مەرزەبان

١٣ی ئیونی ١٩٤٣

ئیمرۆ مەرزەبان لەبارودۆخی ناوچەی شاپوری پێچایەوە ، پرسیاری کرد: لەلایەن فەرمانداری شاپور تێلگرامێکی بەدەست گەیشتووە، تێدا هاتووە: کوردەکان دەیانەوێ دەستبەسەر شاری شاپور دا بگرن . لەم رووەوە دەریخست زۆر بەپەرۆشە . هاورێ شموراتۆڤ ، وتی : من چەند سەعات لەمەوبەر لەوێ هاتومەتەوە ، بارودۆخی ئەو ناوە زۆر ئارامە . سەرۆکی خێڵی جەلالی « شێخ قادر » فەرمانداری بینیوەو لەسەر هاتوچۆی کوردەکان لە شاپورەوە بۆ ماکۆیان وتووێژیان کردووە ، لەوانەیە تۆ مەبەست ئەمە بێ .

مەرزەبان باسی هاتنی کوردەکۆچەرەکانی عێراقی بۆ ناوچەسنوورییەکانی ئێران کرد ، وتی ئاژەڵی زۆریان پێیەو ژمارەیان زۆرە ، سەرۆکی ئەو کوردانە فەتاح بەگە لەم رۆژانەشدا سەردانێکی ورمێی کردووە .

لە رێکەوتی ١٦ی ئیونی ١٩٤٣دا لەسەر داخوازی ئوستاندار ئەز و هاورێ گۆگۆل چوینە لای و لەسەر گێڕانەوە و سەقامگیرکردنی پۆستەکانی جندرمە لە ناوچەی ورمێ ئاخاوتین ، لەکۆبوونەوەکەدا ئەم کەسانە بەشدارییان کرد: فەرماندەی کەرتەکانی سوپای ئێران لە ورمێ سەرهەنگ موعینی ، جێگری ژاندارمیری سەرگورد هاشمی .

وای تێبگەم مەرزەبان نیازی وایە بەرەو تاران بڕوات ، تا ئەودەنگوباس و درۆیانەی لەلایەن ئوستانداری تەورێزەوە ـ فەهیمی- هەڵبەستراون و بلاوکراونەتەوە بەدرۆیان بخاتەوە. فەهیمی بەمجۆرە درۆودەلەسە هەڵبەستراوانەی لەسەر ئازەربایجان ، دەیەوێ وای پێشانبدات کە مەرزەبان کابرایەکی لێهاتوونییە ، بەڵکو خۆی دەبێتە ئوستانداری هەردوو ئازەربایجان و ناوچەکە بەتەواوی ژێرکێف دەکات . ئەز لەگەڵ مەرزەبان هاودەردم و دەمەوێ بۆ سەقامگیربوونی هێمنایەتی لە ناوچەکەدا یارمەتی بدەم ، بڕیاردرا پۆستەکانی جەندرمە دووبارە لە ناوچە ئازەرنشینەکاندا دابمەزرێنەوە، واش بڕیارە کەبەبێ ئاگاداری فەرماندەی سوپای سوور لە ناوچەکەدا نەبزوون . هەروەها پێشگیری لە بەقاچاخ

هەواڵنامەی کتێب

فرۆتنی گەنم و ئاژەڵ بەعێراق و تورکییە بکرێت . ئینگلیزەکان زۆربەی گەنمی ئەو ناوەیان کڕیوە و ئاودیوی عێراقیان کردوە . ئێستا لە ناوچەکەدا هەست بەبرسێتی دەکرێت . منیش بەڵێنی یارمەتیم بە مەرزەبان داوە .

کۆنسلی سۆڤیت لە ورمێ
مەکسیمۆڤ .

**هاڤیە یڤین لەگەڵ جێگری فەرماندەی ژاندارمیری ئازەربایجانی ئێران : سەرگورد تەیمورچی**

۳۰ی ئەیون ۱۹٤۳

نێوبراو ، گۆیە لە تەورێزەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ژاندارمیری و بەهێزکردن و گێڕانەوەی ئاسایش بۆ ئەم ناوە ، گەیشتۆتە ئێرە . ئەو وتی کاتێ بە ڕێگەوەبووە ، دیویەتی چۆن دێنشینەکان بەرەو شار هەڵدەهاتن ، گۆیا دەترسن کوردەکان هێرشیان بکەنەسەر . داوای یارمەتی ئێمەی کرد .وتی پێویستە سوپای سوور یارمەتی سوپای ئێران بدات . هەروەها ، وتی ؛ کوردەکان مەڕومالات دەدەزن و تالانی دەکەن و بە تورکییای دەفرۆشن ، تورکییەش دەیفرۆشێتەوە نازییەکان . ئەگینا تورکەکان هێندە دەوڵەمەندنین پەزێك بەسەد لیرە بکڕن . ئەگەر ئێمە دژی کوردەکان نەجوڵێینەوە واتە ئەڵمانەکان بەخێودەکەین ، کە هەم بە ئێمە و هەمیش بەوان زیان دەگەیێنێ .

ئەوەشی وت ؛ کە کوردەکان لەکۆتایی ۱۹۱۷ دژی سوپایی روسیا جەنگاون . منیش بەڵێنم پێدا کەسوپاکەمان بۆ سەپاندنی هێمنایەتی یارمەتی دەوڵەتی ئێران دەدات .

**وتووێژ دەگەڵ ئوستانداری ئوستانی چوار ، دوکتۆر مەرزەبان**

۲٤ی ئەیون ۱۹٤۳

.... باسی ئەوەم بۆگێڕاوە کەلەکاتی گەشتەکەم بەگوندەکانی ناوچەی نازلو ، هەستم کرد ئەو ناوە تەواو ئارامە ، و جوتیارەکان خەریکی ئیشوکاری خۆیانن و لە هیچ شوێنێك کوردم نەبینی ، بەڵام زۆربەی خەڵکی گوندەکانی زورگەئاوا و قەلەر هێشتا نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و لە شار دەژین ، نازانم بۆچی ناگەڕێنەوە و لە چی دەترسن ؟

ئوستاندار ، وتی منیش نازانم ، هۆیەکەی چییە ،دەستورم داوە بگەڕێنەوە جێورێی خۆیان . پاشان مەرزەبان باسی ئەو فڕوفیشاڵانەی رۆژنامەی پەرچەمی کرد ، کە سەبارەت بەورمێ بڵاویاندەکاتەوە . ئەو وتی وتارەکانی رۆژنامەی پەرچەم -ی خوێندۆتەوە، سەریسوڕماوە! بانگی یەکێك لە نووسەرانی ئەو وتارانەی کردووە ، کە ناوی فەرزانی ئیسماعیلی یە ،و بەڵێنی پێنووسیوە کەچیترشتی وانانووسێت.

کۆنسلی سۆڤیت لەورمێ/ مەکسیمۆڤ



شێرزاد حەسەن

# من لە نێوان نووسین و نێرینە دا

هەواڵنامەی کتێب

زۆرجار لە خۆم دەپرسم : ئاخۆ بۆ دەبێ توخمی مێینە ، بەتایبەتی لای خۆمان ، سەبارەت بەنووسین - لە هەموو بوارەکانی هونەر و ئەدەب - دا وا کەمتەرخەم بن . . . ؟

ئایا پەیوەندی پیاوان لەگەڵ زماندا کۆکترە . . . ؟ ئاخۆ بۆ دەبێ زمانی کچان و ژنان کلیل درابێ . . . ؟ گەرچی دەشزانم لەژێرەوە و بەدزییەوە یەکەو دەفتەرێکی سووکە یاداشتەکانی خۆی لە نێو چەکمەجەکاندا دەشارێتەوە ، وەك پاشماوەی تاوانێك ئەم کون و ئەو کاژێرکی پێدەکا .

تۆ بڵێی پەیوەندی نێوان نووسین و نێرینە ، یان نووسین و مێینە ئەوەندە لێکدی جیاواز بێ . . . ؟

هەڵبەتە وایە . گەلێ هۆی خودی = زاتی و ، بابەتەکی = مەوزوعی ، هەن .

زەقترین هۆ ئەو بونیاتە رەوشتەکییەیە = ئەخلاقییەیە، کە رۆحی توخمی مێینەی لەمناڵییەوە رەنگرێژکردووە ، بونیاتێکی سایکۆلۆژی داخراو ، ملیۆنەها ئارەزوی کپ کراو ، رووباری کەف و کوڵێکی بەربەست کراو ، هەر لە مناڵییەوە پێیدەڵێن : بەدەنگیبەرز نەدوێ و قاقاش پێنەکەنی . بۆ ئەم یاساغەو بۆ نێرینەش نەخێر ، گەرچی وا باویشە کە ژنان لە پیاوان پتر دەدوێن ،

هەتا لەسەردەمی کۆن و لەوڵاتی «چین»دا پیاو مافی ئەوەی هەبووە: لەسەر زۆرگوتنی ژنەکەی تەڵاقبدا، دیارە لەنێو میللەتانی دیکەش هەموو ئافرەتە نووسەرەکان سەرەتا دووچاری گێرمە و کێشە بوون. هەر لە شارلوت برۆنتی، جۆرج ساند، ڤێرجینیا وولف، مەی زیادە، فرانسوا ساگان، غادە سەمان، ئانا ئەخماتۆڤا و ئێلزا مۆرانتی و... هتد، بگرە هەندێکیان ناووناتۆرەی ناشیرینیان دواخراودوادەخرێ، وەك بڵێی دونیای نووسین ئیمپراتۆرییەتی پیاوان بێ و ژنان بەزۆردارەکی خۆیان تێفرێدەن و بەخورتی بیانەوێ ببنەدانیشتووانی ئەو مەملەکەتە. لای خۆمان نەك هەر ئافرەتی نووسەر، بگرە پیاوەکەش تاوانبارەگەرتوانی چاوەترسانە شۆڕبێتەوە نێوناخ ودڵ و دەروونی خۆی یان هی خەڵکی... تاوانبارەگەرتوانی راستگۆیانە هەست و نەستی خۆی دەربڕێ.

کێشەکە لای من دیوێکی سایکۆلۆژی هەیە، هەندێ لەو کەسانەی کە ناوێرن را و بۆچوون و لێکدانەوە و ختوورە و خەیاڵی خۆیان دەرببڕن، خۆشییان بەو کەسانەنایەتەوە کە بەهرەی دەربڕینیان هەیە.

ترسی گەورەی ئافرەتیش لەوەدایە کەزۆرباش دەزانێ گەر روو لەو دونیا ترسناکە بکا تیاچووەو دەدۆڕێ - دونیای نووسین و بیرکردنەوە - چونکێ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان شتێکی دیکەیان لێدەوێ، سەدەهاشت، تەنها عیشقی هونەروئەدەب نەبێ.

لە منالییەوە فێری دەکەن کەئەرکی گەورە و پیرۆزی ئەوەیە پیاورازی بکا، گەر پیاو لێی رازی بێ خوداش لێی رازییە. جا ئەو پیاوەبرا بێ، باوك، یان مێرد، لەچاکترین باردا تێدەگا کە پیاو تەنها جوانیی لەو دەوێ و بەس. هەرکە گەیشتە تەمەنی خۆناسین «باڵق بوون»ەوە دەکەوێتە نێوان دووبەرداشەوە: لەماڵەوە - باوك وبرا - داوای لێدەکەن فریشتە بێ، بێهەوا و هەوەس، کەچی لە دەرەوەی ماڵی خۆیان - هەموو پیاوانی غەیرە - داوای لێدەکەن عیشقباز و بگرە سۆزانی بێ، ئا لەنێو ئەم دوو روانینەدا سەری لێدەشێوێ و چ پێویستی بە فیکر و ئەدەب و هونەر نابێ چونکێ ئەو پیاوەی کە خۆی بەتاڵ و کاڵفام و کەم ماریفەت بێ، دەبێ لەوە زیاتر چی مەبەست بێ کە ئافرەت لە سەر سیسەم و لەخوار نگە «ژووری چێشتلێنان = موبەق»دا کارامە و لێزان و وەستا بێ، کاتێ ژنە بەخۆی دەزانێ بۆتە کەل و پەلێك یان دیکۆرێکی، بووکە شووشەیەکی هەرزان یا گران. خۆ ئەگەریش هاتە نێو ئەو مەیدانە ترسی ئەوەی لێدەنیشێ بدۆڕێ، زۆربەی هەرەزۆریشیان ئەگەرهات و رێی کەوتە ئەو مەیدانە ئەوە دەبێ وەکو پیاوان بنووسن و بیربکەنەوە ئەگینا لە هیچ پەرلەمانێك و رێکخراو و پارتێك

جێی نابێتەوە ، چاکترین نموونەش لە ڕۆژی ئیمڕۆدا « مارگریت تاتشەر » ە کە بە « ئافرەتە ئاسنینەکە » ناوبانگی دەرکردوە . جگە لەوەش ژنە ناتوانی بەبێترس لە هەموو دیوەکانی پەیوەندی سێکسی بدوێ ، کە زۆر ئاشکرایە پەیوەندی ڕێک و نارێکی نێر و مێ پانتایەکی زۆر لە ڕووبەری ئەدەب و هونەردا دەگرێ . نە دەوێری لەو نهێنییانەی خۆی بدوێ وەک مێینەیەک نەهی توخمی نێرینەش ، کە چی پیاو تارادەیەک دەتوانی بێدەربەستانە لە هەردوو لایەنەکە بدوێ . ڕۆژبەڕۆژیش تادێ کچە کۆت و زنجیری دەست و پێی ئەستوورتر دەبێ ، هەر ڕۆژێک و گرێیەک ، تا لەکۆتاییدا دەبێ بەتۆپەڵێک گرێکوێرە ، هەر زووش ئەو زمانەی لێ دەستێننەوە کە بتوانێ راز ، نیاز ، نهێنی ، گرێ و دەردەکانی خۆی پێدەربڕێ ، خۆ ئەگەر بشنووسێ بەدزییەوە لەژێرەوە ، ئەوە هەرگیز باوەڕی بەخۆی نییە کە کەسانێک هەبن نووسینەکانی پەسندبکەن و بیخوێننەوە ، لەزۆر باریشدا لە قۆناغێکی کاڵ و کرچدا دەمێنێتەوە . بەتایبەتی گەر ئەوهەوەسی نووسینە بە زانیارییەکی گەورە موتوربە نەکرێ چونکێ لای خۆمان ئافرەتی نووسەر تەنها دڵی بەوەخۆشە کە توانیویەتی هێرش بباتە سەر قەڵای پیاوان و داگیری بکا . مەبەستم لە قەڵای پیاوان « قەڵای نووسین » ە ، هەڵبەتە ئەم کەمتەرخەمی و خەمسارییەی ئافرەتی نووسەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆسەپاندنی ئافرەت لە بواری نووسیندا - وەک ناو و روکەش - گەلێ ئاسنترە لەخۆسەپاندنی پیاو . ئەویش پەیوەندی بەژمارەی زۆری پیاوانی نووسەرەوە هەیە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی کەمی ئەو ئافرەتانەی روو لەم دونیایە دەکەن - دونیای فیکر - هەرچەندە کێشەکە لەوەش قولترە و هەق وایە ئافرەتان خۆیان لەم گرفتە بدوێن .

دیارە لە وڵاتانی ئەوروپا تا ڕادەیەکی باش ئەم گیروگرفتانە لە ڕۆژی ئیمڕۆدا چارەسەرکراون ، چونکە کۆمپانیا و دەزگەی تایبەت هەن بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئافرەتان بگرە هەموو بابەتێک کە ئەوان حەزی پێدەکەن . گەرچی زۆرجاریش لەڕۆژئاوادا ژنان بەرەو بابەتی لاوەکی و سووک رادەپێچن و لە مەسەلە هەڵایساوەکانی ئەدەب و فیکر دوور دەخرێنەوە ، لەوە دەچێ لای خۆمان ئێستا وا ڕۆیشتووە و تاماوەیەکی دیکەش درێژەدەکێشی کە پیاوان لەبری ئافرەتان بیربکەنەوە ، هەڵبەتە کارێکی زۆرگرانیشە بچیتە بەرگێکی ترەوە - دەکرێ بەڵام دەبێ کەرەستەی پوخت ، هێزێکی زۆری بۆ برەخسێ تابگاتە ئەو دۆخە .

ئەوەش مانای ئەوەنییە ؛ کە هێزی ئافرەت لەڕووی فیکرییەوە کەمتربێ لەهی پیاو . . . نەخێر ، تەنها ئەوەیە ئەم هێزە گەورەیە بەپێی کۆمەڵێ داب و نەریت

سستکراوە یان لەکارخراوە ، بەڵام هەرکاتێ بڕوای بەخۆی پەیدا کرد و زانیارییەکی بە بەرەکەت و پڕی پەیدا کرد دەتوانێ دەنگهەڵبڕێ و بدوێ .... بنووسێ .

هەرچەندە کردەی نووسین و داهێنان خۆی لەخۆیدا لادانە لە ڕێرەوی گشتی کاروانی خەڵکی ئاسایی ، نەك هەر بەتەنها بۆ ئافرەت ، بەڵکو بۆ پیاویش - داهێنان - دەبێ بە سەرەتای هەڵگەڕانەوە لە ڕێ و رەسمی خەڵکی رەمەکی ، دابڕان لە بوون بە یەکێك لە مێگەل ، هەڵوەشاندەوەی هەموو بەها ساختەکان ، دیارە ئەم ململانێ و کێشەیە ، بەشێکە لە کردەی داهێنان ، چونکە هەنگاوی یەکەمی نووسەر لەم بوارەدا خۆڕاهێنانە لەسەر سەرچڵی و هەڵگەڕانەوە ، سەرمەشقی ململانێ و لەرێلادانە ، نێر بێ یان مێ ، هەر کەسەو بەشێوەیەك خۆی لە خەڵکی تر جیادەکاتەوە .

هەڵبەتە نووسین ترسناکترین و زەقترین جۆری جیابوونەوەیە ، رەنگە زۆربەی کردەکانی خەڵکی جۆرێك لەخۆپەرستی و خۆداخستن و بەرژەوەندی خودی تێدا بێ ، تەنها نووسین نەبێ کەخەمی خەڵکی دەکا بە رووگە و قیبلەنوما .

لەرووی سایکۆلۆژییەوە گەر سەیرێکی ئافرەت بکەین دەبینین لەپیاو خەمخۆرترە، بەڵام لە منالییەوە بازنەی خەم و خەون و خولیای مێینە تەسك دەکرێتەوەو هەموو ئاسۆفرەوانەکانی فیکری لەڕوو دادەخرێ تا لەکۆتاییدا وای لێدێ تەنها خەمی ماڵ ، مێرد و منداڵەکانی خۆی بخوا و بەس ، کاسەیپڕی بێقیرە و هەرا لای ئەم ئاشتی هەموو دونیایە ، بەم پێیە غەدرێکی گەورە لە ئافرەت دەکرێ و بگرە فیلێکی ئینسانی وا کەپێینەزانێ .

خۆمان لە هەق لانادەین گەر بڵێین: ئەم چەوساندەوەی مێینەش مێژوویەکی دێرین و هەزاران ساڵەی لە پێشتە ، لای خۆشمان ماویەتی و هێشتا مێ نەیتوانیوە وردبینانە لە خۆی بڕوانێ ، بەڵکو لە روانگەی نێرەکانەوە سەیری خۆی دەکا .

دیارە هاتنی ئافرەتان بۆ مەیدانی نووسین و داهێنان پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە بونیادی شارستانی ئەو میللەتەوە هەیە ، گەر بەپەلە سەیرێکی نەخشەی نووسینی ئافرەتانی دونیا بکەین ...بەراوردێك لەنێوان رۆژهەلات و رۆژاوادا بکەین ، بۆمان دەردەکەوێ کە گەشە کردنی لایەنی فیکری رۆلێکی گەورە لە خولقاندنی ئافرەتانی داهێنەردا دەبینێ، هەڵبەتە هەموو گۆڕانکارییەکی رامیاری و ئابوری و کۆمەلایەتی گەر بەدیوی چاکەدا بێ ، کاردەکاتە سەر وریا بوونەوەی ئافرەتان و هەستکردن بە رۆڵی ئادەمیزادانەی خۆیان ، بەڵام نابێ ئەو راستییەشمان لەبیر بچێتەوە کە تائێستا کەمجار وا رێککەوتووە ئافرەت بێتە نێو مەیدانی نووسین وداهێنان ، باجی گەورەی



نەدابێ ، ئەوەشیان پەیوەندی بەو مێژووە دووروودرێژەی زاڵبوونی پیاوەوە هەبووە، واتا زاڵبوونی توخمی نێرینە بەسەر مێینەدا . لەنێو زۆربەی میللەتان و لەسەردەمە جیاجیاکانیشدا هەمیشە پیاو لە بواری - رامیاری و نووسین - دا خۆی بەباڵادەست و سەردار زانیوە. خۆ ئەگەر میللەتانی دیکە لەم رووەوە چەند هەنگاوێکی چوستیان نابێ ، ئەوە ئێمەمانان لەبەر زۆر هۆی ناوەکی و دەرەکی هێشتا واین لە قۆناغی گاگۆڵکێ.

لەسەردەمێکی زوودا ژمارەیەك هاتنە مەیدانێ و ئێستا بزربوون ، لە رۆژی ئیمرۆشدا ژمارەیەکی زۆر کەم کە لە پەنجەی هەردوودەست تێپەڕناکەن وان لەمەیدانێ .... بەڵام تۆبڵێی ئەوانیش تاسەر لەگەڵ کاروانەکەدا رێ بکەن ... یان ئەوەتا مێردو خوارنگە دەیاندزێ ؟!!



دڵسۆز حەمە

# سەرگەردانی رامیاری و کۆمەڵایەتی ژن و منداڵان

ئەمڕۆکە هاونیشتمانیانی کوردستان بە ژن ، منداڵ و پیاوەوە لەهەل ومەرجێکی دژوار و مەرگەساتدا دەژین ، کارەساتی کوشتن و لەناچوون و شەڕی بەردەوام کەڕێشمەی بەدەست پیاوانەوەیە ، مەرگەساتی بێوەژن بوون و هەژاری و بێکاری و بەرەوپاشەوەچوون لەسەرجەم بوارەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ژیاریشی بۆ ژنان بەدەمەوەیە . کە مخۆراکی و شێوانی ئەندامی لەش و نەخوێندەواری و بەرەڵابوونی نەوەیەکی تەواو لە منداڵانی هەژار و نووچاری کارکردنی لە تەمەنی خۆیان هەڵکشاوتر و بێکەسوکار و کەوتنی سەدانیان ، ملنانیان بۆ دەرۆزەکردن و دزی، تاوان ، پشتکردنە خوێندن ، فێربوون ، و بوون بە ماکێکی هەرزانی بازرگانی کردن بە منداڵانەوە«بازرگانی منداڵ». منداڵانی کورستان و نوارۆژی سەرجەم کورستان دەخەنە بەردەم گەورەترین مەترسیەوە.

لە چەند ساڵی داهاتودا رووبەڕوی نەوەیەکی وا دەبینەوە ، کە زۆربەیان نەخوێنەدەوار ، شێواو ، ناتەندروست و دەیان گرێوگۆڵی دەرونییان تێدا دروستبووە ، لەئەنجامی ئەو ژینگە پڕلەشەڕوشۆڕ ، کارەسات و کەموکورتییەی کە منداڵانی کوردستانی تێدا پەروەردەدەبن .

بەتایبەتی لەم ساڵانەی نواییدا ، کە فاشیەتی سەددام و رژێمەکەی هەزاران منداڵی شێواو و هەتیوکرد ، ئینجا راپەرین،

کوشتار و پێکدادانە یەك لەدوا یەکەکانی شەڕی ناوەخۆی کوردستان و باری هەمیشە نائارامی شارو شارۆچکەوگوندەکان کەتا ئەم چرکەیەش بەردەوامە و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو هەڵدێری خراپتر ملدەنێت و وڵاتی نوقمی سەرگەردانی رامیاری وکۆمەلایەتی کردووە ، ئەو قەیرانەی گەورەتر کردووە و زیاتر تەشەنەی پێدەدات .

ئەو پارەوپولەی لەچەك و تەقەمەنی شەڕی ناوەخۆدا خەرجکرا و دەکرێ ، بدرایە بەکتێب ، دەفتەر و پێنووس نەك هەر بەشی منالانی کوردستانی دەکرد ، بەڵکو بەشی یارمەتی بێگانەشی دەکرد، وەلێ مخابن رۆژ لەدوای رۆژ کورسییە چۆڵکراوەکانی خوێندن بەهەموو قۆناغە جیاوازەکانییەوە ژمارەیان زۆرتر دەبێ مامۆستایانی بێمووچەوبرسی، قوتابیانی بێ کەرەسەی خوێندن و رووتوقوت و زگ خالی ، بێهیچ ئومێدێك بەداهاتووی وڵات خەمێکە دەبێ مرۆڤی بەوێژدان بتاسێنێ ، ئەمە چ ژیانێکە لە سایەی ئەو دەسەڵاتەی پارتەکاندا ؟؟

بە کورتی نیازبوو ، بەبۆنەی هەشتی مارتەوە ، جارێکی تر جەغد لە سەر مەترسی لەدەستچوون وداڕزینی گرنگترین بەشی زیندووی جەستەی کۆمەڵگە ، کە ژن و منداڵە بکەمەوە .منالان ژن و پیاوی دوارۆژن ، هاوکات ژنان دایك و پێگەیێنەری ئەو ژن و پیاوانەن . کەواتە ئێستای ژنان و منالانە ، داهاتووی میللەت دیاردەکەن ، ئێستای تێرو تەندروست و لەسەر رێو ڕەسمی خەزمەتگوزاری و پەروەردەیەکی راست و دروست ، سبەینێ ئەندامی کارا ، چالاك و لێهاتووی کۆمەڵ دابین دەکات « پێچەوانەی ئەوە دیارە کارەسات بەرهەمدێنێ »، ئەوە سادەترین راستییە کە ئەمرۆکە بۆ ئێمە مسۆگەرنەکراوەو لەوڵاتێکدا شەڕوکوشتارو نائارامی رامیاری و بەڕێوەبردنی خراپ ئیفلیجبوونی هەموو جومگە و بەشەکانی بەڕێوەچوونی کۆمەلایەتی توشی لێکترازان ، مردن و هیشکبوون کردووە ، تاڕادەی سەرگەردانی و نەزۆکاندنی کۆمەڵ .

ژنانی کوردستان ، ئەو ژنانەبوون کە دەستیان لە هەڵگیرساندنی شۆڕشە سەر نەکەوتووەکانی رابردووی گەلەکەماندا بووە و هێزی درێژەپێدان وداکۆکیکردن بوون لێیان ، بەلام هەرگیز لەبڕیاری هەرەسیاندا دەستیان نەبووە ، هاوبەشی پەرەپێدان و قوربانیدان بوون ، وەلێ کەمجار لەکەوتن ، ناپاکی و تەفروتوناکردنی شۆڕشدا رۆڵیان بووە ، یا هەرنەیان بووە ،چونکە لای ئێمە هەمیشە توانا و لێهاتویی ئافرەت بۆ ئەو پرۆژانە بەکاربردراوە کەبیری باوکسالاری بەڕێوەیان دەبات ، تەنانەت لەپرۆسەی شۆڕش و ئازادیشدا ، لەبەر ئەوەی لە هەرەمی دەسەڵاتدا جێگای ئافرەت نەکراوەتەوە ، گەر جێگەشی پێداربێت ئەوە یا لە بنی بنەوەی هەرەمەکە یان پاشکۆبووە، بەجۆرێکی وا کە کاریگەری لەسەر سەنتەری بڕیار و ئاقاری گۆڕینی رووداوەکان نەبێت.

لەکارەساتەکانی ئەنفال وکیمیابارانکردنی کوردستان ، لە گرتن ، لێدان و لەناوبردنی هاووڵاتیانی کوردستاندا ،رژێمی ئاگروئاسنی بەعسی فاشی هەرگیز جیاوازی لەنێوان مێ و نێردا نەکردووە ، پێکەوە بەرلافاوی لەناوچوون کەوتوون ، سەرەڕای ئەمەش شاڵاوی تیرۆر و لە ناوبردنی پیاوان بە دوای خۆیدا گیروگرفتەکە رووبەرووی ئەو خوشك ، دایك ، منداڵ و ژنانە بۆتەوە کە بێوەژن ، بێبرا و جەرگسوتاو ماونەتەوە « نمونەی ئەم مەرگەساتە جگەربڕەش ئەو ژنە بارزانیانەن کە لەدوای ئەنفالی بارزانییەکان جێماون وئێستاکە لەسەختیو مەرگەساتێکی کەموێنەدا بەدەست هەژاری ، برسێتی ، بێکاری و نەمانی پیاوەکانیان کە بەخێوکەریان بوون دەژین . سەرەڕای ناڵانیان بەدەست گیروگرفتی گوزەران و چەندەها گرێی کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، کەموکورتی خزمەتگوزاری و فەرهەنگی ».

هاووڵاتیانی کوردستان - بەژن وپیاو-ەوە قوربانی گەمەی سیاسی ، داگیرکردن و بەرژەوەندییەکانن ، لەناوەی کوردستانیش ژنان قوربانی گەمەی سیاسی و بەرژە- وەندییە حیزبایەتییەکانن ، کە بیری پیاو سالارانەی پیاوی کورد بەڕێوەیدەبات و پیادەی دەکات . داهاتووی منداڵان و ژنانی کورد لەروانگەی ئێستای ئیفلیج و پەککەوتە داهاتوویەکی گەش نییە، بەتایبەتی منداڵان کەلەخراپترین باری گوزەران و پەروەردەدا دەژین و ژینگەیان بۆتە سەرزەمینێکی هەڵواسراو = لەمۆڵەقی خوێناوی ، هەروەك لەمەوبەر باسم لێوەکرد .

ژنانان ناتوانن بۆ ئازادی خۆیان و ئازادی هاووڵاتیانیان تێبکۆشن ئەگەر خۆیان لە پێوەرە پیاوانە حیزبایەتییە قاڵب گرتووەکان ئازادنەکەن . ناتوانن ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لەسەر رووداوەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان دانێن گەر ستراتیژی مرۆڤایەتی ئازادی وڵات و ئازادی ژن پێکەوە گرێ نەدەن ، دور لە چاوەڕوانی ، دڵەڕاوکێ و روانینە قاپی و پەنجەرەی ئەم حیزب و ئەو حیزب ، ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی دنیا ، یەکەمین بەرپرسیاری ئازادی مرۆڤ ، مرۆڤ خۆیەتی ، یەکەمین پێغەمبەری ئازادکردنی ژانانیش ،ژن خۆیانن . هەڵبەتە ئەم وتەیە وتەیەکی گەورەیە وپراتیککردنی هەروا سانا نییە ، وەلێ بۆ تەیاربوون ، کۆکردنەوە سەریەکی توانای ژنان و خۆچەکدارکردن بە تیۆرە مرۆڤایەتییە بەرزەکان و بەها بەرزەکانی ئازادبوونی مرۆڤ کارێکە کە ناشی بخرێتە سبەی .

بزوتنەوەی ئازادبوونی ئافرەتانی وڵاتێکی بندەست بەتوندی بەستراوەتەوە بەئازادی میللەتەکەیەوە ، هەر بۆیە خەباتی ژنانی کوردستان بۆ ئازادبوون بەستراوەتەوە بەخەباتی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان ، لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ئێمڕۆ لێوان لێو بووە لەنەگبەتی ، کەموکوڕی ، هەڵەی سیاسی گەورە گەورە و خزانی بە تەوژم ، بێگومان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە دیموکراتییە کانیش



تووشی خزان ، ئیفلیجی و نەگبەتـی هاتوون ئارادەی پەککەوتن ، کە بزوتنەوەی ژنـان بەشێکی ئەو بزوتـنـەوە دیموکراتییەیە ، سەرەڕای بە پاشکۆکردن و بەکارهێنانـی بۆ ئامانجی حیزبایەتی بەرتەسك ، ئەوا لەگەڵ هەر نوچدانێکی ئەو حیزبە پێشڕەوەی دەستیبەسەر بزوتنەوەکـەدا گرتووە ، تووشی هەڕەشە و شکست هاتووە ، هاوکات دەسەڵاتی سیاسی لەئەنجامی ئەو سەرگەردانییە سیاسـیـەی بەتووشییەوە بووە زۆر ئاسایی مامەڵە و سەودا بەکێشەی ئافرەتان و ئازادیان دەکات .

زۆرمان گەرەکە تـا بزوتنەوەرامیارییەکان لە بازنەی بەرژەوەندچێتی و گەمەی سیاسی بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسك و خێڵەکی ودیکتاتۆریەت ئازاد دەکەین ، تا تێگەیشتن لە ئازادی ، لە ئازادی ساختە ئازاد دەکەین ، ئەو کاتەش بزوتـنەوەی ئافرەت و سەرجەم بزوتنەوە مـرۆڤایەتییە دیموکراتییەکان ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆیان دەگرنەبەر و دەڕژێنە شەلـەگەی ئازادکردنی مرۆڤی کوردستان ، لەو هەموو سەرگەردانی ، چەوساندنەوە، لەناوبردن و سەرگوتکردنە ، مرۆڤی کوردستان بەژن و پیاو و منداڵەوە تێکرا ئازاد دەبن .



کریستینا کۆیڤونێین
وه رگێڕانی :
س . بابه گوڕگوڕی

کریستینا کۆیڤونێین دەنووسی ژنانی کورد پێوستیان بە و پە یوە ندی و ئاسودە یی یە کە لە نێو خێزانە گە ورە کانیاندا لە دە ستیان چووە ، کارێکی بە کۆمە ڵ بۆ ئە و بار و دۆخە پێویستە ، ئە گە ر هە روا بە پە رشویلاوی بمێننە وە کۆمە ڵگە یێکی کوردی نایە تە کایە وە .

با لە و هە ڵانە ی لە ناوە ندی ئە ورووپادا کراون فێـربین چۆن مامە ڵە ی پە نابە ران بکە ین .

# ژنە کورد ، دووره پەرێــزی و دابــڕان

ساڵانی رابردوو لێکۆڵینەوەیەك لەسەر باری پەنابەران و کۆچکردووان بۆ فینلەندا ئەنجامدرا ، لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەزمونی ژنان بە تەواوی بایەخی خۆی پێنەدرا . بەخێوکردنی مناڵ و لاوان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەرکی ژنە ، بەگشتی تاقیکردنەوەی دەرویەرێکی نوێ کاریگەری فرەوانی هەیە .

هەرچەندە کوردەکان گروپێکی گەورەی پەنابەرانن لە فینلەندا ، بەڵام لەچاوولاتانی ئەوروپای خۆراوا گروپێکی بچوکن . زیاتر لە هەزار کورد لە فینلەند دەژین ، کە نیوەیان مناڵن . لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیا و باکوری عێراق دۆزێکی ئاڵۆز لە ئارادایە ، بەڵام هێندێکیان دەتوانن بگەنە فینلەندا .

زانراوە رێکوپێکی گروپێکی ئەتنی کاتێ دێتە ئارا کە ژمارەیان بگاتە

پێنج هەزار کەس بەڵام سەرژمێری سۆماڵەکانیش ناگاتە ئەو رادەیە . دروست بوونی ژیانێکی هاوبەش بۆ کوردەکان کارێکی ئاسان نییە ، لەبەرئەوەی خێزانە کوردەکانی وڵاتەکەمان پەرش و بڵاون ، هەروەها پێشینە و زاراخفتنیان جیایە . ئەو کوردانەی کە لە وڵاتەکاماندا دەژین بە گوێرەی بەشەکانی کوردستان « عێراق ، ئێران ، تورکیا » سەرژمێریان هێندەی یەکە.

## دایکان لە شانە خێزانی گەورەوە بۆ خێزانی یەک شانە

کوردەکان بەگوێرەی ئەو ناوچانەی لێوەی هاتوون ژیانیان جیاوازە. ئەو کوردانەی لە تورکیاوە هاتوون زۆربەیان گوندین، خێزانەکان سێ نەوەی جیاوازن ، مارە بڕی لە نێوان ئەوانەدا رێکدەخرێت ، ژن و مێرد زۆربەیان خزم و کەسی یەکدین ، یا لەهەمان گروپن ، گەلێک لەو ژنانەی لە رۆژهەڵاتی خوارووی تورکیاوە - باکوری کوردستان- هاتوون نەخوێندەوارن . بەڵام ئەوانەی لە باکوری عێراق - باشووری کوردستانن ژیانیان نێزیکترە لە خۆراوایی. رادەی گوزەرانی ناوچەکە لە ساڵانی رابردوودا لە ئاستێکی بەرز و دەوڵەمەند دابوو تا داگیرکردنی کوێت و گەمارۆی ئابوری ، لەلایەکی ترەوە ژیانیان لەژێر سایەی فەرمانرەوایی سەددام حوسێندا گەلێک ناخۆش بوو . زۆربەی ئەو ژنانەی لە شارەکانی باشوورەوە هاتوون خوێندەواری و رۆشنبیرییەکی چاکیان هەیەو، لە وڵاتی خۆشیاندا کارمەند بوون .

ئەو ژنانەی بە مێرد و منداڵەوە گەیشتوونەتە فینلەند ، نێزیکەی تەواوی ژیانیان گۆڕاوە ، ئاووهەوایەکی ناخۆش ، زمان ، نەریت و خەڵکێکی نامۆ. ئەوان لەکەسوکاریشیان دابڕاون ، ئەو پێوەندییە بەربڵاوەی کە یارمەتیدەری چارەکردنی گیروگرفتەکانیان بوو لە دەستیانچووە . لە وڵاتی نووەمیاندا ؛ واتە فینلەند کێشەکانیان چارەسەردەکرێت ، بەڵام نەک وەک دایک ، خەسو ، خزم و کەس و کارییان چارەیان دەکرد .

کارگێرانی فینلەندا وای بۆدەچن کە دایکانی پەنابەر سەرەڕای بەخێوکردنی منداڵ و خەریک بوونیان بەئیش و کاری ماڵەوە ، دەبێ بایی بەرێوەبردن و گوزەرانی خۆیان زمانی فینی فێربن . ژنان کە لەوێ لەنێو خێزانی گەورەدا بوون ، دەبێ لێرە هەوڵدەن تەنیا دایک بن بەرلەوەی رێگەی خۆیان بۆ نێو ریزەکانی کۆمەڵ بکەنەوە . لە وڵاتی خۆیاندا کاتێ کێشەی خێزان دەگاتە رادەی تێکچوون و خۆیان نانتوانن بڕیاری لە سەربدەن ، دایک بە خۆی و منداڵەکانییەوە رووەدەکاتە خزمەکانی ، ئەوانیش ئەرکی چاککردنەوەیان دەگرنە ئەستۆ .

لە فینلەندا ژنانی کورد ناتوانن رووڵە خزم و کەسوکاریان کەن ، کاتێ تووشی کێشەی گەورەبن ، دەبێ خۆیان داکۆکی لەخۆیان

بکەن . چونکێ لە خزم و کەسوکاریان کە بنچینەی سیستەمی ئاسودەیی ژیانیان بوون دابڕاون . لەلایەکی ترەوە ناتوانن کەڵک لەو خزمەتگوزارییە رەسمییەوەربگرن کە لای ئێمە هەیە . ناخۆشی هەرچەند زیانبەخشە لێرە پترە لەوەی کەلە وڵاتی خۆیان رویان تێدەکات ، لە بەر ئەوەی ئەندامانی خێزان پێوستیان بەکاتی جیاجیایە بۆ راهاتن و گونجاندن و پەناهەندەبوون ، تەڵاق لە ئەورووپای خۆرئاوا « جیابوونەوەی ژن و مێرد » کارێکی ئاساییە ، لە فینلەند کەمتر روودەدات .

لە ئەڵمانیا و فەرەنسا سەلماندوویانە : ئەوانەی لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە کۆچیان کردووە ، لەگەڵ یەکدی گونجاو وتەبان . دەوروبەراوسێیان خەڵکی وڵاتانی خۆیانن گروپی خۆیانیان پێکهێناوە . پەنابەران لە فینلەند لە هەرلایەکی وڵاتدا بن گوزەرانیان دابین کراوە ، بەڵام لە زۆربەی ناوچەکاندا ، تەنیا چەند خێزانێك دەژین ، بەدەگمەن واهەڵدەکەوێ دە خێزان لەیەك ناوچەدا بە یەکەوە بن ، لەگەڵ ئەوەی کە بەیەکەوەشن ناتوانن کۆمەڵێك بۆخۆیان پێکبێنن « گروپەکان بچوکن و هەریەکەو سەرقاڵی کارێکن » .

بەزۆری کچانی کورد پەروەردەدەکرێن بەوەی کە ئەرکی ژیانیان شوکردن و مناڵ بەخێو کردنە . بەلایانەوە فینلەند وڵاتێکی سەرسوڕمێنە ، دایك بایەخی ئەوەندە زۆرە ، مووچەی تایبەتی خۆی هەیە « دایکانە و یارمەتی بەخێوکردنی مناڵ » . نیزیکەی تەواوی ژنانی پەنابەر داوای یارمەتی راژەکردنی ماڵ و بەخێو کردنی منال دەکەن . ئەگەر هاتوو لە دووساڵدا منالێکیان ببێ ، ئەوا چ پەلەیان نییە لە فێروونی زمان و کۆڕسی کارکردن . بوونی گروپی بیانی لە فینلەند دیاردەیەکی تەواو نوێیە ، دایکانی ماڵ ، ئەوانەی کە نەخوێندەوارن و زمانی فینی نازانن ، لایەنە رەسمییەکان هیچ رێیەکی وایان نییە ناچاریان بکەن فێری زمان ببن ، تا هەرنەبێ بتوانن بەبێ موتەرجیم - وەرگێر - کارو باری سۆسیال و بەرێوەچونی خۆیان هەڵسوڕێنن . زۆربەی موتەرجیمەکان پیاوەکانیانن ، کە سەرەڕای کۆڕسی کار کردن دەبێت خەریکی جێبەجێکردنی کاروباری ژنەکانیشان بن . دایکانی ماڵدار کە منالەکانیان سێ ساڵیان تێپەڕکردووە و باخچەی ساوایان وەریان ناگرن ، لەگەڵ ئەوەی لەفینلەندا یاسای باخچەی ساوایان هەیە ، بەهۆی ئەمەوە ئەو منالانەی دەچنە پۆلی یەکەم هی وایان تێدایە ماوەیەکی زۆرە لە فینلەندایە ، بەڵام بە تەمەنی دەساڵیشیانەوە زمانی فینی - یان لاوازە .

هاتنی بیانیانی کۆچکردوو بۆ فینلەند بیست ساڵێك پاش وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوا دەستپێکردووە ، ئێمە دەتوانین لەو هەلانەی ئەوان کردوویانن سوودوەربگرین و راستیان کەینەوە . گرنگ ئەوەیە بۆشایی گەورە لە نێوان کۆچکردووان و ئەو منالانەی کە لێرە لە دایکدەبن نەیەتەکایەوە . کارگێران

و سەرپەرشتکارانی کاتی ڕۆژانەی منالان گوێ نادەنە ئەو ڕوداوانەی لە وڵاتانی تری ئەورووپادا ڕوودەدەن و ، هەوڵدەدەن لە ڕێی هەڵە و ڕاستکردنەوە لە تاقیکردنەوەی خۆیان کەڵك وەربگرن .

بۆچونی بەڕێوەبەرایەتی پەنابەران ئەوەیە کە پەنابەر لە کۆمەڵگەی فینلندی بگونجێندرێت . ئەو تێرمە واتا یەکبوونی کلتوورەکان ڕێگەیەکی باش و سەرنج ڕاکێشەرە . گرنگە ئاشنای کلتوری نوێ بێت ، بەڵام ڕێزی کلتوری خۆشت بگریت ، نەلە هی وان دابشکێنیت و نەهی خۆشمان زۆر زەقبکەینەوە .

## رابردوویەکی پڕ ئازاری کلتوری هەمەجۆر

ئەو کارگێڕانەی لەگەڵ کوردەکان کاردەکەن ، هێندێجار لایان سەیرە کە دەبینن کوردەکان کەم وایە ئارەزووی دەستخستنی زانیاری دەربارەی وڵاتی نوێیان « فینلەند » بکەن . دەیان ساڵ هەوڵیانداوە ناسنامەی کوردەکان بەزۆر بگۆڕن و بیان کەنە عەرەب ، تورك و فارس . ئەوە بارێکە دوای ئازادبوونیان لێی نایانەوێ شتی نامۆی نوێ جێی بگرێتەوە .

لەئەورووپا کورد جاری یەکەمە دەتوانێ ئازادانە ئەوەبێ کە هەیە . لەوڵاتی خۆیاندا کلتورەکەیان قەدەغەیە ، بۆنمونە تەلەفزیۆن بەزمانی کوردی نییە .لە ئەورووپا بەهۆی سەتەلایتەوە بۆیان ڕەخساوە تەماشای بەرنامەی کوردی بکەن ، جا بۆچی تەماشای ئەو بەرنامانە بکەن کە بە زمانی بێگانەن ؟

هەواڵ و ڕووداوەکانی فینلەند سەرنجی ئەو خەڵکانە ڕاناکێشی کە لەوڵاتەکەیاندا شەڕوشۆڕ بەردەوامەو کەسوکاریشیان لە وێن . پەنابەران هەست بەگوناه دەکەن کەخۆیان لە لۆزێکی ئاسایش و کەس و کاریان لە بارێکی ناخۆشدان ، بەتایبەتی ئەوانەی باوانیان بێکەس و بێدەرەتان ماون ، بۆیە فێربوونی زمان و کۆڕسی کارکردن بۆ ئەوان هێندە جێگەی بایەخپێدان نییە .

نووسەر : خاتو کریستینە کارگێڕی بەشی بیانیانی شاری هێلسنکی یە .
دووشەمە ، ٧ی ئەپریل ١٩٩٧
ڕۆژنامەی هێلسنکی سەنۆمات

هەوارنامەی کتێب



حەمەسەعید حەسەن

# شیعر و ئایدۆلۆژیا

## کارەسات و قوربانی

سەرنج بدەن
لە ئەستێرەکەی داودا
شەش بەندیخانەی سێ گۆشە ،
لەناوەندیا :
مانگێکی دایکی عەرەبی ،
تیا رەشپۆشە ،
سەرنج بدەن (1)

وەك چۆن خاچ سیمبۆلی ئایینی عیسایە ، ئەستێرەی داودیش سیمبۆلی ئایینی جووە، لێکچوواندنی گۆشەکانی ئەو ئەستێرەیە بە شەش بەندیخانە و دواتر نیشاندانی دایکێکی عەرەبی رەشپۆش لەناوەڕاستی ئەستێرەکەدا ، رەنگدانەوەی جاڕدانی ڤینی شێرکۆ بێکەسە لە هەڵگرانی ئایینی جوولەکەو تەواوی خەڵکانی سەر بەو گەلە .
لە ئەورووپا ئازادیی بیروڕا دەربڕین هەیە ، بەڵام سووکایەتیکردن بە ئایینێك یان میللەتێك نەك هەر ناکەوێتە خانەی ئازادیی بیروڕا دەربڕینەوە ، بەڵکو تاوانە و دەکەوێتە خانەی « Hets mot folk grupp » ەوە ، کە ئازاردان ، راونان ، بەسووك سەرنجدان و دژایەتیکردنی : میللەتێك ، تیرەیەك ، هەڵگرانی ئایینێك دەگرێتەوە و لەسەر ئەم تاوانە بەپێی یاسا تا ئێستا گەلێ جار نازی و

راسترەوەکان بەداداگا دراون و بەسزای رەوای خۆیان گەیشتون .

ئەم شیعرە کەلە راگەیاندنی عێراق و پاشان کۆمەڵە شیعری کازیوەدا 1987 بڵاوکرابووەوە، ساڵی 1988 لەدیمەشقیش لە کۆمەڵە شیعری « مرایا صغیرة »دا بە عەرەبی بڵاوکرایەوە ، بەعس لەسوریا بێ یان عێراق وەك دوژمنێکی سەر سەختی جوولەکە ناسراوە و بەئاشکرا جاڕی بنەبرکردنی گەلی جووی داوە ، بانگاشە بۆ ئەوە دەکا هەموو جوولەکە فڕێ بدرێنە دەریای سپی ناوەڕاستەوە ، بۆیە ئەم شیعرە ڕەنگدانەوەو بەرجەستە کردنی ئایدۆلۆژیای بەعسەو بەرتیلدانە بەو حیزبە فاشییە .

شێرکۆ ئەم کارەی بەو پەڕی هۆشیارییەوە ئەنجام داوە ، هەربۆیە کاتێ ئەو کورتە شیعرانەی « مرایا صغیرة - ئاوێنە بچوکەڵەکان »ی بۆ چەندزمانێکی ئەوروپایی وەرگێڕدراون ، ئەم شیعرەی لێ دەرهاویشتووە ، چونکە زانیویەتی خوێنەری ئەوروپایی لەلایەکەوە زێتر دۆستی جوولەکەن وەك لە نەتەوە پەرستانی عەرەب ، لەلایەکی دیکەشەوە دژی راسیزم و فاشیزمن .

شێرکۆ لەشا شاپەرسترە ، هێشتا هیچ شاعیرێکی نەتەوەپەرستی عەرەب هێندەی وی راسیستانە دژی جوولەکەی نەنووسیوە . ئایینی جوولەکە گەلێ دێرین و پێش ئایینی ئیسلام سەریهەڵداوە، کێشەی نێوان عەرەب وجوولەکە پەنجا ساڵێکە کێپەی سەندووە ،شێرکۆ مافی خۆیەتی لەشەڕی هاوچەرخی نێوان عەرەب و جوولەکەدا ، لایەنی عەرەب بگرێ، بەڵام بۆی نییە سووکایەتی بەوگەلەو بەو ئایینە ئاسمانییە دێرینە بکات. شێرکۆ ئەگەر لەبەرتیل بەبەعس دان نەبووایە ، دەبو وەك نەتەوەپەرستێکی کورد لەبەر رۆشنایی « دوژمنی دوژمنم دۆستمە » دا لایەنی جوولەکەی بگرتایە (2)

توخۆلسکی 1890 - 1935 ساتیر و رۆماننووسێکی جوولەکە بوو ، لە ترسی نازییەکان ئەڵمانیای بەجێهێشت و لە سوێد لەبەر دەستکورتی خۆی کوشت .

لە مێژە سوێدییەکان بۆ داپۆشینی ئەو شەرمەزارییە ساڵانە یارمەتی توخۆلسکی، بەنووسەرێکی بێدەرامەتی لەزێدی خۆ راونراو دەدەن . ئەو پەڕی کارەسات و گاڵتەجاڕیی ئەوە بوو : یانەی قەڵەم بە هەوڵ وچاوپەستیی عومەرشێخمووس ، ساڵی 1987 یارمەتییەکەی بە شێرکۆ بێکەس بەخشی کە سووکایەتی بەگەل و ئایینی جوولەکە دەکات .

یانەی قەڵەم بەم کارەی سەرو تاجەگوڵێنەی لەسەرگۆڕی هەموو بکوژو بیرانی ئازادیخوازان و هەڵگرانی ئایینی جوو دانا و جارێکی دی ئاگری لە شاکارەکانی توخۆلسکی بەردایەوە و هەمدیسان شەرەفی ئەڵمانیبوونی لێ سەندەوە و سەرلەنوێ کوشتییەوە.(3)

توخۆلسکی دەیویست رێ لەرووداتی کارەساتێکی گەورە بگرێ ، کەچی خۆی

یەکێك بوو لەقوربانییەکانی ئەو کارەساتە .
ژیانی بریتی بوو لە خەبات لە پێناوی ئاشتیوئازادیدا (4) کەچی یانەی قەڵەم کارێکی کرد کەسێکی وەك شێرکۆ کە ناو بەئاشتی شەڕ و خوێنڕشتن و فاشیزمدا دەکات ، سوود لەبەری رەنجی توخۆلسکی وەربگرێ .

## شەهریار و کالیگۆلا

دوای تێکشکانی ئەڵمانیای نازی ، بەرپرسی رادیۆی ئەڵمانیا ، لەبەر ئەوەی ئەڵمانییەکانی بۆ کوشتنی خەڵکانی سەر بەگەلانی دیکە هاندەدا ، وەك تاوانبارێکی جەنگ راکێشرایە بەردەمی دادگای نۆرمبورگ . شێرکۆ بێکەس لە شیعری هەتاودا کە بۆ « جەبارفەرمان » ی (5) نووسیوە ، تێیدا ناوبراو وچەکدارەکانی بۆ قەڵاچۆکردنی ئیسلامییەکان هاندەدا . لە بەر ئەوەی خەڵك بۆ کوشتن هاندان تاوانە و لەهەر جێیەکی ئەم جیهانەدا کە یاسای تێدا سەروەربێ، ئەوی ئەو تاوانەی بدرێتە پاڵ ، بەدادگا دەدرێ ، بۆیە دوور نییە لە داهاتوودا شێرکۆش وەك تاوانبارێکی جەنگ رابکێشرێتە بەردەمی دادگا .

ئێزرا پاوەند 1885-1972 لەبەر ئەوەی لە رادیۆی ئیتاڵیاوە فاشستەکانی بۆ جوو کوشتن هاندەدا ، دوای دووەمین جەنگی جیهانی درا بەدادگا و سێزدە ساڵ لە شێتخانەیەکدا ، لەواشنتۆن زیندانی بوو(6) . شێرکۆ شاعیرێکە شەیدای خوێن و ئەمە یەکەمین جاری نییە داوای قەڵاچۆکردنی لایەنێك بکات ، بەڵکو لە مێژە چالاکانە بەشیعر بەنزین بەئاگری شەڕی براکوژیدا دەکات .

بەلزاك سکرتێری هونەریی کۆمەڵگەی پاریس بوو ، دیکنز : لەندەن ، جۆیس : دبلن ، نەجیب مەحفووز : قاهیرە ، حوسەین عارف : سلێمانی ، شێرکۆش میرزای یەکێتی نیشتمانییە . جاران پاشایان نووسەرێکیان هەبوو هەڵسوکەوتی رۆژانەیانی دەنووسییەوە و شەڕو ئازایەتییەکانیانی تۆمار دەکرد . ئێستا شێرکۆ هەمان رۆڵ بۆ یەکێتی دەبینێ و شاعیرێکی ئێندۆگامە ، شیعر بۆ کۆچکردووان و دەستڕۆیشتووەکانی حیزبەکەی خۆی دەڵێ ، بەڵام ناویەناو بۆ فریودانی خوێنەر شیعر بۆ کەسانی سەربەلایەنە کوردییەکانی دیکەش ، بەمەرجێ نەیاری یەکێتی نەبن ، دەنووسێ .

بەشێکی زۆری شیعری شێرکۆ تەرخانە بۆ بەسەرکردنەوەی ژیننامەی پیاوکوژانی لە بابەتی : عەلی عەسکەری7 سەیدکەریم 8 مامە ریشە9 و جەبارفەرمان. لەشەڕی ئوحددا پێغەمبەری ئیسلام محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا ددانێکی لەدەستدا ، بەسەرهاتی لەدەستدانی ئەو ددانە پیرۆزە هێشتا لەشیعری عەرەبیدا رەنگینەداوەتەوە . بەڵام کاتی محەمەد فەرەج 10 قاچێکی دەپەڕێ ، شێرکۆ ئەو قاچە پەڕیوە لە شیعری « گۆرەوی 11 » دا تۆماردەکا .

شێرکۆ شاعیرێکی مێژووشێوێنی ڕاستینە بێژە، لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا کە لە ڕووناکی و دراودا خەستدەبێتەوە، بەشداری لە چەسپاندنی زەبروزەنگ و زوڵم و زۆردا دەکات، دیکتاتۆر وەك مرۆڤدۆست، جەللاد وەك قارەمان، داوێنپۆخڵ وەك فریشتە و زەڵکاو وەك گوڵزار نیشاندەدات.

شێرکۆ لە هۆنراوەی «دز 12» دا لە بری ئەوە دزەراستەقینەکان دەستنیشان بکا، دێت خوێنەر چەواشە دەکات و هەموو خەڵکی کوردستان بە دز ناودەبات و دەڵێت: هەمووما هەر دزین. وەك د. کەمال میراودەلی بۆیچووە: «زیتر پاکانە بۆ دز دەکات، وەك لەوەی ریسوای بکات 13». شێرکۆ کە بەشێکی لەو سامانە دزراوەی کوردستان پێدەبرێ، بەوریاییەوە داکۆکی لە دزە مەزنەکانی کوردستان دەکات و شیعری بەمەبەستی درێژەدان بەدزیی دەخاتەگەڕ.

فارابی دەڵێ: «ئەوی لەناو ئامێرێکدا بێت، خاوەنی خودی خۆی نییە.» حیزب: ئامێرێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، شێرکۆ کە بەشێکی بچووکە لەئامێری حیزبدا، خاوەنی خودی خۆی نییە و لە مرۆڤبوونی خۆی دابڕاوەو حیزب: «کرۆکی ئینسانیبوونی، واتا: ئازادی داهێنانی لێ زەوتکردووە 14» بۆیە شیعرەکانی بەرجەستەکردنی خواست و بەرژەوەندییەکانی حیزبن، نەك ڕەنگدانەوەی خەووخولیاکانی خۆی وەك ئینسانێك، ئەگەر نا، داوای ڕامالین و سووتاندنی ئیسلامییەکانی نەدەکرد، بەڵکو ڕەخنەی لێدەگرتن و هەولیدەدا دایەلۆگیان لەگەڵدا سازبکات.

شێرکۆ لە لوولەی تفەنگەوە دژی شمشێرە، لەمەڵبەندەوە 15 دژی مزگەوتە. لەسەنگەری ئایدۆلۆژیای فاشییەکانەوە، دژی ئیسلامە. ڕادیکاڵ کەسێکە هاوزەمان دژی یاسا سەردەم بەسەرچووەکانی ئاسمان و یاسا نووسراوونەنووسراوە نائینسانییەکانی زەمین بێت.

«باشتر سپارتاکۆس دەسەڵاتی نەگرتە دەست، دەنا کێ دەڵێ ئەویش نەدەبووە دیکتاتۆر16». با دەسەڵاتدارانی ئێستای یەکێتی لەسەرەتاوە خەباتگێڕیش بووبێتن، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کەماوەیەکی درێژە وەکوو کرۆك لەگەڵ پیاوانی ڕژێمی بەعسدا هیچ جیاوازییەکی گرنگیان نییە و ئەو «خەباتگێڕانەی» جاران، ئێستا دز و پیاوکوژن، چونکە یەکێتی قوتابخانەیەکە بۆ ئامادەکردنی بکوژ، ئەگەر گاندیش زیندووببێتەوە و چەند ساڵێك لەو قوتابخانەیەدا بەسەرببەرێت، دەبێتە جەللاد. جەلال تاڵەبانی - سکرتێری یەکێتی - خۆی دەڵێ «ئەوی لە بادینان تیرۆر بکری، پ.د.ک. دەیکوژێ، ئەوی لەسۆران تیرۆر بکرێ، ئێمە دەیکوژین».

ئاخۆ شێرکۆ! مێژوو لەوەستاندا دەبینێت و دەرك بەم ڕاستییانە ناکات؟ یان وای بۆدەچی مێژوو شمشێر دەینووسێتەوە؟ ئەگەر شاعیرو شەهریار نییە، بۆ قەڵەمەکەی لە ڕاژەی

کالیگولادایە؟
ئایا ئەوە ڕێکەوتە کە حیزبەکەی هیتلەر ئەوی شێرکۆ هەردووکیان سۆسیال نیشتمانین؟

وەك باختین و تودرۆف یش نکۆڵی لێناکەن، شیعر لەئایدۆلۆژیا جیاناکرێتەوە. شیعری شێرکۆ بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای فاشیزمی کورد. نەتەوەییەکان، چەپەکان و ئیسلامییەکان، ئەمانە سێ هێزە سەرەکییەکەی گۆڕەپانی سیاسی کوردستانن. شێرکۆ وەك شاعیرێك دەبوو خوازیاری ئەوە بوایە ئەو هێزانە لە ڕێی سندووقی هەڵبژاردنەوە، کێشەکانی نێوانیان بڕێننەوە، نەك تیغی شیعر بۆ سەربڕینی نەیارەکانی حیزبەکەی بخاتەکار.

ئایاری 1983 کە ی.ن.ک قەسابخانەی بۆ کۆمۆنیستەکان دانا، شێرکۆ لەشارەوە بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەمەزنەوە پیرۆزبایی لەسەرکردایەتی یەکێتی کرد، ئێستاش ئاواتەخوازە «ڕیخوڵەی دوا کۆمۆنیست بۆ گەردنی دوا ئیسلامی بکرێتە پەتیسێدارە 17»

حیزبەکەی شێرکۆ هەمیشە کۆمیتەی پیاوکوشتنی هەیە و ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە هەمیشە لیستەیەك ناویان لە باخەڵدایە، کە بەفەرمانی سەرکردایەتی دەبێ تیرۆر بکرێن. لەدوای ڕاپەڕینەوە - بەهاری 1991 - ئەو پیاوکوژانە لەجەلالستاندا زۆر لە جاران چالاکتر دەستبەکارن.

ئەگەر تەنیا دوو جۆر تیرۆر هەبێ:
- شۆڕشگێڕانە: کوشتنی کەسانی سەر بە دوژمن.
- فاشستانە: تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی.

ئەوا حیزبەکەی شێرکۆ؛ نزیکەی هەموو چالاکییەکانی دەکەوێتە خانەی تیرۆری فاشستانەوە، ئەگەر شەڕی ناوخۆیش لەبەرچاوبگرین.

## مەلا و شاعیر

میشیل عەفلەق دەڵێ: «پێوەندی نێوان عرووبە و ئیسلام وەك پێوەندی نێوان لەش و گیان وایە 18» بەعس و یەکێتی هەردوولایان: نەتەوەیی «ئیسلامی» و «سۆسیالیست»یشن، بۆیە ملهوڕی خۆیان جارێ بەجبەی داکۆکیکردن لە ئیسلام و جارێ لەژێر ئاڵای سووری هەژاراندا دەشارنەوە.

شێرکۆ لە شیعری «هەتاو»دا، هیچ لەتاریکیدا ناهێڵێتەوە و ڕوناکی دەخاتە سەر دیوی ناوەوەی یەکێتی، بۆیە نەك هەر فەتوای کوشتنی هەموو ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی دەدات، بەڵکو داواش دەکات بکرێن بەزووخاڵ، چونکە دوژمنی ژن و شیعرن. مەلا عوسمان-ی ڕێبەری بزوتنەوەی ئیسلامیش دەڵێ: «ئەوانە: «ی.ن.ک» دوژمنی خوا و پێغەمبەری خوان، بەچی تواناتان هەیە لێیان بدەن 19» مەلا عوسمان لەشێرکۆی شاعیر دڵۆڤانترە، مەلا تەنیا داوای لێدان دەکا، شاعیر داوای سووتاندنیش دەکا.

لەسەردەمی ڕێنەسانسدا ڕۆشنبیرەکانی ئەوروپا، لەناوجەرگەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی میللەتەوە، دژی دەسەڵاتی

ئایین بوون ، شێرکۆ لە سەنگەری دەوڵەت و دەسەڵاتدارانەوە دژایەتی ئایین دەکا .

رۆشنفکرانی عەرەب وەك چۆن بە گەرمییەوەدژی بکوژانی مەهدی عامیل دەنگی دلێریان بڵندکردەوە ، هەروایش دژی بکوژانی محەمەد باقر ئەلسەدر ئەوپەڕی نارەزییان دەربڕی . خاوەنفیکر دەبێ ؛ هاوزەمان دژی تیرۆرکردنی سەیدقوتب و حوسەین مروە بێ .

بە پێی بۆچوونی مەلاکرێکار 20 شێرکۆ چونکە کافرە ، خوێنی حەڵالە . بەپێی خواستی شێرکۆش ئیسلامییەکان چونکە کۆنەپەرستن ، دەبێ قەڵاچۆبکرێن . کەواتە شێرکۆش وەك مەلاکرێکار نان بەبوونی بەرامبەرەکەیدا نانێت . مەلا بە شێرکۆ دەڵێ: تۆ کافری ، کەواتە تۆ نیت. شاعیریش بەمەلا دەڵێ: تۆ کۆنەپەرستی کەواتە تۆ نیت . بەم پێیە مەلاوشاعیر سەر بەهەمان کلتوورن و تەواوکەری یەکترین وهیچیان لەوی دیکەیان شارستانیتر نییە ، ئەگەرچی سەنگەریان جیاوازە .

ئێنگلس دەڵێ : « خوای تاك و تەنیا ، بەبێ شای تاك و تەنیا هەرگیز پەیدا نەدەبوو ، خوای تاك وتەنیا کۆپیایەکی کتومتی زۆرداری تاك و تەنیای رۆژهەڵاتییە 21 » لەم روانگەیەوە مەلاو شاعیر ئەگەرچی ئەمیان پشتی بە خواو ئەویشیان پشتی بەزۆردار بەستووە ، بەڵام کۆپیای یەکترین . قورئان داوا لە بەندە دەکا ، گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بێ ، پێڕەوی حیزبیش داو لەئەندام دەکا : گوێڕایەڵی سکرتێری گشتی و نوێنەرەکانی بێ .

بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام: سەرخۆش ؛ جەڵدەی لێدەدرێ ، دز : دەستی دەپەڕێنرێ . جەردە : دەست و قاچی دەپەڕێنرێت و هەڵدەواسرێ ، زانی: رەجم دەکرێ ، مولحید : دەکوژرێت ، بەپێی ئایۆلۆژیای شێرکۆی شاعیریش ، نەیار: بەشێوەیەکی گشتی دەکوژرێ ، بەڵام ئەگەر ئیسلامی بێ دەسووتێنرێ .

« ئەوانەی لەئایینی ئیسلام هەڵگەڕانەوە ، ئیمامی عەلی دەیکوشتن . ئینجا دەیسسووتاندن 22 » چونکە بەپێی بۆچوونی پێغەمبەر : « زیندوو سووتاندن حەرامە و تەنیا خوا خۆی دەتوانێ لەدونیای دی ئەو کارە ئەنجام بدات 23 » ئەو مافەی کە خوا تەنیا بەخۆیی رەوا بینیوە ، شێرکۆ ساغینەکرلۆتەوە ، ئایا ئەویش بەجەبار فەرمانی رەوا بینیوە ، یان دەیەوێ جەباریش هەروەك ئیمامی عەلی ، سەرەتا خەڵکە بکوژێت ، دواتر بیانکات بەزووخاڵ ،

ئیمامی عەلی دەڵێ : « ئێمە باوەڕمان بەسەرشمشێرەکانمانەوەیە 24 » . شێرکۆش بە جەبارفەرمان و چەکدارەکانی دەڵێ:

لەگەڵ پەنجەتانا . . . قەڵەم ،
لەگەڵ گوللەتانا . . . وشە 25 .

ئەبوویەکری سەددیق دەڵێ : « ئەوی لە ئایین هەڵگەڕاوەتەوە ، سەری ببڕن و بە ئاگر بیسووتێنن و ژن و منداڵی بەدیل بگرن 26 » جەبارفەرمانیش دەڵێ :

« ئیسلامییەکان ریشەکێش بکەن 27 »
شێرکۆش خوازیارە« بکرێن بەرووخاڵ 28»
وەك چۆن عەبدوڵلای کوڕی عامر لە
خوێنی خەڵکی شاری ئێستەخر جۆگەی
هەڵبەست 29 ، شێرکۆش دەیەوێ جەبار
فەرمان لە خوێنی ئیسلامییەکان جۆگە
هەڵبەستێ ، هەر ئەوە ماوە پێی بڵێ:

هاورێی شیرینم:
لە خوێنی نەیار ، جۆگە هەڵبەستە ،
تا لافاوی خوێن
هەڵنەسێ کەی ساڵ
ساڵی هەڵبەستە ؟

یەکێتی کە جاڕی قەلاچۆکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدات ، ئەوە رەنگدانەوەی ناکۆکی نێوان بەرەی پێشکەوتنخوازان وکۆنەپەرستان نییە ، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەدیە: کە بزووتنەوەدلەناوچەی سۆران هەڕەشە لە دەسەلاتی یەکێتی دەکا ، هەر بۆیە ئەدهەم بارزانی - رێبەری حیزبوڵلای شۆڕشگێڕی کورد - چونکە لە سۆران هیچ جێپێیەکی نییە ، کاتێ فەتوای کوشتنی رێبوارئەحمەد دەدا ، یەکێتی بەگەرمی پشگیری لێدەکات ، یەکێتی لایەنیکی نەتەوەیی « نەتەوە پەرستی وئایینی ئیسلامیش دووڕووخساری یەك دراون 30 » « دوونای جیاوازن بۆ یەك شت 31 » رێبەرە نەتەوەییەکانی کورد زۆربەیان هاوزەمان رێبەری ئایینیش بوون ، وەك : شێخ سەعید ، شێخ مەحمود ، قازی محەمەد و مەلامستەفای بارزان . کەوابوو شێرکۆ بەهەڵەدا چووە کەناکۆکی نێوان باڵێکی نەتەوەپەرستان لەگەڵ باڵێکی خواپەرستاندا « بە ململانێی نێوان هێزی رووناکی و هێزی تاریکی ناودەبات 32 » ئەگەر یەکێتی دژی ریشی درێژ و جبە و عەمامە بووایە پاسداری تا کۆیە نەدەهێنا و کە ئاودیوکرا بە پردی رژێمی ئیسلامی ئێراندا نەدەهاتەوە ، تا کۆیە . ئەوی « فەتواکەی ئەدهەم بارزانی و راگەیاندنەکەی قسەکەرێکی یەکێتی نیشتمانی بخوێنێتەوە33 » هەستدەکا ، هەر دوولا هەر خاوەنی هەمان گوتارن .

ماشئت لا ما شاءت الاقدارُ
فاحکم فانت الواحد القهارُ 34

شێرکۆش جەبار فەرمان دەگەێنێتە ئاستی خوا و ئەمەی سەدان ساڵ لەمەوبەر شاعیری شیعرفرۆشی عەرەب لەستایشی خەلیفەدا گوتوویەتی ئەمیش دێت لەستایشی جەبار فەرماندا دووبارەی دەکاتەوە .

مزجت روحك في روحي كما
تمزج الخمرة بالماء الزلال
فإذا مسك شيء مسني
فإذا انت انا في كل حال. 35

حەلاج لە خوادا تواوەتەوە ، یان خوای تێیدا تواوەتەوە ، شێرکۆیش بە جۆرێ لەگەڵ پیاوکوژاندا یەکی گرتووە ، تارادەی لەیەکتریدا توانەوە ، بۆیە تووشی دابڕانێکی مەعریفی بووە و بێجگە لە ئەتمۆسفیری یەکێتی ئاگای لە جیهانی دەوروبەری نەماوە ، هەر ئەمەیشە وای کردووە ، پێی ئاسایی بێت شیعر بۆ دیلسوتێنێکی وەك

جەبارفەرمان بنووسێ و داوای سووتاندنی ئیسلامییەکان بکات.

لەمێژە خومەینی خوێنی سەلمان روشدی حەڵاڵکردووە، بەڵام ئەو نووسەرەمەزنە، داوای کوشتنی کەسی نەکردووە، نەجیب مەحفووز گەرچی ئیسلامییەکان هەوڵی کوشتنیان داو بەسەختی برینداریان کرد، بەڵام چەندین جار گوتویەتی: نەك هەر قینم لەوانە نییە کەویستیان بمکوژن، بەڵکو بەزەییشم پێیاندادێتەوە،چونکەفریودرابوون. د.نصرحامدأبوزید گەرچی ئیسلامییەکان کارێکیان کرد مافی ئەوەی لێ سەنرایەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بژی، کەچی ئاواتی ئەوەیە رێی پێ بدرێ لە دەزگاکانی راگەیاندنی میسرەوە داکۆکی لە خۆی بکات و ئەگەرچی دەمێکە لە ئەورووپا - هۆلاند - دەژی، بەڵام هێشتا هیچ لایەنێك نەیتوانیوە بەراوەژوو دژی ئیسلام سوودی لێ ببینێ .

## تەور و شیعر

وریا ، دەیزانی دەکوژرێ ، بەڵام نەیدەزانی بەتەورلەت و پەت دەکرێ. نەیدەزانی ئەو تەوروەشێنە دەبێتەقارەمانی شیعری شێرکۆ بێکەس. وریایش وەك زۆر پێشمەرگەی دی ، حەزی لە شیعری جوامێر 36 بوو . دەشێ وریا سەردەمێ بەهیوابووبێ، ببێتە قارەمانی پۆستوە شیعرێکی جوامێر، بەڵام ناشێ بیری بۆ ئەوە چووبێت، جوامێر شیعر بۆ جەلادەکەی بنووسێ .

وریا لەسەرخواستی نەوشیروان مستەفای سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران، نووری حەمە عەلی 37 کوشتبوو . وریا یان وا تێگەیاندبوو نووری ملیلانێرەو پیاوی رژێمەو دەیان پێشمەرگەی بەگرت و بەکوشتداوە. نووری هەموو ئێوارەیەك لە- چایخانەکەی مام عەلی 38 - چایەکی دەخواردەوە، بەڵام ئەگەر زۆریشی حەز لێ بووایە، لە توانایدا نەبوو هەموو ئێوارەیەك چارەگێك عارەق بخواتەوە. پرسەی نووری لەوی شێخ مەحموودی حەفید قەڵەباڵغتر بوو. یەکێتی کە زانییان نووری هێندە خۆشەویستی خەڵکی سلێمانییە،لەئێزگەوە بڵاویانکردەوە کە رژێم کوشتوویەتی و خوێنی بەفیڕۆناچێ.وریا کەزانی تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە،لەشاربازێری سەخت،هاواری کرد: ئەوەمن بووم نووریم لەسەرخواست و بەنامەی سکرتێری کۆمەڵە کوشت . وریا لەبەردەم کۆنفرانسی رێکخستنی توکانیشدا گوتی: ئەو نامانەم پاراستووە کە فەرمانی کوشتنی نووری و کەسانی دیکەیان تێدایەو نیشانی کۆنفرانسی گشتی کۆمەڵەیان دەدەم .سەرکردایەتی کۆمەڵە داوای نامەکانیان لە وریا کردەوە، نەیداو لەسەرقسەی خۆی سوور بوو ، ئێدی پایزی 1983 بەفەرمانی نەوشیروان گرتیان و بەسەرپەشتی جەبارفەرمان بەتەور لەتویەتیان کرد 39 . چەند رۆژێك دواتر بەیاننامەیەکی کۆمەڵە گوتی: « وریا چونکە نهێنی شۆرشی درکاندبوو، ئیعدامی شۆرشگێرانەکرا»، ئەمەیش خەسڵەتێکی فاشستە

ڕەسەنەکانە ، ئاوان بەئاوان دەشارنەوە
ئەوری دەستی
ئەو هاوڕێ جەبارفەرمانەم
بەبیری ورد
ئەورووەشێنەکەی بەغدای شەرمەزارکرد 40.

لەساڵانی حەفتادا لەبەغدا ئەورووەشێنێك پەیدابیبوو، لەناکاوخۆی بەسەرماڵێکدا دەداو ئەوری خۆی دەوەشاند، نایەتەوە یادم ئەو ئەوەروەشێنە کە بە < ئەبووطەبر > ناوی زڕابوو ، گیرا ، کوژرا یان هەردەستکردی بەعس بوو ؟

مامەخولە کادرێکی شارباژێری کۆمەڵە بوو . ساڵی 1985 ڕێکخستن بە ئاوانی عێراقچیێتی گرتیان لەکاتی لێکۆڵینەوەدامامە خولە کاڵتەی بەقسەی جەبار فەرمان هاتبوو، جەبار بەشانازییەوە پێی گوتبوو: لەوەدەچێ نەمناسی ، من بە ئەبووطەبر بەناوبانگم ،چیت پێیە هەڵیرێژە.

ئەمە تەنیا دوولاپەڕە بوو لەدەفتەری ژیانی جەبارفەرمان . شێرکۆ ئاگاداری گەلێ لاپەڕەی ڕەشی دیکەشە ، ئەدی چی هانیداوە شیعر بۆ وەها جەللادێك بنووسێ ؟

## شمشێر و پەپوولە

ئەوری ریشدار
هاتن سەرلەنوێ قەڵەمی شەرەفکەندیو
جارێکی تر کتێبەکەی
< عبدالخالق > بکوژنەوە. 41

عەبولخالق مەعروف ساڵی 1985 کتێبێکی بەناونیشانی«ئازادی لەکۆمەڵی کوردەواریدا» بڵاوکردەوە، زۆری نەبرد لەسەر ئەوکتێبە کە لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئافرەت تیرۆرکرا . دەساڵ دوای ئەو کتێبە ڕێبوارئەحمەد باسێکی بەهەمان ناوەرۆك نووسی 42 ، ئەدهەم بارزانی ، لە11.10.1995دا فەتوای کوشتنی ڕێبواری لەسەر ئەو باسە دەرکرد. حیزبەکەی شێرکۆ کە ئەو سەردەمە لە سلێمانی و هەولێردا دەسەڵاتی بەدەستەوەبوو، ڕۆژنامەی«بۆپێشەوە»ی ، ئەوی باسەکەی ڕێبواری بڵاوکردبووەوە داخست و پشکیریشی لەفەتواکەی ڕێبەری حیزبوڵلا کرد و بەڕاشکاوی گوتی : «حکومەتی هەرێم ـ ئەوکاتە هەریەکێتی بوو ـ هەموو کارێك دەکات بۆراگرتنی ئەو جۆرەرەفتارانەو خاوەنەکانیان و هەرکەسێ بیەوێ خراپەکاری بەرامبەر بە ئیسلام بکات 43 » .

شێرکۆ بێکەس هاوزەمان داکۆکی لە عەبدولخالیق مەعرووف دەکات و لەسەنگەری ئەوانەیشدایە کە ڕێبوار ئەحمەد دەمکوت دەکەن ! هاوزەمان لایەنگری قەڵەمەکەی شەرەفکەندییە و کادرێکی چالاکی ئەو لایەنەیشە کە رادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دادەخات و پاسداریش دەهێنێتەسەر بنکەکانی ؟ شێرکۆ چۆن دەتوانێ ئەم ناکۆکیانە لەخۆیدا کۆبکاتەوە؟ چۆن دەتوانی هاوزەمان شیعر بۆ عەبدولخالیق مەعرووف و جەمال عیرفان و حوسەین مروە و لۆرکا بڵێت و سەر بە

لایەنیکێش بێ کە قوفڵ لە دەمی ڕێبوار ئەحمەد دەدات و ئەبووبەکر عەلی ی شاعیر تیرۆر دەکا ! چۆن دەتوانێ هاودیوان شیعر قادر دیلانی پەپولە و جەبار فەرمانی جەللاد بنووسێ ! چۆن دەتوانێ هاوزەمان لەسەر هەموو ئەم کورسییانە دابنیشێ ! دەستویفسکی لە ڕێی ئیڤان کارامازۆفەوە لەمێژە وەڵامی ئەم پرسانەی داوەتەوە: « کە گیان نەمر نەبێ ، هیچ شتێ سەیر نییە ، هەموو شتێ دەشێ . »

جەلال تاڵەبانی لە بەغدا : ئاوێزانی باڵای سەددام دەبێ و بە پەرۆشەوە رایدەمووسێ ، لە هەمەدان : لە یادی نسکۆی کۆماری مەهاباد دا چۆڕ لە پێکی شادی دەبڕێ ، لە شام : بەڵێن دەدا بە جۆرێ سوپای عێراق سەرقاڵ بکا ، بواری لێدانی سووریای خۆڕاگری نەبێ ، لە تورکیا گوڵی ولایەتی موسڵ لە بەرۆکی چیلەر دەدا ، لە لیبیا سوێند بە کتێبە پیرۆزە سەوزەکە دەخوا.

شێرکۆ بێکەسیش بە شوێن پێی مامدا ، لە ژێردەسەڵاتی بەعسی عێراقدا ، شیعر بۆ کەمال ناسر و کەمال عدوان 44 ی بەعسی و دژی خومەینی 45 دەنووسێ ، لە شاخ دژی - عەرەبی رەشتاڵە و دێز 46 - دەوەستێ ، لە شام بە عەرەبی سووکایەتی بە ئەستێرەی داود دەکا ، لە سوێد تاجەگوڵێنە لەسەر خوێنە ڕژاوەکەی پاڵمێ دەدانێ 47 و ئێستایش دەزانێ دراوی سەخت و روناکیی تەواو لای PKK مسۆگەرترە بۆیە قژی تانسۆچیلەر وەك تەلبەندی درکاوی 48 و کەلەی دیمرێل وەك سەری گا نیشانەدا 49 ،

## گومان و وەڵام

لە پڕ خوێنی شەهیدستانی هەژدە ساڵ
بوو بە کێوێکی قرمزی و
فوارە فوارە هەستایە پێیان ،
لەو شەوەدا کێوی مێژوو گڕی گرت و
دەوری بەرد و
عەقلی بەرد و
شمشێری دەست نە یارانی ژن و شیعری
کرد بە زووخاڵ . 50

چونکە فاتح کرێکار فەتوای کوشتنی شێرکۆی داوە ، ئەمیش خوێنی هەموو ئیسلامییەکان دەکاتە کاسەوە و داوای ڕاماڵین و سووتاندنیان دەکات ، کەچی کاتێ یەکێتی لە 1994 دا ئەبووبەکر عەلی شاعیر تیرۆر دەکات ، شێرکۆ نەك هەر داوای سزادانی بکوژانی ناکات ، « بەڵکو ئامادە نییە نامەیەکی نارەزاییش دژی ئەو تاوانە ئیمزا بکات 51 . »

کە ڕژێم شەفیق کەمالی ی کوشت ، عەبدولرەزاق عەبدولواحیدی بەعسی هیچی نەگوت . کە یەکێتیش ئەبوبەکری تیرۆر کرد ، شێرکۆ تونددەستی بە کڵاوی بەرژەوەندی خۆیەوە گرت و بێدەنگ بوو .

شاعیر ئەگەر وەك شێرکۆ دەسەڵاتێکی بە سەروەری خۆی زانی ، دەسەڵاتەکە : دەوڵەت ، حیزب ، ئایین ، ئایدۆلۆژیا بێ ، هەرچی بێ ، مانای ئاماوە **کۆیلە** و زدلیل دەبێ .شاعیر نابێ ببێتە ئامێرێك بە دەست چەوسێنەرانەوە و تەنیا خەمی ژیانی خۆیی

بێ . شاعیری کەوی نەمێژووی هەیە ، نەداهاتوو . هەموو پەیامی ئیبسن لەوەدا خەستدەبێتەوە کە دەڵێ : « خۆت ، خۆت بە ، زورنای کەس مەبە . »

شاعیر دەبێ دیکارت ئاسا ، گومان بکات ، وەکوو کانت رەخنەی رووخێنەر بگرێ ، چەشنی مارکس هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی جیهانی کۆن بدات . شاعیر دەبێ پرسیار بکات ، نەك وەڵامی حازربداتەوە . شاعیر بۆئەوەی بەگەنجینەی شیعر بگات ، دەبێ سەرکێشی بکات و بت و سنوورە ئایدۆلۆژی و حیزبییەکان بشکێنێ .

شاعیر دەبێ ئەوە بنووسێ کەهەستی پێدەکا ، نەك ئەوەی کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەپارێزێ . دەبێ گۆرانییەکانی لەدڵییەوە بێنەدەرەوە و لەسەر ئەو مەسەلانە بنووسێ کە بەلای خۆیەوە گرنگن ، نەك ئەوانەی بەلای دەسەڵاتێکەوە مەبەستن .

شاعیر دەبێ لە دووڕویی و سازشەوە دووربێت و پاکیی و بێگەردیی لەشیعری بتکێ شعیر دەبێ هێز لە کەلەپوورەوە وەربگرێ ، نەك لەزیندانی کەلەپووردا بەند بێ . 52

هیچ کام لەم خەسڵەتانەی شاعیر لە شێرکۆدا نین ، بۆیە ئەو مێژووەی چەوساوەکان دەینووسنەوە وەك شمشێری بە خوێن تینووی دەستی سووری جەلالدی سوڵتان ناوی تۆماردەکات .

## چرپە و گوللە

کاتێ چەکدارانی یەکێتی بەرە و ڕیشەکێشکردنی ئیسلامییەکان دەکەونەڕێ ، شێرکۆ دەڵێ :

کە کەوتنە ڕێ
بارانی شیعری ئێمەتان لەگەڵدابوو
شەبەقی ڕوحی ئێمەتان لەگەڵدابوو
لەگەڵ پەنجەتانا . . . قەڵەم ،
لەگەڵ گوللەتانا . . . وشە ،
بەفروژنی ئەم وڵاتەسپییەتان لەگەڵدابوو. 53

حیزب : کەدەزگایەکی سەرکوتگەرە . کۆمەڵێ ئەرك بەشیعر دەسپێرێ ، شاعیری گوێڕایەڵ دەبێ جێبەجێیان بکات . شاعیری لەم بابەتە گومانی لەهیچ نییەو پرسیاریش ناکا ، لەهەموو شتێك دڵنیایەو وەڵامەکانیشی هەمیشە ئامادەن .

شێرکۆ لە بری ئەوەی بەمەبەستی گەیشتن بەبووکی شیعر ، بت و سنورە ئایدۆلۆژییەکان بشکێنێ ، دێت بەبیانووی دژایەتی کردنی ڕیش و جبەو عەمامەو هێزی تاریکییەوە ، بتێکی دیکە دەپەرستێ . شاعیری کەتازەگەریی مەبەستبێ ، دەبێ بەشێوەیەکی ناباو هەڵوێست بنوێنێ و بنووسێ . نابێ لەژێرباری هاندان بۆ خوێنڕشتندا پشتی شیعری بچەمێتەوە . قەڵەمی شاعیر دۆستی دەست و پەنجەو شمشێری خوێناویی خوێنڕێژان نییە قەڵغانی سنگی زۆرلێکراوانە . وشەی باڵداری شاعیر هاوڕێی زەردەخەنەی منداڵان و چرپەی دڵدارانە ، نەك گوللەی پیاوکوژان .

ئایدۆلۆژی ، نە حەقیقەتە ، نەبەشێکە لە حەقیقەت بەڵکو ڕەنگانەوەی بەرژەوەندی لایەنێکە . د. نەسر ئەبوزەید دەڵێ : « ئەوی

پێی وابێ حەقیقەت لای خۆیەتی ئەوە دەیسەلمێنێ کەخاوەنی گوتارێکی ساختەیە 54 . دێوی ئایدۆلۆژی بەجۆرێ چۆکی بە شێرکۆ داداوە بە تەواوی دەستەمۆی کردووە ، بۆیە خوێنڕشتن بۆ کەسانی سەربە ئایدۆلۆژیای خۆی بەڕەوادەزانێت و شیعری دەکاتە بەشێك لەو دەزگا سەرکوتگەرە خوێناوییەی -حیزب-ی ناوە.

کارەسات ئەوەیە : شێرکۆ بەجۆرێ کەوتۆتە ژێرکاریگەرێتی ئەفیونی ئایدۆلۆژیای حیزبەکەیەوە ، توانای بە ئازادیی بیر کردنەوەی لەدەستداوە و کاتێ جەبار فەرمان بۆ خوێنڕشتن هاندەدا پێی وایە ، ئەرکی سەرشانی جێبەجێدەکات و پەیامێکی پیرۆز بەجێدەگەیەنێت .

یەکێتی کە نەیتوانی سەر بە پارتی نەویبکا ، کە نەیتوانی وەکو جاران داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیلی لەگەڵ بەشبکا ، بۆ دەربازبوون لەو تەڵەیەی بۆ پارتی نایەوەو لاقی خۆیی پێوەبوو ، جارێدا : کەرکووك ئازاددەکا . هیتلەریش کەنەیتوانی سەر بە بەریتانیا شۆڕبکا ، پەلاماری سۆڤێیەتی دا . شێرکۆ هێندە دەرویشانە دوای حیزبەکەی کەوتووە ، ئەو بلۆفە ئاشکرایەی لێ بەراستگەڕا و لەسوێدەوە بەمەبەستی بەشداریکردن لەو - نەبەردییە دا ، شیعرێکی بەرە و گەرمیان رەوانە کردەوە . 55

شێرکۆ دەزانێ کۆیە زێدی سکرتێری گشتی یەکێتییە ، بۆیە لە شیعری « تۆدا » دا ، دەڵێ :

تۆ ئەگەر درەخت بوویتایە ،
دارهەرمێی گوڵ سپی ئەبووی ،
ئەگەر شارۆچکە بویتایە کۆیە ئەبووی 56

بەڵام جەلال تاڵەبانی کۆیە بە شارۆچکەیەکی پیرۆز نازانێت و چەکدارەکانی لەماوەیەکی کورتدا - دوو جار ئیغتسابی دەکەن . 57 - و جارێکیش بۆ پاسدارانی دەکەنە پەردەوە ، ئەم جۆرە پاشکۆیەتییە بۆ دەسەڵاتداران کتومت لاساییکردنەوەی شاعیرە بەعسییەکانی لە بابەتی فەلاح عەسکەر . 58

شار بوومایە : تکریت دەبووم ،
گوند بوومایە : عۆجە دەبووم .

شاعیران و نووسەرانی قەڵەمفرۆش وا راهاتوون بۆ دیکتاتۆری مەزن بنووسن ، عەبدوڵلا عەباس رووی دەمی لە سەددامە و دەڵێ :

ئای لەگەورەیی تۆ و
لە بچوکی گەردوون . 60

عەبدولئەمیر مەعلە ، رۆمانێکی درێژی بەناونیشانی « رۆژە درێژەکان » تەنیا بۆ پیاهەڵدانی سەددام تەرخانکردووە . شێرکۆ ئەم رێسایە رەچاوناکات و گوڵی شیعری لە یەخەی جەللادانی ژمارەسێ و چوارو بەرەوژێرتریش دەدات .

جەبارفەرمان ، وێڕای وریا ، حەمە حەلاق و یازدە هاوڕێکەی 61 ، لەنامەیەکدا کە لە 18.09.1994 بۆ جەلال تاڵەبانی نووسیوە ، دان بەوەیشدا دەنێت کەتالیب حەمەشینی کادیری بزووتنەوەی ئیسلامیشی کوشتووە ، گەرچی لای یەکێتی زیندانی بووە . هەر

بەوەندەیش دڵی ئـاو ناخواتەوە و وەك چۆن سەددامی گەورە ویستی بەهۆی ئەنفال و بارانی کیمیاوییەوە کورد قەڵاچۆ بکات ، ئەم سەددامە گچکەیەش لە هەمان نامەدا سەبارەت بەئیسلامییەکان دەڵێ : « پێم ڕەوایە ریشەکێشیان بکەین » ئەم جەللادە هەر لەو نامەیەدا شەڕی ناوخۆی کوردستان بەتۆپانی و دیلکوشتن بە فـاوڵ لە قەڵـەمدەدا 62.

ئەم راستییانە لەشێرکۆ شاراوەنین و دەزانێ : دەشێ ڕاژێ جەبـارفەرمان وەك تاوانباری جەنگ بە دادگا بـدرێ . ئەدی بۆچی شیعری بۆ دەڵێ ؟ تۆبلێی چاوی تەماعی بڕیبێتە بەشێك لەو سامانە خەیاڵییەی جەبار ، کە بەپێی پرۆگرامی الارصده و الاموال ی رادیۆی عەرەبیی لەندەن چەندین ملیۆن دۆلارە63. شێرکۆ بەجۆرێ شیعر و شاعیرانی رسوا کـردووە، سەلام ئیبراهیم عەبدوڵلا ناچاربووە پێـی بڵێ:« بۆچی لەو لوتکانەوە هاتوویەخوارەوە بۆناو زەڵـکاو ؟ چی دەکەی لە ریزی دیلکوژەکاندا ؟ تۆ تف لە جوانیی شیعر دەکەی . تۆ شیعرەکانت دەکەی بە فیشەکدان بۆ تەگەی ئەمرۆقکوژانە .... ئەمشەو ناوی شاعیرە گەورەکانم خستە ناو کیسەی زبڵەکەوە 64.

## خود و خێـڵ

چیخوف دەڵی : « شتی وام نووسیوە، لەبەرلاوازیی شیاوی پشتگوێخستنبی، بەڵام یەك دێڕم نییە پێم شەرم بـێ کە نووسیومە.»65 چونکە شێرکۆ شیعر دروستدەکا ، نایخوڵقێنێ ، چونکە لەسەر خواستی حیزب دەینووسی نەك خواستی خۆی ، بۆیە شیعری وای هەیە لەبەر لاوازیی نا ، لە بەرئەوەی پێی شەرمە گوتوویەتی ، لێی پەشیمانە و پشتگوێی دەخا . لەوانە :

وتم : ئەی باشە بەکرەجۆ ؟
وتیان : باسی ئەوێ نەکەی ،
پێم وتن : بـۆ ؟
وتیان : کۆڵی خەم و ئازار ،
لە ویوە بار ئەکرێ بۆ شار .

ئەم کۆپلەیە بەشێکە لە شیعری : شارەکەم ، کەلە 1968 لە ـ برایەتی ـ دا بڵاوکراوەتەوە ، شێرکۆکە لەساڵی 1993 بەرگی دووەمی دیوانەکەی چاپکردووە ، ئەم کۆپلەیەی بەوبیانووەی بۆی پەیدانە کراوە ، فەراموشکردووە 66 . بەمەرجێ نووسەری ئەم باسە « دە ـ دوانزدە ساڵێ پێش ئێستا » ئەو کۆپلە شیعرەی بڵاو کردۆتەوە 67 .

شێرکۆ شیعرێکی بەناوبانگی هەیە بەناونیشانی « بۆبارزانی » ، ئێستا کەسەر بەحیزبێکە بەپلەی یەکەم لەدژی بنەماڵەی بارزانی هاتۆتە ئاراوە ، ئەوشیعرە زووزوو سەرئێشەی بۆ پێکدێنێ و هەرچەند دەکا نازانێ چۆن خۆی لێی بێبەری بکات . کە بەرگی دووەمی دیوانەکەی چاپکردووە ، پەراوێزێکی چواردە دێری بۆنووسیوە ، تێیدا ناراستەوخۆ بێزاریی خۆی سەبارەت ناوەڕۆکی شیعرەکە دەردەبڕێت و دان

بەوەدا دەنێت کە کارێکی چەوتی کردوە، بەلام ئۆباڵی ئەو کارە چەوتەی دەخاتە ئەستۆی گەلی کورد. 68

شێرکۆ چونکە خاوەنی خودی خۆی نییە، بۆیە ناتوانێ ئازادانە بیربکاتەوە و بنووسێ، بۆیە شیعرەکانی لە بری ئەوەی رەنگدانەوەی خەیاڵ و تێڕوانینی خۆی بن، پاشکۆی رووداوەکانن و بەشێکن لە مێژووی یەکێتی، لە بری ئەوەی خوێنەر فێری شێوازی بیرکردنەوە بکەن، بەرجەستەی شێوازێکی بیرکردنەوەن، لە بری ئەوەی «سەر بە ئینسان و سەربەستی و خۆشەویستی بن، سەر بە شمەشێر، تفەنگ، پۆلیس، خێڵ، حیزب و رژێمن. 69

شێرکۆ ئەگەر شاعیرێکی ئازادبووایە، نەشیعری - هەتاو - و، نە ئەو شیعرانەی دیکەشی دەنووسی، کە بەنزین بە ئاگری شەڕی ناوخۆدا دەکەن. جوبران خەلیل جوبران دەڵێ: «ئینسان دەتوانێ ئازادبێ، بێئەوەی مەزن بێ، بەلام ناتوانێ مەزن بێ ئەگەر ئازاد نەبێ. شاعیر بۆ ئەوەی مەزن بێ پێویستە ئازادبێ.» 70

بەرهەمی ئەدەبی، باڵدارێکە هەر کە ئازادکرا، ئیدی بە هیچ داوێك ناگیرێتەوە، بەلام ئەگەر خوێنەر رۆلان بارت ئاسا بڕوای بەدەقی نووسەر هەبێ، ئەوا ئەو شیعرانە هیچ لەسەر شێرکۆ ناکەون. «کەشتێ بلاودەکرێتەوە، وەك ئەوە وایە فڕێی بدەیتە کیسەی زبڵەوە» 71 ئەمە قسەی جاك لاکانە. ئەگەر بۆچوونی شێرکۆ بوایە ئیدی شیعری - هەتاو - جێگەی سەرسوڕمان نەدەبوو.

### ئەدەبی ئینسانی و ئەدەبی فاشی

ئێستا ئیتر لای شێرکۆ بێکەس هیچ شتێك لە گوماندا نەماوەتەوە و بە یەقینی رەها گەیشتووە. وەك چۆن لای ئیسلامییەکان: ئیسلام چاکترین ئایین و محەمەد چاکترین پێغەمبەر و موسڵمان چاکترین ئومەتن، لای شێرکۆش: ئایدۆلۆژیای حیزبەکەی چاکترین ئایدۆلۆژیا و سەرکردەی حیزبەکەی چاکترین سەرکردە و چەکداری حیزبەکەی بەنرخترین ئینسانە.

وەك چۆن لای ئیسلامییەکان شیعری چاك ئەوەیە: ستایشی خوا و هەجووی دوژمنانی خوا بکا، لای شێرکۆش شیعری باڵا: ستایشی حیزب و هەجووی دوژمنانی حیزب دەکا. جەبرییەکان وای بۆدەچن، ئینسان هیچ دەسەلاتێکی نیە و خوا خۆی پێشەکی رۆڵیکی بۆ دیاریکردووە. حیزب خوای شێرکۆیە و بە ئارەزووی خۆی دەیجوڵێنێ. بەم پیاوناکوژی، شیعری لە ستایشی پیاوکوژاندا پێدەنووسێ. لەوی: بەندە فەرمانی خوا جێبەجێدەکا، لێرە: شاعیر فەرمانی حیزب.

شێرکۆ شاعیرێکی حیزبییە و بەپێی لێکدانەوەی حزبیش «شاعیر دەبێ یا خزمەتکاربێ، یا سەججان، دەبێ: ستایش یان زنجیر ببەخشێتەوە. ئەوی شێرکۆ ئاسا، دان بەوی دیدانەنێت، دان بەخۆیشیا نانێت. ئەوی لەچەوساندنەوەی ئەوی دی

بێدەنگ بێ ، دەستبەرداری ئازادی خۆیشی دەبێ » 73 . شێرکۆ بێدەنگ نییە ، دەنگی هەڵبڕیوە ، بەڵام بۆستایشی خوێنڕێژان ، بو چەسپاندنی کویلایەتی .

شاعیری حیزب میراتگری شاعیری خێڵە و مرۆڤێکی ئازاد نییە ، بۆیە پێش مردنی ، ژیانی لەدەست چووە ، بەڵام شاعیری یاخیبوو بەمردوویش دەژی . بـا بەلای پێغەمبەرەوە حەسانی کوڕی سابت چاکترین شاعیری عەرەب و بەلای تاڵەبانیشە و شێرکۆ بێکەس تاقە لوتکە بڵندەکەی شیعری کوردی بێ ، با شیعری شێرکۆ جەماوەرێکی فراوانیشی هەبێ ، بەڵام چونکە رەنگدانەوەی هەڵچوونی ساتی و سۆزی رووکەشە ، نەك تێڕوانینێکی قوولی نوێ بۆ جیهان ، بۆیە شیعری باڵا نییە ، شیعری باڵا ، شاعیری ئازاد دەینووسێ ، نەك شاعیری کۆیلەی حیزب .

شێرکۆ چەند جارێ دانی بەوەدا ناوە کە هەمیشە « دوای زۆربەی زۆری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکەوێ » 47 ئەگەرچی ئەو زۆربەی زۆرە هەمیشە بەهەڵەداچووە . شاعیری گەورە دوای رەوتی کیسەڵئاسای زۆربە ناکەوێ ، دەفڕێت و جەماوەر فێرە فڕین دەکات ، « بۆ ئەو جێ کۆنانە ناچێت کەخوێنەر دەیان جاری دیون ، جێی نوێ نیشانی خوێنەر دەدات » 75 شاعیری گەورە دەرۆزەی رووناکی و دراوناکا ، بۆ ئەوە نانووسێ پێی بژی ، تەمەنی دەکاتە قوربانی ژیانی شیعرەکانی ، بۆیە کە دەیشمرێ « مردنەکەیشی دەبێتە شیعرێکی نوێ و دیسانەوەدەرگای ژیانی بۆدەخاتەوە سەر گازەرای پشت » 76 .

ئێستا بەتوانای خۆی و هەوڵی حیزب ، شێرکۆناسراوترین شاعیری زیندووی کوردە لەمێژە ئەوسنوورەی تێپەڕاندووە ، کەباسی ئەوەی بۆ بکرێ : شیعر لەوە پیرۆزترە بۆ جەللاد بنووسرێ ، چونکە ئەو بەوپەڕی وریاییەوە ئەو رێبازەی هەڵبژاردووە و ئەوی بەدوایدا وێڵە لای دەزگەی سەکوتگەر دەستدەکەوێ نەك لای خوێنەر .

وەك چۆن ئەدەبێك هەیە ، رەنگدانەوەی مەسەلە و شت و هەست و لایەنە هاوبەشەکانی ئینسانە ، بەچاوپۆشین لەوەی ئەو ئینسانە سەر بەکام چین و نەتەوەو رەگەزو خاك و سەردەمە « ئەو ئەدەبەی دەستویفسکی نووسیوێتی دەکەوێتە خانەی ئەو ئەدەبە ئینسانییە باڵایەوە » هەروایش ئەدەبی تایبەت بەنەتەوە و چین و ئایدۆلۆژیای دیارکراویش هەیە . دایك ـ ی گۆرکی و پاژنە ئاسنینەکانی جاك لەندەن و هێشووەکانی تووڕەیی شتاین باك و چۆن پۆڵامان جۆشدا ـ ی ئەسترۆفسکی ئەدەبی پرۆلیتاریان ، کە ئەڵمانیا فەرەنسای داگیرکرد بوو بەشێك لە بەرهەمی موساپان و ئیلوار و ئاراگۆن ، ئەدەبی بەرگریی فەرەنسایی بوون . قانع شیعری بۆ جووتیارانی کورد دەنووسی . سەرجەمی شیعرەکانی عەباس عەسکەر نموونەی ئەدەبی فاشین . ئەو ئەدەبەیشی شێرکۆ بۆ کەسانی وەك جەبار فەرمان ی دەنووسێ ، رەخنەگری راستگۆ دەتوانێ

بەدڵنیاییەوە وەك نموونەی بەرزی ئەدەبی فاشی بۆی بڕوانێ .

شێرکۆ لە بری ئەوەی لای کەم وەك ئەحمەدی خانی شیعر دژی میرە ناپاك و خوێنڕێژەکانی سەردەم بنووسێ ، دێت ڕووخساری هەموو ئەو شاعیرانە سپی دەکاتەوە ، کە لە پێناوی کیسە لیرەدا دەیانووسی .

عەلی سالم نووسەرێکی میسرییە ، چونکە هاوکاریی ڕۆشنبیری لەگەڵ ڕژێمی ئیسرائیل دەکا ، هەرچی نووسەر و هونەرمەندانی میسرە پشتیان تێکردووە ، ئێستا عەلی سالم لە ئەنجامی تەنیاییەوە دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە. شێرکۆ یەکەمین شاعیری ناسراوی کوردە ، ڕێز بۆ هیچ خاوەن قەڵەمێك دانانێت و شیعر بۆ جەللاد دەنووسێ ، ئەگەر نووسەرانی کوردیش هێندەی نووسەرانی میسر هۆشیار و بە هەڵوێست بوونایە ، ئیدی هیچ نووسەرێکی دیکە زاتی نەدەکرد وشەی کوردی بکاتە پۆستاڵی پێ و شمشێری دەستی جەللادان .

## شاعیر و کادیری حیزب

شێرکۆ وەك خۆی نووسیوێتی لەبەر ئەم دوو هۆیە لە 11ی 12ی 93 بەدواوە وازی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هێناوە :

- پارتی لاوانی کوردی دەنارد لە بەغدا تۆپتۆپێن بکەن .
- پارتی ڕۆژنامەی - وڵات -ی سەر بە PKK ی داخست 77 .

ساڵێك زێتر پێش ئەوەی پارتی ڕۆژنامەی وڵات دابخات ، پاییزی 1992 یەکێتی و پارتی بەهاوکاری و لەسەرخواستی سوپای تورك فرەوانترین هێرشیان کردە سەر بنکەکانی PKK و لە چەند ڕۆژێکدا هێندەیان زیان پێگەیاند ، ڕژێمی تورك بەتەنیا ئەوەی بەچەندساڵێك بۆ نەدەکرا . دژی ئەم ناپاکییە مەزنە نەتەوەییە ، کەس گوێی لە نووزەیەك نەبوو ، ڕەنگدانەوەی نارەزایی دەربڕینی وەزیری ڕۆشنبیری و ئەندامی ئەو پەرلەمانە بێ کە ئەگەرچی دەیان بڕیاری داوە ، بەڵام تەنیا هەر هێرشە سێ قۆڵییەکەی سەر PKK جێبەجێکراوە .

یەکێتی خەبات -ی ئۆرگانی پ.د.ك دەسووتێنێ و بە دەوریا تەقەی خۆشی دەکا و هەڵدەپەڕێ ، بارەگای گۆڵان داگیر و فەرهوود و خاپوردەکا ، لە 14 ی حوزەیرانی 94 دا خەڵکی سلێمانی دەداتە بەر دەسترێژ و چل کەسێك دەکوژێت . سیستەماتیکانە « بەتایبەتی لە ئۆردگاکانی دەوروبەری ڕانیە ، قەڵادزە و هەولێر » بەشداری ڕەشەکوژی ئافرەت دەکا ، ئەبووبەکر عەلی ئەدیب و عەلی بۆسکانی ی ئەدەبدۆست تیرۆردەکا ، « بۆپێشەوە »ی ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری دادەخات ، ڕادیۆی حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران قوفڵدەدا و پاسدار دێنێتە سەر کوردە ئاوارە ئێرانییەکانی کۆیە ، پشگیری لە فەتواکەی ئەدهەم بارزانی بۆ کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد دەکات ،

نارنجۆك فڕێدەداتە ماڵی ڕێبوارحەسەن ی سەرنووسەری ـ ئەمڕۆ ـ وە ، عەباس شوانی ی سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی کرێکاریی فڕێدەداتە زیندانەوە ، بەعس ئاسا کورد تەهجیر دەکا ، دیل دەکوژێ ، پۆستەری زمانبڕین لە ئۆرگانەکەیدا بڵاو دەکاتەوە 78 . شێرکۆ لە ئاست ئەم تاوانانەی یەکێتی و سەدانی دیکەدا بێدەنگ دەبێ ، کەچی داخستنی وڵات دەکاتە بیانووی دەستکێشانەوەی .

شێرکۆ قایل نابێ پارتی ، یاریچی بۆ تۆپتۆپێن بۆ بەغدا بنێرێ ، بەڵام کەیەکێتی سکرتێری گشتی بۆ ماچماچێن بۆ ـ پایتەختی خوێن ـ دەنێرێ مێشێك میوانی نییە .

سەرەڕای ئەمانە شێرکۆ ئەگەر بە ویستی خۆی دەستبەرداری وەزیری ببوایە ، ئەوا پێش ئەوەی بەمۆڵەت بۆ سوێد بگەڕێتەوە ، جاڕی دەستکێشانەوەی دەدا ، نەك بێتە سوێد و سێ مانگی لێ بێ دواتر بچێتەوە لە کوردستان وەزیری ڕەتبکاتەوە 79 ، چونکە ئەو دووخاڵەی کردوونی بەبیانووی دەستکێشانەوە ، پێش سەردانەکەی سوێدی روویان دابوو .

ئەو سەردەمەی شێرکۆ وەزیری ڕۆشنبیری بوو ، لەبری ئەوەی سەرقاڵی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕۆشنبیری بێ ، لە بەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەبیقۆردا ، شەهریار ئاسا بە دوای لەززەتە ڕۆژانەییەکاندا دەگەڕا ، بۆیە ی.ن.ك ناچار بوو ، دەستی لەوەزیری پێی بکێشێتەوە ، بەڵام بە مەبەستی فریودانی خەڵك ، داوای لێکرد نامەیەکی ساختە سەبارەت بەدەستکێشانەوەکەی بڵاوبکاتەوە ، شێرکۆ وەك هەر ئەندامێکی گوێڕایەڵ ئەم ئەرکەیشی بەجێگەیاند .

شێرکۆ دوای دەستکێشانەوەی بەنووسراوێکی کۆسرەت ڕەسوول سەدو چل و سێ هەزار دینار لە خەزینەی هەرێم ، وەردەگرێ 80 بۆ ئەوەی هەر بەو گەرم و گوڕییەی جاران لەسەر شین و شەپۆڕ بۆ شەهیدانی یەکێتی و هاندانی چەکدارانی بۆ شەڕی ناوخۆ بەردەوام بێ .

ئەوەیە کەمین جار نەبوو شێرکۆ هەقدەستی شیعرەکانی بەدراوی خوێناوی وەربگرێ ، بەڵکو پازدە ساڵێك لەمەوبەر بۆ یەکەمین جار لەبری ـ داستانی هەڵوی سوور ـ هەشت سەد دۆلاری لەرێی مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییەوە وەرگرت .

ئیبن خەلدوون دەڵێ : « ژێرکەوتوو هەمیشە لاسایی سەرکەوتو دەکاتەوە . » سەددام حسەین نازناوی شاعیری ـ أم المعارك ـ ی بە ڕەعد بەندەر بەخشی ، « جەلال تاڵەبانیش شەرەفی ئەندامێتی فەخریی سەرکردایەتی ی.ن.ك ی بە شێرکۆ بەخشی » 81 . تا بە بەنزینی شیعری دوارنەدات ئاگری شەڕی براکوژی خاموش بێ .

شتێکی چاوەڕوانکراوە شاعیری لەبابەتی شێرکۆ ڕاستی وەك گۆچان وابێ ، کە

یەکەمین ئەنجوومەنی وەزیران راگەیاندرا ، کورتەکیش لە ژیانی وەزیرەکان لە رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکرایەوە ، سەبارەت بە شێرکۆ نووسراوە :
« بەرهەمەکانی لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەمەریکا و کەنەدا دەخوێنرێن » 82 .

بەقسەی رووتوقووتی شێرکۆ ، وەك چۆن قوتابی لە ئێران : فیرۆدسی ، لە وڵاتانی عەرەب : موتەنەبی ، لە رووسیا : پوشیکن ، لەهیندستان : تاگور ، لەسوێد : لیندگرێن ،لە فەرەنسا : بۆدلێر ، لە ئەڵمانیا : گۆتەو لە ئیسپانیا : لۆرکا دەخوێنێ ، هەروەها قوتابی ئەمەریکایی و کەنەدایی بەرهەمی ئەم دەخوێنن و ئاور لەو هەموو شاعیر و نووسەرانەی بەئینگلیزی نووسیویانە دەنووسن و ئەو هەموو ئەدەبە باڵایەی بەئینگلیزی هەیە، نادەنەوە! ئاخۆ قوتابیانی ئەمەریکا و کەنەدا پێش ئەوەی چەند پۆستەرە شیعرێکی شێرکۆ بکرێتە ئینگلیزی و چەنددانەیەکی لێ بڵاوبکرێتەوە، چییان دەخوێند؟ شێرکۆ ئەوەیشی ئاشکرا نەکردووە ، ئایا بەرهەمەکانی لە هەرێمی کوبێك یش کە بە فەرەنسایی دەپەیڤن دەخوێنرێ ، یان تەنیا ئینگلیزی قسەکەرانی کەنەدا دەیخوێنن !

شێرکۆ خەسڵەتە گرنگەکەی شاعیر : راستگۆیی لە کیس چووە و خەسڵەتە سەرەکییەکەی کادیر : ئەڵەکەبازی دەستکەوتووە ، ئەگەرنا پەنای بۆ فریودانی خەڵکی کوردستان نەدەبرد .

شێرکۆ لە سوێدیش لەسەر چەواشە کردنی خەڵکی بەردەوام دەبێ و لەوەڵامی پرسیارێکی ئینگرید کارلگفیستدا دەڵێ : « من سیاسی نیم » 83 . دەشێ شێرکۆ یەکەم کەس بێ لە جیهاندا ئەندامی فەخریی سەرکردایەتی حیزب و پەرلەمانتار و وەزیریش بووبێ و هێشتا بڵێت : سیاسی نیم . شێرکۆ بەم وەڵامەی دەیویست خوێنەری سوێدی فریوبدات ، چونکە ترسی ئەوەی هەبو ، وەك هەڤاڵەکانی: « عومەری سەید عەلی و سالار عەزیز » 84 بەتاوانباری جەنگ لە قەڵەم بدرێ . 85

## شاعیر و بازرگان

بەرگدروو بۆئەوەی جلوبەرگ بدوورێ ، پێویستی بەناسینی کڕیارنییە ، پێویستی بە درێژی باڵا و ئەستووری کەمەرو پانیی ناوشانی هەیە ، شێرکۆش کە شێوەنە شیعر بۆ شەهیدانی ی.ن.ك دەنووسێ تەنیا پێویستی بەهەندێ زانیاری هەیە ، وەك : شەهید کەی دەستی داوەتە چەك ؟ لەکام نەبەردییانەدا بەشداربووە؟ لەکام ناوچە و کام چیا ؟ هەر ئەم زانیارییانەی بکاتێ ئیدی شیعر نووسین لای ئەم وەك ئاوخواردنەوەی لێهاتووە . بەرگدروو بۆ ئەوەی بژێوی خۆی وخێزانی پەیدا بکا ، پێویستی بە جۆگەلەی خوێن نییە ، بەڵام بازاڕی شیعری شێرکۆ بە خوێنرشتنەوە بەندە .

حەسانی کوڕی سابیت کاتی کافربوو شیعری جوانتر بوو ، هێمن شیعرە

رومانسییەکانی لە شیعرە سیاسییەکانی بالاترن . ئایدۆلۆژیا کەلەلای شێرکۆ وەك ئایینی لێهاتووە ، بۆ ژیانی رۆژانەی خۆی سوودێکی زۆری لێوەرگرتووە ، بەلام ژیانی بە شیعری گەیاندووە .

شێرکۆ ئەگەر شاعیرێکی بە توانا نەبوایە ، نەك یەکێتی ، ئەو چوار دەولەتەیش کە یەکێتی هەر جارەی کۆیلەی یەکێکیانە ، نەیاندەتوانی بیکەن بە شاعیر . باس لە شاعیربوون یا نەبوونی شێرکۆ نییە ، باس لەوەیە هەموو ئەو شاعیرانەی بازرگانی بە شیعرەوە دەکەن لە داهاتودا درك دروێنەدەکەن .

بەشێکی گرنگ لە بەرهەمی شێرکۆ لە دوای هەرەسی 1975 ەوە یا ستایشی راستەوخۆی یەکێتی دەکات ، وەك داستانی هەلوی سوور و کەشکۆلی پێشمەرگە ، یان دەرۆزەی سۆزی بەعس دەکات ، وەك قەسیدەی کۆچ وهەندێ لە شیعرەکانی کازیوە .

شێرکۆ لەپرسەی حەسەن کوێستانی دا دەلێ :

ئەی کویستانی :
ئەی خەونی سەوزی یەکێتی نیشتمانی . . .
تۆ وەك کەرکووك
لەگەلمانی .86

ئەمەی کە لەسالی 1994 دا گوتویەتی هەر دووبارەکردنەوە و درێژەپێدانی ئەو شێوازی دەربڕینەیە ، کە نزیکەی چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر بۆ بارزانی دەگوت :
ئەی بارزانی :
لەگەلتاین چۆن بنار لەگەل لوتکەدایە ،
لەگەلتاین چۆن خەنجەرەکەت لەگەلتایە .87

جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە ، جاران ئەمان لەگەل بارزانی بوون ، ئێستا حەسەن کوێستانی لەگەل ئەمانە .

« زمان لەتوانایدا هەیە دووشتی جیاواز بەهەمان وشە بلێت ، یان هەمان شت بە وشەی جیاواز بلێت ».89 شێرکۆیش دەتوانی بەهەمان کۆمەلەوشە شیعر بۆ دوولایەنی جیاواز بلێت . دەشێ بەلای ئەمەوە « هەلوێستی شاعیر یان خوێنەر سەبارەت بە واقیع گرنگ نەبێ ، گرنگ هەلوێستی شاعیربێ سەبارەت بەزمان »89

## شیعر و ژیان

« لەدایکبوونی خوێنەر بە مردنی نووسەرەوە بەندە »90 . ئەم مەرگی نووسەرەی رۆلان بارت باسی لێوە دەکا ، دوورکەوتنەوەیە لەو راستییەی : نووسەر لەهەموو دەقێکدا دەژی و ئەو دەقەی داهێنەرەکەیی تێدا نەژی ، دەقێکی مردووە . چونکە « قارەمانی سەرەکی هەموو چیرۆکێ نووسەرەکەیەتی »91 و کارە - کتەری گرنگی هەموو شیعرێکیش شاعیرە کەی . « بەرهەمی هونەریی تەنیا تێبینی هونەرمەند نییە بەرامبەر بەژیان ، بەلکو رەنگدانەوەی بەشێکە لەهەست و بیری داهێنەرەکەی »92 و شێوەیەکە لە شێوەکانی بەشداریکردنی لەژیاندا ، ئەم بەشداریکردنەیشی زۆر جار شمشێرێکی دوودەمە دەگونجێ لە راژەی زۆرلێکراوان

یان زۆرداراندا بخرێتە گەڕ .
چۆن دەکرێ هۆنراوەی - لەبەندیخانەدا - ی گۆران بەسەر بکەینەوە و باسی خودی گۆران نەکەین ؟ چۆن باس لە سەرجەمی بەرهەمی لەتیف هەڵمەت دەکرێ، بێئەوەی باس لەرەنگدانەوەی کارەساتی سووتانی دایکی لەشیعریدا بکرێ ؟ شیعری شێرکۆیش رەنگدانەوەی ئەزموونی خۆیەتی و شیعرێکی نییە بەشێك لەژیانی بەرجەستە نەکا ، بۆیە مەحاڵە باسی شیعرەکانی بکەین و چاو لەخودی خۆی بپۆشین .

« لە نێوان شیعرو داهێنەرەکەیدا ، شیعرو ژیاندا ، شیعروخوێنەردا ، شیعرومرۆڤایەتیدا ، نەك هەر شووڕای چین نییە ، بەڵکو لەناویەکتریدا وەها تێکەڵبوون ، تا رادەی توانەوە »98 . تەنیا لەم روانگەیەوە ناوی شێرکۆبێکەس هاتووەو نووسەری ئەم باسە هیچی تایبەتی نە لەگەڵ ئەو و نە لەگەڵ هیچ کام لەوانەدا هەیە و هەبووە کەناویان لەم باسەدا هێنراوە.

سەرچاوە و پەراوێز

1- دیوانی شێرکۆبێکەس ، بەرگی دووەم چاپخانەی بابان ، سلێمانی 1998 ل 702 .

2- بۆ زێتر شارەزایی سەبارەت بە بەرتیلدانی شێرکۆ بە بەعس ، بڕوانە : ل 57,27,26 و 58ی شیعرو هەڵوێست ، حەمە سەعید حەسەن ، ستۆکهۆلم 1994 چاپی دووەم . هەروەها : شاعیرو دەسەڵات ، کامەران محەمەد ل 52 ی ژمارە 17 ی گۆڤاری رابوون ، ئوپسالا - سوید 1996

3-Gripsholms slottet Kurt Tuchholsky Tidens Förlang.Stock - holm 1975.

4- Den tyska litteraturen Gunlla Bergsten .s.373

5- ئەندامی بیرۆی سیاسی و وەزیری جەنگی ی . ن . ك.

6-Litteraturens världs historia Sven Rinman.Pan förlag.Stockholm 1974 s .24

7- هێندە کورد کوژێکی چالاك بوو ، کۆتایی سالانی شەست ، وەزیری جەنگی عێراق : حەردان تکریتی سوپاسنامەو پیرۆزبایی بۆ ئەمو مەقالەکانی دەنارد.

8- بەراسپۆتینی شۆرشی نوێ ناسرابوو . هۆنراوەی - بانگ - دیوانی شێرکۆ بێکەس ، ب 1 ل 409 ستۆکهۆلم 1990 .

9- سەردەمی و تووێژ 1984 لەو ڕێگای نێوان چەمچەماڵ سەنگاوە ، خەریکی جەردەیی بوو ، خەڵکی رووتدەکردەوە و دەیکوشتن ، یەکێك لە قوربانییەکانی دەستی ئامۆزایەکی مارف عومەر گوڵ بوو . بۆ ئەوەی زیان بەرەوتی وتووێژ نەگا ، سکرتێری ی .ن.ك چەلەوریشی کرد و فڕیدایە زیندانەوە.

10 - کۆتایی سالانی شەست فەرماندەی هێزی ئەو باڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو کەبەگروپی شەستو

هەواڵنامەی کتێب

شەش دەناسرێ .

11 ـ دیوانی ش . بێکەس ، بەرگی یەکەم ، ستۆکهۆڵم 1990 ل 613 .

12 ـ مێرگی زام ... مێرگی هەتاو ، ش . بێکەس ، چاپخانەی کۆمەڵەی گەلی کوردستان ، ستۆکهۆڵم 1996 ل 63 .

13 ـ شیکردنەوەی دز ، کەماڵ میراودەلی ، کوردستانی نوێ ، ژمارە 175 ی رۆژی 26.08.1992 ل 6 .

14 ـ نواب الارض والسماء ـ العنف الاصولي ـ مجموعة من المؤلفين ، رياض الريس للنشر ، لندن 1995 ص 234 .

15 ـ بنکە سەرەکییە سیاسی و سەربازییەکانی ی . ن . ك .

16 ـ الابداع من نوافذ جهنم ، مجموعة من المؤلفين . رياض الريس للنشر ، لندن ، 1995 ص 97 .

17 ـ حوار المشرق و المغرب ـ العلمانية و الاسلام ـ د . حسن حنفي / محمد عابد الجابري ، دار توبقال للنشر ، الدار البيضاء 1990 ص 42 .

18 ـ سەرچاوەی پێشوو ، ل 112 .

19 ـ گوڵان ژمارە 8 ی رۆژی 16.06.1994 ل 3 .

20 ـ ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی .

21 ـ رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا . رەشاد میران ، ستۆکهۆڵم ، چاپخانەی مەنسوور 1998 ل 21 .

22 ـ من تاريخ التعذيب في الاسلام ، هادي العلوي . مركز الابحاث و الدراسات الاشتراكية ، ص 33 .

23 ـ سەرچاوەی پێشوو ، ل 64 .

24 ـ ئیسلامناسی ، عەلی میر فێترۆس ، وەرگێڕانی سیامەکی بابەك ، ل 27 .

25 ـ مێرگی زام ... مێرگی هەتاو ، ش . بێکەس شیعری : بەیان ، ل 34 .

26 ـ ئیسلامناسی ، ل 66 .

27 ـ نامەی 18.09.1994 ی جەبارفەرمان بۆ جەلال تاڵەبانی ، گوڵان ژمارە 90 ی رۆژی 10.10.1996 ل 33 .

28 ـ شیعری : بەیان مێرگی زام ... ل 38 .

29 ـ ئیسلامناسی ، ل 76 .

30 ـ ذهنية التحريم . د . صادق العظم ، رياض الريس للنشر ، لندن 1992 ص 78 .

31 ـ حوار المشرق و المغرب ، ص 14 .

32 ـ پێشەکی و پەراوێزی شیعری بەیان ، مێرگی زام ، ل 33 و 39 .

33 ـ ئیسلامییەکان پەیامی کۆیلایەتی و ئیفتیسابی ژنان رادەگەیەنن . رێبوار ئەحمەد ، لەبڵاوکراوەکانی رێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق . پاشکۆی یەکەم و دووەم .

34 ـ نواب الارض و السماء ، ص 230 .

35 ـ ادب المهجر ، الدكتور صابر عبدالدايم ، دار المعارف القاهرة 1993 .

36 ـ ناوی نهێنی شێرکۆ بێکەس .

37 ـ لە بزووتنەوەی ئەیلوولدا کادرێکی عەسکەری بوو .

38 ـ دەکەوێتە سەنتەری سلێمانی یەوە . . هەوارگەی نووسەران و هونەرمەندان بوو .

39 ـ بۆ زانیاری زێتر بڕوانە : لاپەڕەکانی 23 تا 26 ی نامیلکەی ـ لم يعد الصمت ممكنا ، عصبة شغيلة کوردستان ، نیسان 1985 . کە فازیل کەریم ئەحمەد ، سالار عەزیز و سەلام عەبدوڵا نووسیویانە . ئەم نامیلکە کراوەتە کوردیش و لە برایەتی ی ژمارە 2178 ی رۆژی 31.07.1996 و ژمارەکانی دواتردا بە پێنج جار بڵاوکراوەتەوە هەروەها بڕوانە هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور ، ئاسی رەباتی ، سوێد 1989 ل 40 .

40 ـ بۆ بازرگانانی خوێن ، بینایی ، چاپی دووەم ، 1991 ل 47 .

41 ـ مێرگی زام ... شیعری هەتاو ، ل 38 .

42 ـ ئیسلامییەکان پەیامی .... بۆ پێشەوە ، ژمارە 22 ی رۆژی 27.09.1995 .

43- کوردستانی نوێ، ژمارە 25 ی ئۆکتۆبەری 95

44- دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، ل 591 و 621 .

45- دیوانی شێرکۆ بێکەس بەرگی دووەم، ل 591

- لەئێراندا تابلۆی هونەرمەندێ گریا / وەختی نیمام بە زۆر پەچەی پێ گرتەوە-

46- دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم 1990 ستۆکهۆڵم، ل 562- چوار ئەفەندی رەشتاڵە و تێز / هاتن سیروانیان دایە پێش شێرکۆ وەک شاعیرێکی راسست گەلێ جار سووکایەتی بە وڵاتی عەرەب و نیشانی عەرەب و کتووری عەرەب کردووە. لەشیعری داڵ دا عەرەبستانی وەک وڵاتی لم و عوجاج و عەرەبی وەک حوشتری لەر و ژینگەی عەرەب «سەریفە»ی وەک دانی کلۆر و تەڵەی مشک باسکردووە بروانە: شیعر و هەڵوێست، حەمەسەعید حەسەن، چاپی دووەم، ستۆکهۆڵم، ئاپیک، 1994، ل 17

47- دیوانی شێرکۆ بێکەس بەرگی دووەم، ل 536.

48- مێرگی زام، ل 150 .

49- مێرگی زام، ل 181 .

50- مێرگی زام، ل 38 .

51- شاعیر و دەسەڵات، کامەران محەمەد، رابوون ژمارە 16 ل 54 .

52- الشاعر و القصیدة، علی جعفر العلاق، القدس العربي، لندن 28041996 .

53- مێرگی زام ... شیعری هەتاو، ل 34.

54- النص، السلطة، الحقیقة، د. نصر حامد ابوزید، المرکز الثقافي العربي بیروت، 1995 ص 8 .

55- مێرگی زام ... شیعری: حیلەوگرمەژن، ل 147.

56- مێرگی زام ... ل 155 .

57- پەرکەمی دەسەڵات، هاشم کۆچانی، رابوون، ژمارە 18 و 19، ئۆپسالا، سوێد 1996، ل 15 .

58- شاعیرێکی «میللی» بوو، شیعری ئاگرینی بۆ سەددام و سەربازەکانی دەگوت. لە راپەڕینەکەی بەهاری 91ی باشووری عێراقدا هەمان چارەنووسی جەللادە بەعسییەکانی بەنسیب بوو.

59- کوندی عەوجە زێدی سەددامە و سەر بە شاری تکریتە.

60- «ما اعظمك وما أصغر الكون !» ئەم شیعرە لە رۆژنامەی- الثورةی تورکانی بەعسدا بڵاوبۆتەوە.

61- نووسەر و دەسەڵات، رابوون، ژمارە 17 ل 55 .

62- گوڵان ژمارە 90 رۆژی 10101996 ل 33 .

63- نامەیەکی کراوە بۆ دوکتۆر بەرهەم ساڵح / ئاسی رەبانی، بڵاوکراوەی بارزان، ژمارە 21 ی فێبریوەریی 1996 ئەرجێنیا، ل 6 .

64- شاعیرێکی هەرەشەکەر، سەلام عەبدوڵڵا، ژینی نوێ، ژمارە 6 مارتی 1996 بەریتانیا ل 16 .

65- تیشخوف، تألیف: ایلیل ایرنبورغ / ترجمه الدکتور ضیا نافع، مکتبة الفرزدق بغداد 1986 ص 22 .

66- دیوانی ش. بێکەس، بەرگی دووەم، ل 89.

67- یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات؟ حەمە سەعید حەسەن، بەشیدووەم چاپخانەی القاعدة، کوردستان 1984 ل 24 .

68- دیوانی ش. بێکەس، ل 449 .

69- النص القرآني و افاق الکتابة، ادونیس، دار الاداب بیروت 1993 ص 87 .

70- صدمة الحداثة، ادونیس، دار العودة، بیروت. ط الرابعة 1983 ص 197 .

71- البنیوية وما بعدها، جون ستروك / ترجمة د. محمد عصفور. مطابع السياسة، الكويت 1996 ص 195 .

72- الثابت والمتحول- الاصول- ادونیس، دار العودة، بیروت ط 4 ,1983 ل 147 .

73- ها انت ایها الوقت، ادونیس، دار الاداب، بیروت، 1993 ص 19, 42, 50 .

74- دیوانی ش. بێکەس، ب2 ل 449 .

75- تأصیل الاصول، ادونیس، دار العودة، بیروت ط 4 ص 180 .




76 ـ ابجدية ثانية ، ادونيس ، دار توبقال للنشر ، الدار البيضاء 1994 ص 106 .

77ـ كوردستانى نوێ ، ژمارە 559 ی ڕۆژی 12.12.1993 ئۆرگانی ی . ن . ك . هەولێر .

78ـ كوردستانى نوێ ڕۆژی 23.01.1995 .

79ـ بۆ زانیاری زێتر بڕوانە: بارزان مەلاخالید لەمەر ئیستاتیکەی شێرکۆ دەدوێ . برایەتی ژمارە 1882 ی ڕۆژی 19.12.1993 .

80ـ الخروقات المالية للاتحاد الوطني الكردستاني ـ حدك 1995 ، هەروەها بڕوانە برایەتی چاپی دەرەوە ژمارە: سفر ، لەندەن 12.04.1995 ل 4 .

81ـ شاعیر و دەسەڵات ، کامەران محەمەد ، ڕابوون ، ژمارە 17 ل 54 .

82ـ خەبات ژمارە 625 ڕۆژی 08.07.1992 ل 2 .

83ـ ڕۆژنامەی IDAG ی 25.02.1995 سوێد .

84ـ دوو هاوولاتی سوێدین و ئەندامی سەرکردایەتی ی . ن . ك یشن .

85ـ ڕۆژنامەی IDAG ی 24.02.1995 .

86ـ کوردستانی نوێ ، ژمارە 718 ی ڕۆژی 28.06.1994 ل 6 .

87ـ دیوانی شـ . بێکەس ، بەرگی دووەم ، ل 449 .

88ـ البنوية ومابعدها ، صـ 131 .

89ـ البنيوية و علم الاشارة ، ترنس هوكز / ترجمة مجيد الماشطة ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد 1986 ص 65 .

90ـ درس السيميولوجيا ، رولان بارط / ترجمة ع. بنعبدالعالي ، دار توبقال للنشر ط 3 ، الدار البيضاء 1993 ص 87 .

91ـ قنديل أم هاشم ، قراءة و تحليل محمد الصالحي دار توبقال للنشر ، الدار البيضاء 1995 ص 25 .

92ـ تشيخوف ، ايليا ايرنبورك ، ص 86 .

93ـ قضيا الشعرية ، رومان ياكبسون ، دار توبقال للنشر ، الدار البيضاء 1988 ص 8 .

هاوڕێ ئەکرەم

# ئاڵاهەڵگری قشوونی

## بەگوێ

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستای هێژا دوکتۆر موزەفەری پەرتەوماهـ ، بالوێژی پارتیا ئیسلامیا کوردستانی ، لە ژمارە 2 ی گۆڤاری دلانپار ، سالی 1996 دا ، لە ئاست نووسینێکی بەندە « بەناونیشانی : گۆڤاری هەڵەبجە ... یاگۆڤاری هەڵە » کە لە ژمارە 1 ی دلانپار ، 25 ی مارتی هەمان ساڵدا بلاویۆتەوە ، نووسینێکی « بەناونیشانی : ئایا ئێوە رقتتان لە ئیسلام چیە ؟ » بۆ پەرچدانەوەی ئەو رەخنانە نووسیوە ، کە من لە چەند بابەتێکی گۆڤاری هەڵەبجە گرتوومن .

مامۆستا بیرو رای خۆیی بەرابەر بە رەخنەکانی من دەربڕیوە . هەروەك بەڕێز مامۆستا موزەفەر دەنووسی : « ئەمن لەسەر پاك - پارتیا ئیسلامی کوردستان - و خۆمم زانی ئەو وەلامە - بدەمەوە » 1

هەڵبەتە لە گۆشەنیگای خۆی و بۆ تەمێ کردن و ئامۆژگاری کردنی بەندەو نەختێکیش بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبیم بکات ! وەك ئەوەی مامۆستای هێژا بەوەندە دارو لێدانەی بەدەستی مامۆستایانی زمانی عەرەبییەوە خواردوومن رازی نەبێ A ، بۆیە لەو بەری ئەتلەنتیی یەوە - نیویۆرکەوە -

خۆی رسوا بکات « که مەبەستی منە و بەقسەی ئەو لەزمانی عەرەبی نازانم و تێیدا مەعلان و مەلەوان نیم و خۆم ڕسوا کردووە »ـێکی بۆ ناردووم . بێگومان وەك دەستقەڵتارمیەك جنێوی مـزر ، سەرمرای ئەو قەڵتارە جنێوەی - قسە نا شیرین و تومەتانەی لەخۆڕایی داویەتیە پاڵم - بۆی کردووم بەدیاری ، کە دواتر خوێنەرانی بەڕێز لەم نووسینەدا بەسەریان دەگرنەوە . جگە لە خۆم لە چەند برگەیەکی نووسینەکەیدا پەلاماری سەرجەم کارگێرانی گۆڤاری دلانپاریشی داوە . یەزدان کاری راستیبێنی و تۆڵەی بۆ بکاتەوە .

بەگوێرەی ئاڵوگۆری کە لە شێوەو ناوەرۆکی دلانپاردا روویداوە ، دەبوو کارگێرانی گۆڤاری دلانپار بەیەکەوە ، یاخود سەرنووسەری گۆڤارەکە ئەرکی وەلامدانەوەی ئەو لایەنە وەئەستۆبگرن . بەلام من ئەمەم پەسەند نەکرد ، لەسۆنگەی ئەمەوە کە : ئەم بەناحەق پەلاماردانەی دلانپار لەسەر بنیایی نووسیـنێکی منەوە بەمل دلانپاردا داهاتووە . بۆیە بەپێویستم زانی ئەرکی داکۆکی لە خۆم و بیروباوەڕ و بۆچوونەکانم و هەروەهاش لەگۆڤاری دلانپار وەئەستۆی خۆم بگرم . گەر کەسێکی تر لە کارگێرانی دلانپار یاخود لە دەرەوەی ئەوان هاتە پێشەوەو بەشداری ساغ کردنەوەی راستییەکانی کرد ئەمە : ئەوەلا چاکتر .

با ئەوەش بڵێم : من کەدەنووسم کوردەواری گوتەنی « لەسەر زوێر ( عاجز ) کردنی کەسم نەکردووە » ، بەڵکو مەبەست تەنیا روونکردنەوەو ئاشکراکردنی راستییە شاراوەکانە . جا پێش ئەوەی بکەومە شەن و کەوی نووسینەکەی بەڕێز دوکتۆر موزەفەری پرتەوماهـ ، چاکوایە بڵێم : هەزار ئافەرین لەو کەسەی ، کەهەڵەیەکی چاپ دەبینێ و یەکسەر دەستدەداتە پێنووس و راستیدە- کاتەوە . دیارە ئەمەش قسەی خۆم نییە و ئامۆژگاری ئازیزانی دڵسۆزە . بۆیە لەو رۆژگارەوە « دەساڵێك بەر لەئێمرۆ » هەر هەڵەیەکی چاپم دیبێ ئەوا بەسەری رانەبووردووم ، چونکێ زۆر چاك لەوە گەیشتووم کە لە چ بارودۆخێکی ئەستەمدا چاپەمەنی کوردی دەردەچێت و بلاودەبێتەوە ، ئەوانەی کاری تێدا دەکەن چلۆن ماندووبوون و شەونخونیان بازووی فەرهاد و کێوی بێستونە . بۆیە هەرگیز نابێ بیان کەینە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی و تیرو توانج تێگرتن ، لە لایەکی تریشەوە رێگەی ئەوە بگرین کە کەسێکی تر لە خوێندنەوەدا بە هەڵەدا بچێت .

لەراستیشدا ئەو بار و دۆخەی چاپەمەنی کوردی ، وەك سەرتاپای ژیانی کوردەواری چیرۆکێکی تراگیدی پڕ لە دەردەسەرییە . ئێمرۆ هەر بلاوکراوەیەکی ئەم جیهانە پانوبەرینە بگرین ، دەبینین بۆ تەتەڵەکردن و راستکردنەوەی هەر ستونێك یاخود چەند دێرێك ، کەسێك یا چەند کەسێکی پسپۆر کاردەکەن « لەوە

گەڕێ که بەرنامەی کۆمپیتەری وایان بەردەستە بە هۆی سیستەمی فەرهەنگی دەوڵەمەندەوە وشەراستدەکاتەوە و پێت دەڵێ کێهە وشە کامە پیتی هەڵەیە » بەڵێ! کەچی زۆربەی بڵاوکراوەی کوردی ئەگەر نووسەری خامە رەنگین و بە بڕشتیش بەشداری تێدا بکەن ، ئەوە بە هۆی باری تەکنیکییەوە نووسینەکانیان لە هەڵەی چاپ بە دەرنابن « بەتایبەتی لە هەندەران کە زۆربەی کات کارکردن لەم بوارەدا یەکدەستییە نەك کۆلێکتیڤ واتە بە کۆمەڵ . جگەلەوەش ئەوانەی لەم بوارەشدا کاردەکەن ، ئەوە چاك دەزانن کە هەتا ئەو نووسینانەی لە لایەن خودی نووسەرانیشەوە بە تایپکراوی ولەسەر دیسك دەگاتە دەستیان لەهەڵە خاڵی نییە . سەرەڕای هەموو ئەوەش کورد واتەنی « مەلاش لە قورئان خوێندن هەڵە دەکات » !

خۆگەر مرۆڤ هەڵەیەکی ئەوتۆ زەقی کەوتە بەرچاو ، ئەوەنەك هەر لە راست کردنەوەی بەرپرسیارە ، بەڵکو دەبێتە ئەرکی سەرشانی دەستوبرد بەنامەیەك ئەو لایەنە ئاگاداربکاتەوە . ئەمەش لە دنیای ئیمرۆدا ، کە هۆیەکانی پێوەندی کردن لە پۆست و تەلەفۆن و فاکس و ... لەوپەڕی پێشکەوتنندان و هێندەش بەردەستن وەك ئەوەیان لێهاتوە مرۆڤ پشتی دەستی خۆی بخورێنێ ، کارێکی هێندە دژوار نییە . ئیمرۆ گەورەترین هەڵە لەهەر بڵاوکراوەیەکی کوردی کە لەو سەری دنیاوە دەردەچێت ، لەو سەرەی ترەوە بەنووسین و ناردنی فاکسێك ، یا تەلەفۆنێك ، یا نامەیەك کە هەمووی دەکاتە چەند خولەکێك یا ساتێك یا دوو سێ رۆژ ، چارەسەر دەکرێت . کە رەنگە کارێکی ئاوا بچوك بەڵام گرنگ ببێتە هۆی رەواندنەوەی دەردەسەری و گیرگرفتێکی گەورە لەنێو کۆمەڵدا . نەك نووسەرێك بێت و ئەو هەڵەیە هەڵگرێتەوە ، بۆ ئەوەی بیکاتە خاڵێك و بەڵگەیەکی هەڵەبون ، و نەزانی و سووکوچروکی بەرابەرەکەی و گاڵتەکردن بە هۆش و گۆشی نووسەرەکە . ئاخەم خۆری و دڵسۆزی بۆ زمانی شیرینی کوردی لە کرداری ئاوەهاییدا دەردەکەوێ ، نەك لە قسەی پفدراوی وەك : « واردکردنی ئاوا وشەگەلێکی هەڵە خەیانەتێکی گەورەیە بەو زمانەشیرینە » 2 .

دیسانەوە بە پێویستی دەزانم ئەوەش بەخوێنەرانی هێژا رابگەیەنم : کە من خۆم بەوردی نووسینەکەی خۆمم لەدڵانپاردا خوێندەوە ، تا دڵنیابم و بزانم لەهیچ شوێنێکدا وشەی سووكو هەرەشە ئامێزم بەکارهێناوە ؟ لە بابەتی ئەم وشانەی مامۆستا موزەفەری پرتەوماهـ : « خەیانەتێکی گەورە ، خۆی رسوابکات ، هەڵت و پەڵت ، لە شوێنی خاچ پەرستگەلی دووبارە کراون « مەبەستی ئەوەیە ؛ کە لە باتی خاچپەرستەکان و قسەی ئەوانم دووبارە کردۆتەوە - کە ئەمەش نە تەنیا ئەو مانایەدەدا ؛

ماموستا من بە کافر دادەنێ « هەڵبەتە
بە شەرعی خۆی - چونکێ ئەوەندەی
من بزانم قورئان جولەکە و تەورات ،
مەسیحی، ئینجیل ، هەتا مەجوسیش
بە ئەهلی کتاب و، بە خواناس و کتابە
کانیشیان بە ئاسمانی دەزانێ » بەڵکو بە
بەکرێگراوێکی بەخۆڕایی خاچپەرستانیش »
یاخود دەنووسی : « ئەو شتانە لەوە
دەچی سەددامی بەد عەسلو نەسەب
خەڵکی بێ داژیاری پێ دەخەڵەتێنێ » 3
جا خوێنەرانی هێژاش رایان هەر
ئەوەیە ؛ گەر هەموو تومەتەکانی تر
بەریاسای لێخۆشبوون بکەون ، ئەوە
تومەتی دوایی بەر ئەو یاسایە ناکەوێ .
سزای سەددام و هیوەك سەدام
مرنە ، ئەوە چ قسەی لەسەر نییە ! !
بەباوەڕی گشتیش گەر ئەوەندە تومەتە
بەسەر کەسێکدا ساغ بێتەوە ، بەسە بۆ
ئەوەی ئەمەمان بۆ بسەلمێنی : گەر
دلانپار لەسەردەمی دەوڵەتێکی ئیسلامی
دەرچوبایە ، ئەو نووسینەی بەندەشی
تێدا بلاوبکرایەوە ، ئەوا نە هەر منی
نووسەر بەڵکو کارگێڕانی دلانپار، دلانپارو
خوێنەرانییشی تێکڕا لە سەرپاندەدرا .
ئەی گۆیە کافر و خاچپەرست ، مرۆڤی
وەك سەددامی بەد عەسلو نەسەب
بۆچی دەبێ لە دەوڵەتی یا خەلافەتی
پاك -ی ئیسلامدا بژین ؟؟
خۆ ئەگەر ئەم تومەت و تاوانانەش
بنچینەکی راستودروستیان هەبوایە، دەمگوت
: قێڕوسیا ! بەلام وەك خوێنەرانی هێژا
لە لاپەڕەکانی دوایدا دەبینن ، تومەتەکانی
دوکتۆر موزەفەری پەرتەوماهـ لەسەر
بنچینەی بەوردی نەخوێندنەوەو بەقولی
بیرنەکردنەوە هەڵبەستراون ، پێچەوانەی
راستین ، هەربۆیە حوکمەکانیشی بەتاڵن .

بەر لەوەی بکەومە وەلامدانەوەی
راستەوخۆی بیروبۆچون و سورکردنەوەی
تومەتە هەڵبەستراوەکان ، ئێستە بەپێویسـ
ـتی دەزانم چەند زاراوەیەك لە
نووسینەکەی ماموستا بخەمە بەرپرسیارو
لێکۆڵینەوە .

ماموستا موزەفەری پرتەوماهـ ، لەچەند
برگەیەکی نووسینەکەیدا ئەم دەستەواژانە
دوویارە دەکاتەوە ؛

یەکەم : « ئیسلامی راستەقینە » 4
بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە، واتە؛ ئیسلامی
راستەقینە . ئەوە دەسەلمێنێ کە دەبێ
ئیسلامی ناراستەقینە ، واتە « ئیسلامی
ساختە » ش هەبێت ! بەلام لە راستیدا ،
نە ئیسلامی راستەقینەهەیە ، نە ئیسلامی
ساختەش . بەڵکو ئیسلام هەیەو بەس .
لێ وادیارە ماموستا ، تەمای لەوە
خۆشکردووە ئیسلامی راستەقینەشمان وەك
ئۆتۆنۆمی راستەقینە [ کە ئێستەشی
لەگەڵدابی ، نە ئەو حیزبانەی ئەم
دروشمەیان بەرزکردبوەوەو نە ئەوانەی تا
ئێستەش بەرزیان کردۆتەوە و نە تاکە
یەك کەسیش لەو جیهانە سەرەدەری
لەمانا و ناوەرۆك و ئامانجی ئەو دروشمە
دەکات ] لێ بکات بەدروشمێکی نوێ!!
بەڵێ ! گەر ماموستای هێژا مەبەستی

ئەوەیە : ئەو ئیسلامەی ئیمڕۆ لە ئارادایە شێوێندراوە و { هەروەك لە چەند شوێنێکدا ئەمە دووبارە دەکاتەوە. کە بێگومان ئەمە هەر خۆی تومەتێکی گەورەیە ، ئەستەمە ئیمڕۆ یەکاودوو بزانین ئیسلامی سەرتاسەری دنیا کاردانەوەیان لە بەرابەر ئەم فەرموودەی مامۆستادا چی و چۆن دەبێ } دەبێ بە هۆی ئیسلامی ڕاستەقینە لە شێواندن ڕزگاربکرێت . ئەمەش مانایوایە : دەبێت ئیسلامی شێوێندرا و بە هۆی ئیسلامی ڕاستەقینەوە لە ناوببرێت « نەفی بکرێت » ئیسلامی ڕاستەقینە جێگەی ئیسلامی شێوێندراو بگرێتەوە . ئەوجا ئیسلامی ڕاستەقینەش دەبێ « ئیسلامی ڕووت - مجرد » لەناوببات ! هەروەك ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە ئۆتۆنۆمی بەعس « بۆنمونە» واتە شێوێندراو لە ناودەبات و ، دوایش ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە ئۆتۆنۆمی موجەڕەد لەناودەبات ، دەنا دەبێ ئۆتۆنۆمی ڕووت ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە لەناوببات ! ئەگینا دیارە بەهەمان شێوە : ئیسلام « مەبەست ئیسلامی ڕووتە {{ کە بریتیە لە - قورئان و حەدیس - واتە ئەوەی خودێ ناردویەتی و ئەوەی پێغەمبەر فەرموویەتی ، جا گەر بڵێین لە حەدیسدا دەشێ کەم کورپیەك هەبێ و حەدیس و حەدیسی هەڵبەستراو هەبێ ، خۆ ناشێ لە قورئاندا شتی لەو جۆرە هەبێ هەتا گەر - نەسخ و مەنسوخیش - لەبەرچاوبگیرێن ، قورئان هەر ئەو دەقە ڕەهایەیە - مطلق - کە خودا ناردوویەتی » دیارە لەسەرەتادا هەریەك ئیسلام هەبووە و نە خودا و نە پێغەمبەر باسی ئیسلامی ڕاستەقینە یا ئیسلامی ناڕاستەقینەیان نە کردووە }}، ئیسلامی ڕاستەقینە لە ناودەبات !

ئێستا مامۆستا دووبارە لەخۆتوخۆڕایی و بێووردبوونەوە تومەتێکی ترم دەداتەپاڵ. بەڵام فەرموون ، با لە ڕوویەکی ترەوە لە ئیسلامی ڕاستەقینە وردببینەوە . گریمان مامۆستا مەبەستی لە< ئیسلامی ڕاستەقینە> ئەوەیە کە: بە گوێرەی یاسا و دەستوراتی قورعان بێت و بەموو لێی لانەدات ، ئەو کاتەش ئەوکەسە یا ئەو کۆمەڵەی کە بەگوێرەی یاسا و دەستوراتی قورعان بەڕێوەدەچێ ، دەبێتە کەسێك یا کۆمەڵێکی ئیسلامی . نەك ئیسلامی ڕاستەقینە ، چونکێ یاسا و دەستورانی قورعان و قورعان بەگشتی یەك یاسا و دەستورە ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەی بۆنییە . چۆن خودا هەر یەك خودایە ، قورعانیش هەر قورعانە ، ئەوا دیارە ئیسلامیش هەر یەك ئیسلامە .

دووەم : << تیرە >> .

مامۆستا لەسەرتاپای نووسینەکەیدا ، یەك کەرەت << کوردگەل >> و دوو یا سی کەرەتیش << میللەتی کورد >> ی بەکار هێناوە « لە جێگەی خۆی ئەمەش باس دەکەین » ، ئەگینا بەهیچ شێوەیەك دیارنییە ئەو کوردەی ئەو لە بارەیەوە دەدوێ چییە ؟ هەر بۆنمونە دەڵێم : لە دوو جێگەدا ، لە کەیەمیان دەنووسێ

:« کورد تیرەکی ئیسلامە » 5 ، لە دووەمیان دەنووسیٚ:« دڵسۆزترین تیرەی ناو کورد » « مەبەستی ئەوەیە ئیسلام تیرەیەکە لە کورد »6 . ئەمەش جێگەی پرسیارە ؛ ئایا کورد تیرەیەکە لە ئیسلام یا ئیسلام تیرەیەکە لەکورد ؟ ئێمە دەزانین کە نەتەوە لە کۆمەڵێك تیرە و خێڵ .... هتد ، پێکدێت ، جا ئایا ئیسلام یەکەیەکە « وحدە - نەتەوەیەکە » لە کۆمەڵێك تیرە پێکهاتووەو کوردیش یەکێك لەو تیرانەی ئیسلامە ؟ یاخود کورد یەکەیەکە و لە کۆمەڵێك تیرە پێکهاتووە و ئیسلامیش یەکێکە لەو تیرانە ؟ بۆ نمونە دەڵێم ؛ دەشێ بڵێین کورد : پێکهاتووە ، لە یەزیدی ، دیان ، جوو ، ئیسلام و عەلەوی و ، کاکەیی « ئەهلی حەق » { کە رەنگە مامۆستا ئەوانەی دوایی هەر بە ئیسلام دابنێ } ، چونکێ گەر ئیسلام تیرەبێ ، دەبێ ئاینەکانی‌تریش ئەو مافەیان هەبێ و ئەوانیش هەریەکە و تیرەیەك بن . خۆ ئەگەر کورد تیرەیەك بێ لە ئیسلام ، ئەوە ئەو ئایینانەی ژماردنمان ، نابنە تیرە لە ئیسلام و بەمەش لە کورد بوون دەشۆرێن و ئەمەش هەرخۆی دژی ئەو باوەڕەی مامۆستایە کەدەڵێت:
« لەزۆربەی کوردستانی باکور وباشوردا کوردی یەزیدی و مەسیحییش‌هەیە . » 7

سێیەم :

وشەی « مەیل » « کە دواتریش لە بارەیەوە دەدوێین » 8 . جارێ هەر ئەوەندە دەڵێم کە ‹ مەیل › هەر دەکاتەوە ‹ ئارەزوو › مامۆستا گیوموکریانی لە فەرهەنگی - رابەر - هەولێر ، چاپخانەی کوردستاندا ، چاپی ١٩٥٠دا ، بەم شێوەیەی بەرابەر کردووە :

میل: رووتێ کردن ، بیستن ، بەلاداخوار بوونەوە ، ارەزوو « رێنووسی کۆن » کە دەکاتەوە « ئارەزوو » بە رێنووسی ئەم رۆژگارەمان .

مامۆستا محمەدی خاڵ یش لە فەرهەنگی خاڵدا ، جزمی یەکەم ، ١٩٦٠ ، لە بەرابەر ‹ ئارەزوو › دا ، دەنووسی « ویستنی شتێك ... هتد .

مامۆستایان : عەبدوڵا شالی ، نوری عەلی ئەمین ، عوسمان عەلی قادر ، عەبدولڕەزاق بیمار ، ئەبو زەید سندی و عوسمان عەلی شێخ یش لە گۆڤاری « پەروەردە و زانست » کە فەرهەنگێکی تایبەتییە و لە لایەن ئەو لیژنەیەوە دەردەچوو ، لە ژمارە 7 و 8 ی سالی چوارەم ، هاوینی 1973 دا و لە لاپەڕە 228 دا ، لە بەرابەر وشەی :

میل ‹ مەیل › ـ ئارەزوو ـ یان داناوە .

جا با دواتر بزانین مامۆستا دەڵێ چی ؟

ئەدی بابینێن و بزانین ‹ ئیسلامچی › کە مامۆستا رەخنەی توندوتیژی لەبارەوە لێ نووسیوم ، و لەخاڵی یەکەمی نووسینە کەیدا باسی لێوەدەکات ، چیە ؟ مامۆستا دەڵێت : ئەم وشەیە « عەسلەن لە وشەدانی کوردەواریدا نیە ! » .

ئەگەر مامۆستا مەبەستی لە وشەدان - فەرهەنگ - قاموس - بێت ، ئەوەدەڵێم :

کورد لە گشت نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە لەوبارەوە هەژارو دەستکورتترە، گەر نەتەوە و گەلانی گەورە و بچوکی دنیا ، هەر بە دوو سێ ساڵ جارێك فەرهەنگی خۆیان دەمزەرد کەنەوە و وشەی نوێی تێهاون و « هەڵبەتە ئێستە ئەم پرۆسەیە بەهۆی کۆمپیتەرو سیستەمی ئینتەرنێتەوە زۆر پێشکەتووە » زاراوەی نوێی بخەنە سەر ،ئەوا ئێمەی کورد لە بیست ساڵ گەرنەڵێم لە پەنجا ساڵ جارێك هەنگاوێکی وامان بۆ نا رەخسێ ، جا ئەمە وا ناگەیەنی هەر وشەیەکی لە فەرهەنگ « وشەدانی » کوردەواریدا تۆمار نەکرابێت،ئەوا ئیدی ئەم وشەیەنییە و بەکەڵك نایەت . واش دەبێ وشەی وا هەن لەسەر دەمانێکدا و بەهۆی بارو دۆخی سیاسییەوە نەك هەرکەس ناوێرێت لەفەرهەنگا تۆماریان کات ، بەڵکو زۆر بەنەهێنیش بەکاردێن . بۆ نمونە هەر لە ماوەی چەند دەساڵی رابردوودا وشەی لەبابەتی « عێراقچی » لە سەر رەزمی « ساختەچی ، قومارچی ،قاچاخچی وکلاوچی » هاتونەتە نێوزمانی کوردییەوە و باوترین وشەی نێوبلاوکراوە کوردییەکانە . دەهەرچی فەرهەنگ و وشە دانی کوردی هەیە بێپشکنی نایدۆزیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بەکاریشی دێنن و ماناکەشی زۆر روون و ئاشکرایە . عێراقچی - ئەو کوردەیە کە بەنەتەوە کورد و نیشتمانی کوردستانە ،بەلام بە درۆ شوناسنامەیەکی تـر هەڵدەگرێت و خۆیمان لێدەکاتە ‹ عێراقی › کە هیچ نەتەوە و نیشتمانێك بەو ناوەوە نین ، ئێرانچییەتی ، تورکچییەتی و سوریاچییەتی یش هەروان . جا گەر لەخۆمان بپرسین ئەوکەسە چی دەکات : لەوەلامدا دەڵێین ؛ ئەوە - عێراقچێتی - دەکات ، و ئەو چییە ؟ عێراقچی - یە . بەکورتی : ئەو کەسەیە کە بەرژەوندی عێراق دەخاتە سەروی بەرژەوەندی کوردو کوردستانەوە . هەر بەم گەزوگرێیەش ئەگەر کوردێك بەرژەوەندی ئیسلام بخاتە سەرووی بەرژەوەندی کوردەوە ، دەڵێین ؛ ئەو کەسە چی دەکات ؟ ئەوە ئیسلامچییەتی دەکات ، ئەو ئیسلامچی یە . جا نازانم حیکمەت لەوەدا چییە ، ئیسلامی راستەقینە ،ناراستەقینە ، ئیسلام و ئیسلامی شێوێنراو هەبێ ، ئیسلام و ئیسلامی و بوسلمان هەبێ ، بەلام ئیسلام و ئیسلامچی نەبێ ؟! .

ئەوجا هەر لێرەوە دەکەوینە گەرمەی دەمەتەقێ و قوولایی باسەکانی مامۆستاوە . مامۆستای هێژا دەنووسی : « هەروەها بە بێگومان ئەگەر بە ئیسلامی راستەقینە لە لایەنی کورد و هاوساگەلی کوردەوە رەفتاربکرایا نە کورد تابەوجۆرە لە قورپەسەریدا دەماوەنە دەراوسیەکانیشی بە وەحشی گەری وە ناعیسانیەت لە دنیا دەناسران . . » 9 . تکایە بڕوانە پەراوێزی 1 .

بە قسەی مامۆستا ، نەکورد و نە هاوسێ گەلی کورد « کەدیارە فارس ،

عەرەب ، تورك و ئازەر » ن ، رەفتاریان بە یاساو دەستوری ئیسلام نەكردووە، زۆرچاكە ! بەلام ماموستا پێمان نالێی لە چ دەورووزەمانێكەوە كورد B و دراوسێكانی رەفتاریان بە ئیسلام نەكردوە ؟ ئایا مەبەستی سەدەی بیستە ،یا پێش سەدەی بیست و دوورترە، واتە سەردەمی عوسمانی ، عەباسی و ئەمەوی و .... هتد » لە خوا بەزیاد بێ ، گەلێ لە مێژە گەلی ئێمە لەگەڵ ئەوانە دراوسێیە ، كەی و لە كەیەوە رەفتار نە كراوە ؟ چونكێ قوڕبەسەری كورد لە دوێنێوە دەستیپێنە كردووە ، لەسەدەی بیستەوە سەریهەڵداوە ، دەمێكە كورد بەو قوڕبەسەرییەوە دەناڵێنی ،مێژوویەكی یەكجار دووروودرێژی هەیە ، هێندێكجار كە مرۆڤ سەرانسەری نیگا بەسەر مێژووی كورد دا دادەگرێ ، وای دێتە بەرچاو كورد و قوڕبەسەری دوو شتن بەیەكەوە لە فۆرمێكدا هاتونەتەكایەوە.

دەڵێن خودێ ئادەم و ئێڤای لە قوڕ دروستكردووە ، دەترسم كورد و قوڕو قوڕبەسەریەكەی بەڵگەیەكی خودایی بێ بۆسەلماندنی ئەو راستییە ؟! جا ئەگەر دەورانێك هەیە و كوردی تێدا قوڕبەسەر نەبووە ، هەر نەبێ بۆ ئەوەی ماموستا نەختێك دڵمان خۆش بكات ، با بفەرمووێ و بۆمان بخاتە سەر كاغەز ؟

هۆڤیەتی ئەو دراوسییانەشمان مێژوویەكی كۆنی هەیە ، كالە چ دەورانێكدا ئەوانە هۆڤی نەبوون C؟

ماموستای هێژا ؛ بەبێ ئەوەی دەست نیشانی ئەمە بكات: لە چ لاپەڕە وستون و پەرەگراف ، بڕگە و رستەیەكدا من نووسیومە :« كورد ئیسلام نییە ! » .

یەكسەر لە خۆیەوە دەنووسێ و پرسیار دەكات :« ئایا كورد بوسڵمان نی یە وا فلانە گوڤار دەبێ ... بەئامانجی بەزۆر ئیسلامكردنەوەی ـ تێكۆشێت ؟ » 10

هەروەك ئەوەی من نووسیبێتم « كورد موسڵمان نیە » ! باشە ! ماموستا كێ باوەڕدەكات من قسەی وام نووسیبێ؟ ئەگەرهات و یەكێ نووسینەكەی منی خوێندەوە و بۆی دەركەوت ئەوقسانەی جەنابت لە نووسینەكەی مندا نین ، ئەو كاتە چی بە خۆت دەڵێی ؟ دوایی ئێوە هەر خۆتان دەڵێن : « ئەبێ ماموستا بزانێت و لە زۆربەی كوردستانی باكور و باشوردا كوردی یەزیدی و مەسیحی هەیە D ، 11 و

بەقسەی ئێوە كورد هەموو ئەوانە دەگرێتەوە ـ هەرچەندە من بڕیاری وا نادەم ، چونكێ مەسیحی‌هەن خۆیان بە ئاسوری یا كلدانی و .... نازانم چی و چی تر دادەنێن ـ بەلام گەر وەك ئێوە دەڵێن ئەوانە هەموو كوردبن ، ئیسلامی ناڕاستەقینەو شێوێندراو و گەوجیش هەبن ، ئایا ئێدی چ هەڵەیەك لەوەدایە گەر یەكێك بڵێ « بەزۆر ئیسلام كردنەوەی كورد ... فلانەكەس كاردەكات یا تێدە- كۆشێت » ، خۆ راستە كورد موسڵمانن بەلام هەموو كورد موسڵمانین ناشێ هەمووشی موسڵمانی گەوج بن یا بەهەڵە لە ئیسلام گەیشتبن ؟ چ هەڵەیەك لەو

قسەیەمدا هەیە تا ئێوە بەم جۆرە و دوای شێواندنی بیکەن بەتومەت و لە سەری منی بسون ، گۆیە «من گوتومە کورد موسڵمان نیە!» . تێناگەم مامۆستا چۆن لە وشەی « بەزۆر » گەیشتووە؟ بۆیە پێم باشە ئەم وتەی نووسەری کورد کاك حەمەسەعیدحەسەن دەربارەی دکتاتۆریەت و زۆرلێکردن بێنمەوە ، کە دەڵێت : «پشت بەستن بە زەبرو زەنگ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە تایبەتییەکان ، تەنیا بەدەست دانە چەکدا دەرناکەوێ ، دەشێ هەرگیز دەستت بە رچەك نەکەوتبێ و دیکتاتۆریش بی» 12 .

جا ئەگەر بە دوای ئەم جۆرە « بە زۆرە » دا بگەڕێن نەك هەر لەگۆڤاری هەڵەبجە ، بەڵکو هەر لە خودی نووسینەکەی مامۆستا چەند خەروارێك دەستکەوتمان دەبێ . چونکێ ئاشکرایە پروپاگەندە و زەقکردنەوەی شت و تیفتیفەدانی خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە « زۆر » لێکردن .

بەڵێ تا ئێرە چەند پەردەیەکی تەنکم لەسەر ئەوەهەڵدایەوە ، دەرکەوت کەمن تومەتم لە کورد نەداوە و راستگۆیانە لە بارەی کوردەوە دواوم . مامۆستا لەخۆڕایی یا بۆ نیازێك لە دەرونی یاعقوب! تومەت وتاوانی بۆ هەڵبەستوم .

هەر ئەم مامۆستا هێژایە ، کە لە سەرەتای نووسینەکەیەوە دەنووسێ : « ئەگەر بەئیسلامی راستەقینە لەلایەن کوردو هاوساگەلی کوردەوە رەفتار کرابا .... » ، هێندەی پێناچێ بە پێچەوانەی ئەمەوە دەنووسێ : « بە بۆنەی بەڕێوەبردنی راستەقینەی دەستوری ئیسلام بەڕێزگرتن لە بازی ئایین گەلی کۆن لەناو کوردستانی گەورەدا کۆمەڵانی زەرادەشتی و خاچپەرست و جولەکە هەتا ئیمڕۆ ماون» 13 .

با لەوە گەڕێن ؛ کە ئەم سێ ئاینە خاوەن کتێبی پیرۆزی ئاسمانین و کتێبی ئاسمانییش فەرموودەی یەزانە « خودایە » و فەرموودەی یەزدانیش لە کاتبەدەر و نەمرە و کۆن نابێت . ئەم قسەیەی مامۆستا زۆر نابەجێیە . هەرخۆی دەزانی چی گوتووە . لێ ئەوەی هەمووومان دەیزانین و راستییەکە بەکەس ناشاردرێتەوە ، ئەمەیانە ؛ کە کۆمەڵانی زەردەشتی ، خاچپەرست و « رەنگەمەبەستی مەسیحی بێت » جولەکە ، بەر لە هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ، بەتایبەتی زەردەشتییەکان لە کوردستان بوون ، ئەوان لە وڵاتێکی ترەوە نە تاراون و پەنایان هێنابێتە بەر کوردی موسڵمان تا ئەو کوردستانە بە بۆنەی بەڕێوەبردنی « ئیسلامی راستەقینە » داڵدەی دابن و رێزی لێنابن . ئەوان پێش ئیسلام لە کوردستان بوون و دانیشتووانی رەسەنی کوردستانن . ئەگەر وابوایە و ئیسلام رێزی گرتبان ، دەبوو هەر لەسەرەتاوە پێ نەنێتە خاکیان . ئەوان لە سەر خاکی خۆیان بوون کە ئیسلامەکان هاتنە سەریان ، کە تا ئیمڕۆش ماون بەجەربەزەیی کۆڵنەدانی خۆیان ماون . ئەز ناخوازم قەتماغە لەسەر برینان راکەم ، و باسی ئەو نەهامەتی و دەردەسەرییە

بكه‌م كه ئه‌وانــه به‌ده‌ست ده‌سه‌لاتی ئیسلامی كوردو غه‌یری كورده‌وه چێشتویانه.

لێ ، راستییه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه ؛ كه ئه‌وانه به‌تایبه‌تی زه‌رده‌شتی یا كوردانی یه‌زیدی ئیمڕۆمان به‌هۆی كوردبوونیان و خۆ به‌كورد زانینیان له‌كوردستانی خاكی باووباپیرانیان رانه‌قه‌ناون و ماونه‌ته‌وه نه‌ك به‌هۆی رێـز لێگرتنی ئیسلامه‌وه لێیان . ده‌بێ ئه‌وه چ رێزگرتنێك بێ ، كه هه‌رچه‌ند ساڵێك جارێك به‌ناوی شه‌یتانپه‌رستی و غه‌زاوه په‌لاماردراون و «لێره‌شدا هه‌ر كورده‌كه خۆی به‌كارهێنـراوه »قه‌یسه‌رییان لێكراوه به كونه مشك ؟ ئه‌وه‌ته به هه‌زارانیان ئاواره‌ی ئه‌ودیوی قه‌فقاسن و له ئه‌رمینا و گروزیا ... هتد ، گیرساونه‌ته‌وه . ئاشكراشه كه هه‌رچه‌نده چه‌ند پشتێكیان له خاكی غه‌ریبی نێژتووه ، كه‌چی هه‌تا ئیمرۆكه‌ش چاویان هه‌ر له‌و دووی ئه‌و رۆژه‌یه كـه ده‌گه‌رێنه‌وه سه‌رواری باووباپیرانی خۆیـان

جا ره‌نگه ماموستا بێژیت ئیسلام ده‌ستی له‌وه‌دا نه‌بووه . به‌ڵكو ده‌سه‌لاتی خه‌لافه‌تی عوسمانی ، عه‌باسی ، ئه‌مه‌وی ... هتد ، و یا فلانه میری كورد له‌وه‌دا گوناهبارن و زۆرداربوون . جا ئه‌گه‌ر وای دابنێین ئه‌وانه‌تێكرایان ئیسلامی شێوێنـد- راون ، كه‌واته ؛ « هه‌روه‌ك له په‌راوێزی -C- ی دا رونم كردووه » ئیسلام ته‌نـیا له سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ر خۆیدا هه‌بووه ، ئه‌ویش هه‌مووی ناكات بیستوپێنج ساڵ ، دیاره ئه‌و ماوه‌یه‌ی به‌ر كورد ده‌كه‌وێ له په‌نجه‌ی دووده‌ست تێپه‌رناكات ، و دواتر له‌ژێرره‌وشی ئیسلامی شێوێندراو به‌رێوه‌براوه ، كه ئه‌مه‌ش هه‌ر ده‌كاته‌وه به‌زۆر ئیسلام كردن .

ئه‌وجا ماموستا ده‌نووسێ : « به‌لام هه‌ر كه‌س بڵێت ئه‌وانه ژماره‌یان له ژماره‌ی بوسڵمانانی كورد گرنگتره‌و زیاتره دورۆی داوه »14. لێره‌دا ماموستا پرته‌وماهـ هه‌رچه‌نده راسته‌وخۆ نه‌یوتووه كه من « وتوومه: ئه‌وانه ژماره‌یان له ئیسلام پتره » به‌لام له‌و رسته‌دا كه ده‌ڵێت : « نه‌ك ته‌نێ له‌گه‌ڵ مێژوی كوردا ، به‌ڵكه له‌گه‌ڵ خوه‌ی‌دا وه له‌گه‌ڵ تا ئێستای میلله‌تی كوردیش دا درۆی داوه » 15 . خوێنه‌ری بێئاگا واتێده‌گه‌یه‌نێت كه ده‌بێ من شتی وام وتبێ . جا گه‌ر ماموستا نایه‌وێ سه‌ر له‌خوێنه‌ر بشێوێنێ با بفه‌رمووێت و روونی بكاته‌وه له چ به‌شێكی نووسینه‌كه‌مدا شتی وا وتراوه؟؟ به‌ده‌م دووباره‌كردنه‌وه‌ی: « هیچ كه‌س ناتوانی بڵێ كورد بوسڵمان نیه » 16 ماموستا ده‌فه‌رمووێ : « به‌لام كوردیش وه‌كوو تیره‌گه‌لی بوسڵمانی تر چه‌نده‌ها ساڵه به‌زۆر له ئیسلام براوه‌و دوورخراوه . یا به‌ده‌ستی داگیركه‌رانی ناموسڵمان یـا به‌ده‌ستی خه‌ڵكی گه‌وجی ناو بوسڵمان گه‌ل خۆه‌یان . . . . . » 17 .

پێشه‌كی ؛ ده‌بێ رسته‌كه‌ی ماموستا راست وه‌كه‌ین : « ... به‌ده‌ستی خه‌ڵكی گه‌وجی ناو بوسڵمان گه‌ل خۆه‌یان یا به‌ده‌ستی داگیركه‌رانی ناموسڵمان » .

چونكێ دیاره - داگیركه‌رانی ناموسڵمان ، دوای - ئیسلامه‌كان - گه‌یشتونه‌ته كوردستان ،

ئەوە دەڵێم و دەشزانین کە کورد ، ڕاستەوخۆ ژێردەستەی ـ ناموسڵمان نەبووە ـ گەر ماموستا مەبەستی ـ غەیرە موسڵمان بێ ـ ئینگلیز و فەڕەنسا . . . هتدE ، ئەوانە بەهەمووی لەچەند ساڵێك زیاتر دەسەڵاتیان لە کوردستان نەبووە ، گەر دەسەڵاتیشیان بووبێ ئەوە ماوەیەکی زۆر کورتی خایاندووەو ، ناڕاستەوخۆش لەچەند ساڵێکی پەنجەی دەست تێپەڕی نەکردووە .

جاخوزێ ماموستا پێیدەگوتین «خەڵکی گەوجی ناو موسڵمان گەل کێیە ؟ مەبەستی لەو گەوجە موسڵمانانەی بەزۆر کوردیان لە ئیسلام دابڕیوە و دووریان خستۆتەوە کێیە ؟ و بۆی دیاردەکردین ئەو ‹ چەندەها ساڵە › ماوەکەی چەندە ؟ سەدەیەکە یا دە یان ؟ تا چێتر ئەو گەوجە موسڵمانانە بناسین !!18

بە گوێرەی وتەکانی ماموستا ، خۆی یەکێکە لەوانەی کە تا ئەندازەیەك لە ئیسلام گەیشتووەو . . . . هەم لە دژمەن گەلی مێژوویی ئیسلام و هەم ئەوانەی لە دایك و باوکی موسڵمان بوون . و بەلام لە شرینی ئیسلامیان فڕنەکردووەF عەزیەت و وشەی تاڵیان پێدەگوترێت » 19 .

ئەوجا دەڵێ : « وە لە روونەوکردنی زەینی باقی کوردەکانی تر بەبێ قەرانێ . . » 20 . با لەوە گەڕێن کەبەگوتەی ماموستا : باقی کوردەکانی تر زەینیان روون نیەو ئەم و خەڵکانێکی وەك ئەو زەینیان ڕووندەکەنەوە ، چونکێ تا ئێرە کەمێکمان لەو زەین ڕوونکردنەوەیە بۆ دەرکەوت ، با بزانین باقییەکەی چۆنە ؟

لەخاڵی سێیەمی نووسینەکەیدا ، دەنووسێ : « ماموستا « مەبەستی منە » لە رەخنەی گۆڤاری هەڵەبجە زۆر بڵاوتر دەم دەکاتەووە دەڵێ « گروپە ئیسلامچیەکانی ئیمڕۆی کوردستان قەلاشبوون G وە لە دووبارە کردنەوەی کۆنە ووتار و بیری عەرەبایەتی بەولاوە هیچی تریان پێ نیە ! » 21 . ئەوەیش زۆر قسەیەکی ناشیرینە لە کاتێکدا خودی هەر ئەم ژمارەی دلانپاریش تێیدا نووسراوە هەیە لە عارەبی وەرگێڕدراوە بۆ کوردی ! »

بەڵێ لێرەوەرا دیارە پەلامادرا و هەر من نیم و بەڵکو گۆڤاری دلانپاریشە ، خوێنەری هێژا : دووبارەکردنەوەی کۆنە وتار و بیری عەرەبایەتی . . . هتد ، لەگەڵ وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوەیەك شتن و پێکەڵ پێك دەکرێن ؟ ئایا مەرجە هەر نووسراوێکی وەرگێڕدراو لە عەرەبییەوە « کۆنەوتار ـ خطاب ـ و بیری عەرەبایەتی بێ ؟ بێگومان نەخێر . ئەوجا ماموستا نەك هەر من بەغەشیم دەزانێ بەڵکو تەواوی کارگێڕانی دلانپاریش دەداتەبەرێ .

سەرەرای ئەوەی کە ئەو دوو نووسراوەی لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراون ئەوانەیش دەخاتە ریزی کۆنە وتار و بیری عەرەبایەتی . با بزانین ماموستا لەو قسانەیدا چەندە مەبەستی پێکاوەو تا چ رادەیەك لە گەلالەکردنی ئەم تومەتەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە ؟

دیارە مەبەستی ماموستا لەوەدایە کە

لەخودی دلانپار ، نووسراوەھەن و لە زمانی
عارەبییەوە وەرگێڕدراون. بەڵێ زۆر راستەو
هەر لەھەمان ژمارەدا دوونووسراون هەن:
یەکەمیان: دوا بەشی کتابەکەی مامۆستای
هێژا کاك جەواد مەلایە کە کەس شك
لە کوردایەتی ئەو مامۆستا بەرێزە ناکات،
هەروەك ئەوەی نووسینەکەشی « کۆنە
وتار و بیری عەرەبایەتی نییە » ! بۆ
روونکردنەوەی پتر فەرموون با بەیەکەوە
بڕوانین مامۆستا دەربارەی نووسینەکەی
خۆی دەڵێ چی : « ولم اکتبه بلغتی
الکردیه ، لتوفر المصادر العربیه ، املا
ترجمته مستقبلا الی اللغه الکردیه و...»
جواد ملا ، کردستان ، وطن وشعب بدون
دوله ، لاپەڕی ٩٨ .دلانپاریش لەبەرئەوەی
ئەو نووسراوە « کۆنە وتار و بیری
عەرەبایەتی دووبارەوەکراو نییە » ، بە
ئەرکی نیشتمانی خۆی زانیوە وەربگێڕدرێتە
سەر زمانی کوردی و بلاوکرێتەوە. دیسانەوە،
نووسینەکەی تریش چ پێوەندی بەکۆنە
وتارو بیری عەرەبایەتییەوە نییە، نووسەرە
کەی «گێرۆمی ستۆلێنتز» ، لە ناوەکەی
را دیارە نەك هەر عەرەب نییە بەڵکو
موسلمانیش نییە ، باسەکەشی زۆر لە
بیری عەرەبایەتییەوە دوورە . بەڵام گەر
سەرنجی وتارەکەی گۆڤاری هەڵەبجە
بدەین: دەبینین هەم نووسەرەکەی عەرەبە
و هەمیش ناوەرۆکەکەی کۆنەوتار و بیرو
بۆچوونی عەرەبایەتییە. لێ وادیارە مامۆستا
پێیوایە هەر وەرگێڕانێك لە عەرەبییەوە
دەبێتە کۆنە وتاری عەرەب و کۆنەبیری
عەرەبایەتی !

مامۆستا دەنووسێ : « حەق ئەوەیە
کە کورد لەسەرەتای ئەم سەدەی بیستی
زاییینییەوە رووبەرووی نەتەوەپەرستانی عارەب،
تورك ، فارس و زاڵم گەلی ناموسلمانی
روسی بووە » 22 . تکایە بڕوانە پەراوێزی
ژمارە4.

لێرەدا ، لە مامۆستای بەرێز دەپرسم :
ئایا دەتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە ئەو
نەتەوەپەرستانەی عارەب، تورك و فارس
موسڵمان بوون و موسڵمانن؟ بێگومان نەخێر
، ئایا دەتوانێ نکۆڵی لەوەبکات کە ئەم
دەوڵەتانە لە دەستور و یاسایان ئەوەیان
تۆمارکردووە کە « ئیسلام یا قورئان دینی
رەسمی دەوڵەتە، بەڵکو لەوەش زێتر :
سەرچاوەی هەڵگۆڕینی یاسا و دەستورە؟
بەڵام بەڕای ئەو ئەمانە موسڵمانی راستە
قینە نەبوون و نین، یاخود موسڵمانی گەوجن
، یا ئەوانە چ پێوەندیان بە ئیسلامەوە
نییە! گەرئەوەش بۆ مامۆستا بسەلمێنین ،
پرسیارێك دەمینێتەوە ،ئەویش ئەمایەنە :
داخوا ئەوانە بەچ چەکێك لە کورد هاتونە
تەدەست؟ ئایا دەتوانێ نکۆڵی لەوەش
بکات ؟ نەخێر ! بۆ ئەوەش نمونەگەل
زۆرن .هێندە لەمێژ نییە کۆماری ئیسلامی
ئێران فتوایەکی ئیسلامی بۆ قەڵاچۆکردنی
کافرەکانی دیمۆکراتی کوردستان دەرکرد ،
ئەوە هێشتا لە گوێماندا دەزرنگێتەوە ،
هەڵبەتە لەگەڵ ئەنفال ـەکەی سەددام و
هێرشەکەی « تورکیای تیرۆریست بوسەر
کورد » و سوتاندنی پتر لەسەد ماڵە کورد

لە سینەماکەی قامشلی ، تێکرا دەبێ بکرێنە چوار زەنگوڵەو بە سواندەی هەر ماڵە کوردیک دا هەڵواسرێن . ئەلحەقیش بە مامۆستای بەرێزم بڵێم کە روسەکە هەرئەو گوناهەی نییە کە عارەب ، تورك و فارس « وەك مامۆستا دەڵێ هەیانە » بوویانەو تا ئێستەش لە سەری بەردەوامن ! روس وەیا غەیری روس ، دەشێ لە گۆشەنیگای دژایەتی کوێرانەی ئاینییەوە ، نەك تەنیا کورد لە زمانی خۆی بەڵکو لە هەموو شتێ قەدەغە بکات ، چونکێ با بڵێین بێگانەیە ، ئاینی جیاوازە ، دوژمنە ، داگیرکارە ، دەوڵەتێکی زلهێز و ملهورە ، سەرەرای هەمووئەوەش کۆمۆنیست و .. هتد ، چی و چی تریش بووە . بەڵام مێژوو ئەوەمان پێدەڵێ کە قەدەغەکردنی زمانیدایك لە کورد بەدەستی روسی کۆمۆنیست و لە خودا هەڵگەراوە نەبووە ، بەڵکو بەدەستی برای موسڵمانی تورك و ئازەری هاودین و دراوسێمان بووە .

راستییەکەی ئەوەیە کە لە سەرەتای شۆرشی روسیا کوردان توانیویانە ئەلف و بێیەکی کوردی لە ئەلف و بێی کریلیچی بۆ بەکوردی نووسین سازبکەن ، لەتەك ئەوەدا کۆمەڵێ دەستکەوتی تریان بووە ، وەك قوتابخانەو بلاوکراوە ، هەتا ناوچەیەکی دەسەلاتداریش کە بە ناوچەی کوردستانا سوور ناسراوە . بەلام دواتر بەدەسیسەی تورکی شۆڤێنی و ئازەری هاودینمان لە ئیسلام و داروسێی کۆنمان وستالینی بە رەسەن گروزینی « گورجی » ئەو دەستکەوتانەی لێزەوت کراوە . راستریش ئەوەیە کە دوژمنانی کورد لە غەیرەدین ، خاچپەرست ، مۆسقۆفی و فەرمەسۆن .... ئەگەر بۆ سود ، بەرژەوەند ، قازانج ، دەستکەوت ، سیاسەت ، خۆخۆشەویستکردن و پیلانگێرانیش بێ ، یا پێشاندانی مرۆڤدوستیش بێ سۆزێکیان پێشانداوە و فرمێسکێکیان بۆ کورد رشتووە ! بەلام نەتەوە هاوئاینەکانمان لەسەرتاپای مێژوویان نەبەراست و نە بەدرۆ لایان لە کورد نەکردۆتەوە ! کورد پێش ئەوەی گورزی غەیرەدین پشتی بسمێ ، گورزی هاودینی خۆی دایرزاندووە کوردستانیش بەرلەوەی لەلایەن داگیرکارانی ئینگلیز ، فەرەنسە و روس و نازانم کێ و کێی تر ، داگیرو دابەشبکرێت ، لەلایەن هەرتك ئیمپراتۆرێتی ئیسلامی - شیعی - سەفەوی و ئیسلامی - سونی - عوسمانی ، دابەشکراوە 24 . ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی بەدڵنیاییەوە بڵێین : لەوخاڵەشدا مامۆستا دانوەرێکی دادپەروەر نەبووە .

با بینە سەر خاڵی چوارەم : لەوێدا مامۆستا دەڵێ : « ئاین ئیسلامە » « کۆمەڵگە - موسڵمان یان - ئیسلامی » ، دروست نییە بوترێ « کۆمەڵگەی ئیسلام » ئەو « دوو وشەی - کۆمەڵگەی ئیسلام » ی بە خەیانەتێکی گەورە لە منەوە بۆ زمانی کوردی دەداتەقەڵەم و تومەتێکی تر لە لیستەی تومەتەکانی لە سەرە من تۆماردەکات 25 .

بەلام با پێشەکی ، بڵێم : گریمان من

هەر ئەوەندە کوردی دەزانم ! وەك مامۆستاش دەفەرمووێ : «ئەمە لە هیچ کوردی نابێ بگیرگێت ! ئەستەم لە لایەنی ئەوانەوەیە وا زاڵ ماون بەسەری کوردا وەهەرکام بەلای خۆیدا دەیکێشن وە زمانی دایکییان لەکورد بڕیوە » 26 .

هەر لەسەر ئەم بنچینە و بۆچوونەی خۆی دەبوایە نەختێ دەستی سوككات و تاوانەکە هێندەی «خیانەت» نەقەبلێنێ. بەڵام گیروگرفتی مامۆستا لەوەدا نییە ، کێشەکەی ئەو ئەمەیە کە بەووردی و بەبێ بەراوردکردن داوەری خۆی کردووە ، پتر وا پێدەچێ ئەوتومەت و داوەریانەی هەر لەگەڵ خوێندنەوەی نووسینەکەدا گەڵالەکردبێ ، بێتەوەی نەختێ خۆی ماندوو بکات و لێی وردبێتەوە ، وەك دەڵێ تومەتەکانی « حازربەدەستبوون » . خۆ ئەگەروانەبێ دەبوایە مامۆستا بەووردی لەوە بتوژێتەوە ، بزانێ من لەسەرجەمی نووسینەکەمدا لە سێ جێگەدا وشەی ‹ ئیسلامی ›م بەکارهاوردووە .کەئەوانەش ئەمانەن : کاسێتی ئیسلامی ، رژێمی ئیسلامی و کۆمەڵگەی ئیسلامی .جا من لە کاسێت وڕژێم هەڵەو خیانەت نەکەم ، بۆ دەبێ لە ـ کۆمەڵگە ـی بکەم ؟ ئا ئەوە ئاشکرایە کە ئەمە هەڵەی چاپە و بەس ، نەك هەڵەی من و خیانەتێکی گەورەوەك مامۆستا **لە خۆراییەوە** داویەتییە پاڵم ، ئەمەلەکاتێکدا دەیان وشەی ترمان

* تکایە سەرنجی پەراوێزی D بدەن .

هەن ، وەك: ناشارەزا ، سەردەرنەکردن و لێتالوزبوون ، یەکێك نەختێ بەوردییەوە بڕوانی ئەم جۆرە هەڵە هی ئەوەنییە نەبینرێت .

مامۆستای بەڕێز دوکتۆر موزەفەری پرتەوماهـ ، دەنووسی : « ئایا ئەو پلە و پایە نزمترە وا ئیسلام دای ناوە بۆ ژن یان ئەوە وا ئایین گەلی بەر لە ئیسلام بەژنیان داوە وەکو ئایینی مووسایی « کەلیمی » کـ حەتتا بە ژن حەقی نەداوە مامەڵەیێك لەخۆیە و بکا و شتی بکرێت و بفرۆشێت ؟ شایەت مامۆستا و هاوبیرەکانی بڵێن جا بۆچ لە بەینی ئیسلام و ئاینە کۆنەکاندا هاوتەرازی دەکەی ؟ » 27 .

مامۆستا وا بۆخۆی لەنێو جەرگەی وڵاتێکە کەجوومەسیحی بەڕێوەیدەبەن ، سەیرە ئەوە بە چاوی خۆی نابینێ کە دەزگەی ئابووری ئەم وڵاتە بە بانك و کارگەوە زۆربەی هەرەزۆری ژنانن کـە بەڕێوەیدەبەن ، ئایین وەك تیۆر شتێکە و بەجێهێنانیشی شتێکیترە { مەبەستجۆری خوێندنەوەو لێتێگەیشتنە } ، ئەوەش دەق پێچەوانەی هەموو ئەو ناوچانەیە کە ئیسلامەتی لێیبەرقەرارە .**جابا هەر** ئیسلام رێگەی بەژن دابێ مامەڵە بکەن . بەچی دەچێ کە ئەو رێگەپێدانە بەجێنەهێندرێت ، دیسا ئەمە وادەگەێنێ کە جوومەسیحی کوێرانە پابەندی ئەو یاسایانە نین ، بەڵکو بەگوێرەی سەردەم گۆڕان و فراژیبوون کۆمەڵی خۆیان بەڕێوەدەبەن ، نەوەك وەك کاکەی موسڵمانەکان کە پێیوایە

لەسەدەی بیستویەکیشدا دەبێ بەگوێرەی یاساکانی پانزدە سەدە بەر لەئیمرۆ بەڕێوە بچێت .

باوەڕبفەرموو مامۆستای بەڕێز ، نەمن ، لەو باوەڕەدام نەهاوڕێکانیشم ، لەوقسانە دەکەین کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە . چونکە تا ئەوەتا هەر لەوپرسیارو وەڵامەی خۆتدا جۆری بیرکردنەوەو بەهەڵەداچونی خۆت دەدەیە دەست و بە دەستی خۆت لیچکێکی تری پەردەکە لە سەرە خۆت هەڵدەدەیەوە .

جا ، لە پێشەوە ، بە گوێرەی نووسینی گۆرین ، واتە ئەوەی گۆڤاری هەڵەبجە ، ژن شەو و رۆژ هەر لە ماڵەوەیە ، چونە دەری بۆ نییە « دیارە دەوڵەتەکەی زۆر لەمەترسی دایە ، ناشێ سەرۆك دەوڵەتیش لەکاتی وادا دەوڵەتەکەی خۆی جێبێڵێ» جا ئەگەر مافی کڕین و فرۆتنیشی هەبێ ، بەچی دەچێ ؟ کە نەتوانی بەکاریبێنێ ؟ وەك ئێوەش دەڵێن ئەو ‹ تەکلیفە › لە ژن نەکراوە ، کاری ژن شتی تری وەك منداڵبوون . . . هتد . گەرمەبەستیشت ئەوەبێ بڵێی ئایینی ئیسلام رێگەی بە ژن داوە مامەڵە بکات ، یەکسەر بڵێت : خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر دەوڵەمەند و کاسبکار بوو ! ئەوە لە وەڵامی ئەمەدا ، دەڵێم : خەدیجە پێش ئەوەی موسڵمان بێ هەر کاسبکار و دەوڵەمەند بوو . ئەمە یەکەم ، دووەمیان ، هەڵەیەکی - زۆر - زۆر - گەورە - ترە لەوەی یەکەم ، کەراستییەکی - زۆر - زۆر - گەورە - تریش لە هەموو ئەو راستیانەی تائێرە لەبارەی مامۆستاوە پێیگەیشتوین ، ئاشکرا دەکات .

ئەوجا کابرا وتەنی ، با لە کۆتاییەوە بەقسەکانی مامۆستا دابێننەوە : مامۆستا دەنووسێ : « ئایینە کۆنەکان » H دیارە شتی کۆن ئێدی بەکەڵك نایەت و ئەگەر نەخرێتە تەنوورەوە دەبێ لەئاوی دیجلەی هاوێن ، لەباشترین باریشدا مەگەر قوژبنێکی تاریکی موزەخانەی بەرکەوێت . قورئانیش کە نوێیە ، دیارە هەرئەو بەکەڵکە . ئەوەش جگە لەوەی بەرپەرچدانەوەی ئایینە ئاسمـانییەکانی ترە ، نەختێکیشە لەو رێزگرتنە ئیسلامییەی کەمامۆستا باسی لێکردووە .

ئەمە « زۆر » یێکیان . « زۆر » ەکەی تریان ، ئەمەیانە : مامۆستا ئەوە لە بیردەکات ؛ کە ئاین فەرموودەی یەزدان « خودا »ی مەزنەو فەرمودەی ئەویش رەها ، بێهەڵە و لەکاتبەدەرەوکۆن بونی بۆنییە ! « گەورە » کەشیان ئەمەیانە : ئێمەدەزانین ولەهەموو لایەکمان بەلییە ، کە ئایینی مووسایی « کەلیمی » ئایینێکی ئاسمانی و خوداییە وەك ئاینی ئیسلام و قورئانیش دانی بەمە داناوە . دیارە خوداوەندی گەورە لەوەدا کە مافی بە ژن نەداوە مامەڵەی کڕین و فرۆتن بکات ، لەودەروزەمانە ، حیکمەتێکی تێدا دیوە ! بەخۆڕایی ئەوەی نەفەرمووە و ، ئەو حیکمەتەی بەبەندەکانی خۆی نەفەرمووە ! خۆ خوداش بەندەیەکی ئەندامی پارتی ئیسلامیا کوردستانی نییە ، لەخۆیەوە قسە بکات و فەرمان بدات ! یاخۆ مامۆستا ، کە بالوێژی پارتیا ئیسلامیا

کوردستانە ، مافی ئەوە بەخۆیدەدا دەست لە حیکمەتی خواش بوەشێنێ و! رەخنە لەویش بگرێت ؟

لەدرێژەی باسەکەیدا، مامۆستا دەربارەی هۆی دواکەوتنی ژن ، دەنووسێ : « لە کۆمەڵگەی ئیمە بوسلمانی ئیمرۆ ، ژنیان لەدووایە .... ئەوەیش ک سەرنج بدەی سەبەبی دوانە : یەکەم سەبەب ئەوەیە ک لە مێژوی ئەو کۆمەڵگانەدا زۆر فەکتور گەلی غەیرە ئیسلامی و کۆن دەخاڵەتی بووە وەکو یاسای تیرەی تورك ک هەر لە مێژەوە ژنیان دەشاردەوە یان رەسم و یاسای فارس گەل وەهیندوگەل ک هەموویان پیاوسالاربون، وە ئەم جۆرە شتانە خۆیان زاڵ کردووە بەمل دەستوراتی خودائی ئیسلام دا ... » 29 .

ئەمەش خزمایەتی زۆرە لەگەڵ ئەو قسانەی من کە وتومە « ئاشکرایە مەقنەعە « پیچە » نەریتێکی بیگانەی داگیرکارانەو لە نێو کۆمەڵی کورد بڵاوبۆتەوە » 30 .

بەڵام کێشەکەمان لەوەوە دەستپێدەکات کە مامۆستا هەموو ئەم فاکتورانەی بەخراپیان دەزانێ و دەستیان لە دواکەوتنی ژنان دا هەیە، دەیانداتە پاڵ « تورك ،فارس ، هیندوگەل . فاکتوری لەهەموو ئەمانە نەنگ ترو ئاشکراتر کە هەر لە مێژەوە لەنێو عەرەبدا باوبووە ، واتە زیندەبەچاڵکردنی کچان فەرامۆش دەکات ؟؟ سەرەرای ئەوەی کە هەر کەسێ نەختێ زانیاری دەربارەی نەریتی کوردەواری هەبێ ، ئەوە زۆرچاك دەزانێ ، کەرێزێکی زۆر تایبەتی بۆ ژن دانراوە ، واش بزانم هەر پاشماوەی ئەو نەریتە سروشتی - خۆرسك - ەیە تائێستە لە کوردەواری ماوەتەوە هەرئەوەشە وای کردووە زۆربەی ئەو گەرۆکانەی بە کوردستاندا گەراون هەست بەجیاوازی رۆڵی ژنی کورد لەچاو رۆڵی ژنانی وڵاتانی دەوروبەرمان بکەن . ئەوجا با من بە مامۆستای بەرێز بێژم : کە لە ناوچونی فاکتور کارێکی ئەوەندە هاسان نییە . بۆ نمونە لەخودی نیوەدورگەی عەرەبی کە چاوگەی ئیسلامە ، و ئیسلامە - تیش فرۆتنی کەنیشکە « جاریە »ی قەدەغە کردووە ، کەچی هەر لەنێونەچوو ،تا ساڵی 1961 حکومەتی سعودی « مەرسومێکی مەلەکی » دەرکرد ، دووپاتەی لەسەر ئەو قەدەغەکردنە کردەوە ، کەچی وا بزانم هێشتاش هەر نەبراوەتەوە ! جا نازانم بۆ دەبێ کە باس دێتە سەر فاکتور ، ئێدی عەرەب چ فاکتورێکی « ژن شاردنەوە و باوکسالاری » نەبێ ؟ وا بزانم دەبێ مامۆستا زۆر لەمن شارەزاتر بێ ؟ ناشێ بۆ سەلماندنی ئەم دووفاکتورە من ئایەتی قورئانی بەبنگوێیدا بچرپێنم ، کە بەئاشکرا باسی « یا نساء النبی » دەکات . دووەم هۆکار کە مامۆستا دەستنیشانی کردووە ، ئەمەیانە: « دەستوراتی قورئان وئیسلامی راستەقینە نەناسراون ، منداڵ نە لەماڵ دا باش فێردەکرێت، نە لەقوتاوخان و نە لە زانستگە » 30 .

ئەگەر راستگۆیانە سەرنجی باروبۆخی کورد بدەین ، دەبینین !قوتابخانەو زانستگە

بەهەمووی لەچەند دەساڵێك تێپەڕناكات لە كوردستان پەیدا بوون . تاوەكو ئەم دوادواییەش فێربوون هەر لەمزگەوت بوو ، هەروەك قوتابخانە و زانستگە یاخۆ بڵێین خوێندنی بالاتر هەر زانستەكانی قورئان و بابەتەكانی زانستی دین و زمانی عەرەبی بوون . بەگوێرەی هەڵەی چاپ و تەڵەبی مامۆستا بەدرێژایی هەزاروشەسەد ساڵ بەشێكی زۆری ئەم خەڵكە هەروا خەریكی دەستوراتی قورئانن ، نەك هەر كورد بەڵكو چەندین نەتەوەی تریش . چۆن دەشێ تائیمڕۆ دەستوارتی قورعان نە ناسراوبن ، ئەی ئەم هەموو مەلاو زانا و پیاوماقولانەی مامۆستا باسییان دەكات ، خەریكی چی بوون و چیان بەچی كردووە ؟ خۆ ناشێ مامۆستا بڵێ ئەمە یەك لە پەرجووەكانی خودایە ، كەدوای نیزیكەی چەرخ و نیوێك هێشتا دەستوراتی قورعان نەناسراون . من وای تێدەگەم خودایەك كەخۆی بڵێ « لایكاف الله نفسا الاوسعها » نایێ بارێكی ئاوا گران لەمرۆڤ باربكات چونكێ ئاشكرایەخودی دەستوراتی قورعانی بۆ ئەوە داناوە تا یارمەتی مرۆڤ بدات و رێگەی سەختی ژیانی لە بەردەم هاسان بكات ، نەك لە پێناو ئەوەی ئەستەنگ و كۆسپی بۆ دروستبكات ، شتێكی وای لێباربكات كەدوای هەزارو چەند ساڵێك هیچی لێتێنەگات .

وەك وتمان ( مەدرەسە و زانستگە ) بیبیانكوژی ناگاتەسەدساڵێك لەكوردستان پەیدا بوون ، پێش ئەوە بە درێژایی پتر لەهەزار ساڵ هەر مزگەوت هەبوو ، دەسەلاتیش هەر دەسەلاتی خەلافەت بوو ، وا بزانم دەرەفەتی ئاوا گەورە كەموایە لەمێژوودا هەڵبكەوێ گەر نەڵێم زۆریش دەگمەنە و دووبارەبوونەوەشی دەگمەنتر .

لە حاڵێكی تردا ، مامۆستا دەنووسێ :« وە بە رووت وقووتی بگەڕێت وە خۆی لاولوسكەبدات ، كەسێ بەری ناگرێت ..»

لەم حاڵەشدا دیسا مامۆستا بەهەڵەدا چووە . چونكێ گەر بەوردی سەرنجی وتاری نووسینەكەی « گۆڤاری هەڵبجە » بدەین؛ دەبینین باسی كۆمەڵگەیەكی داهاتوو دەكات ، یا بارودۆخێك كە ئیمڕۆ لەئاردا نییە ، واتە « مجتمع مستقبلي » . دیارە رەخنە كەی منیش ئاراستەی هەمان رێرەوی وتارەكەیە . ئەوەی چاونەقوچێنێ دەبینێ كە من لە نووسینەكەمدا دژی رەوشتی « لاولوسكە ... » دەئاخڤم . هیچ نەبوایە دەبوو مامۆستا رەچاوی ئەوە بكات .

بەلام نەك هەر ئەمەو بەڵكو مامۆستا لە بەردەم هەڵەیەكی تردا رامان دەگرێ كاتێ دەنووسێ :« لەسەر رێی ئیسلامی راستەقینە برۆا چارشێو بداتەسەریا ...» لە كاتێكدا ئەو هەر خۆی تاوێك پێش ئێستە باسی فاكتورە خراپەكانی تورك و گەلانی تری دەكرد لەشاردنەوەی ژن و باوكسالاری ! سەرەرای ئەمەش مامۆستا بۆ منی نووسیوە « ئەو قسە قورانە هی كێن ؟؟ » 31 . منیش ناچارم لێرەدا بڵێم قوربان لە خۆتان بپرسن !

لێرەوە دەگەینە دیوێکی تری بابەتەکەی ماموستا ، ئەویش ئەمەیە کە ماموستای هێژا من بەوە تاوانباردەکات ، کە نە لەقورعان و نە لە حەدیس گەیشتووم و فرم بەسەر زمانی عەرببیەوەنییە. هەر چەند ئەز زانینی زمانی عەرەبی بە شتێکی زۆر گرنگ نزانم و شانازیشی پێوە ناکەم . چونکە زۆر چاك لام روونە ئەگەر ئەوبەشەی کوردستان ژێر چەپۆکی عەرەب نەبوایە ، لە دەهەزاری مەگەر یەکێکی خووی دابا فێربوونی زمانی عەرەبی !؟ بەلگەی ئەوەیشی ئەمەیە کە من هەم لە وەرگێرانی ئایەتێك و هەم لە وەرگێرانی حەدیسیکدا هەلەم کردووە !؟

لە وەرگێرانی ئایەتەکەدا وەك ماموستا نووسیویەتی ؛ کە من بەم شێوەیەم نووسیوە :<< خوا بەوە دەبەخشێ کە ئارەزووی لێیە >>. با جارێ ئەو دەرفەتە لەکیسە خۆم نەدەم و تۆلەی ئەو - ی - یەی خۆم بکەمەوە، کەماموستا لە ئاکامی هەلەی چاپی وشەی <ئیسلامی بە ئیسلام> بە خیانەتێکی گەورەی لە سەر حسێو کردووم . بۆیە بەماموستا دەلێم: من بەم شێویەم نەنووسیوە. بەلکو ئاوام نووسیوە : « خوا بەوەی دەبەخشێ کە ئارەزوی لێیە » . واتە نووسیومە « بەوەی » نەك « بەوە » . بەلام ماموستا بۆ ئەوەی هەلەیەکی تریشم بەسەردا ساغکاتەوە ، فتاری بە-ی-یەکە کردۆتەوە . هەروەك بەچەند بەلگەیەکیش ، لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئەوەم ساغکردەوە کە <مەیلی> ماموستا و < ئارەزوو > ی من یەکن . بۆیە لە هەر دووکیاندا مەشیەتی مویارەکی خوا وەك یەکە . چونکێ دیارە خوا دەبەخشێ ، ئەویشە ئارەزوو یا < مەیل > ی لێیە، یا لەسەرە ، یا لێبێت ، کە هەمووی یەك مانا بەدەستەوەدەدەن . جا ئەگەر ئەو قورعانەی ماموستای هێژا یادی بەخێر مام هەژار وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی بلاوبکرایەتەوە ... ، هەلبەتە منیش پشتم بە وەرگێران و شارەزایی خۆم لە زمانی عەرەبی نەدەبەست و ، یەکسەر کوردیەکەی مام هەژارم رادەگوێزت ، ئەو کاتەش ماموستا چ قسەی نەدەما .

یەکسەر دوا بەدوای ئەوەدا دەنووسێ :<<لە حەدیسیك کە ئەبووداوود گەرانویەتەوە ماموستا وشەی عەرەبی « روی »ی بە « رأی » زانیوە....>> فەرموون ئەوەش حەدیسەکە وەك لە گۆڤاری هەلەبجەدا چاپکراوە :< وکان رسولنا علیه الصلاة و السلام یلاعب اهله ویقبلها ، وروی أبوداود أنه صلی الله علیه و سلم کان یقبل عائشة ویمص لسانها ، ویذکر عن جابر بن عبدالله قال : نهی رسول الله صلی الله علیه وسلم عن المواقعة قبل الملاعبة >>32 .

ئەوەش وەرگێرانەکەی من : « پێغەمبەری خوا دروودو سلاوی لەسەربێ دەستگەمەی لەگەل هاوسەرەکەی دەکرد و رایدەموسی ، ئەبوداود دەگێرێتەوە، ئەو ، واتە پێغەمبەر عایشەی رادەموسی و زمانی دەمژی . لە جابری کوری عەبدولاش دەگێرنەوە وتویەتی : پێغەمبەر دروودو سلاوی خوای لێ بێ

جووت بوونی پێش دەستگەمەی پێناپەسەند بوو » 33 .

کەی من « روێ » یم لێ بۆتە « رأی » ؟ لەکوێی ئەم وەرگێڕانە وشەی - بینین - دیتیەتی - یا - چاوی لێ بووە - م بەکار هانیوە ؟دیارە لەبەرابەر رستەی « و روێ أبو داود » بەکوردی « ئەبوداود دەگێڕێتەوە » م داناوە ! نەك « ئەبوداود دیتیەتی یا چاوی لێ بووە » . کەواتە من چ هەڵەم لە « روێ » و « رأی » نەکردووە .

مامۆستای هێژا دەنووسێ : « بێ خەتایە مامۆستا « مەبەستی منە » کە لە عەرەبی سەردەرناکات . بەڵام لەکوردەواریدا کوتویانە « پرسابەو زانابە » ئەگەر مرۆڤ شتێك نازانێ باشترە بپرسێ وە خۆەی بەزانست بڕزانێتەوە ، بەجێگای ئەوە خۆەی رسوا بکات » . بەڵێ ئەوە قسەی مامۆستای هێژا موزەفەری پەرتەو ماهە ، کە لە لاپەڕەکانی پێشەوەی ئەم نووسینەدا ناومنا « دەستقەڵتارمجنێو » خوێنەریش خۆی سەرپشکە .

لێ مامۆستا بەرلەوەی ئەو دەستقەڵتارەیە بکاتە سەرباری قسە ناشیرینەکانی ، دەبوایە سەرنجێکی گۆڤاری هەڵەبجە بدات ، کە پێیوایە من لەخۆڕایی رەخنەی زۆرم لێی گرتووە . تا بزانی چۆن گۆڤاری هەڵەبجە بەبێئەوەی دەستنیشانی یەك تاکە سەرچاوەبکات دەربارەی ئەو بابەتە ، هەرئاوا بڵاویکردۆتەوە . گەیی و رەخنەی خۆی ئاراستەی ئەوان بکات . دوایی جیاوازیش بکات لە نێوانی وەرگێڕان و لێکدانەوە . چونکێ ئاشکرایە کەدەشێ دەکەس لە وەرگێڕانی دەقێکدا وەك یەك یا زۆر لەیەکدی نێزیك بننەوە ، بەڵام رەنگە لە جۆری لێکدانەوەیان هیچیان تێك نەکەنەوە . ئەگەر چیرۆکەکەش بەم شێوەیەبێ کە مامۆستا روونی کردۆتەوە ، ئەوە گۆڤاری هەڵەبجە نەك هەر هەڵەی کردووە ، بەڵکو بۆتەهۆی سەرلێشێواندنیش . بۆیە بۆنمونە دەبوایە بەمشێوەیە نووسینەکە راستبکاتەوە ، بنووسێت : و روێ آبو داود « بۆ نمونە دەڵێم » عن ابا هورەییرە .... نازانم کێی تریش : انە صلێ .....هتد » . دەنا ئاشکرایە هەر خوێنەرێکی تر کەبێت و ئاگاداری سەرگوزشتەکە نەبێت وای لێتێدەگات کە ئەبوداودی راستگۆ خۆیی شتکەی دیوەو دەیگێڕێتەوە ! جا ئێستا لە مامۆستا دەپرسم : گۆڤاری هەڵەبجە کە ئەم کارانە دەکات بۆچی نەبێ پێینەوترێ ‹گۆڤاری هەڵە› ؟

ئەوجا مامۆستای بەڕێز دەڵێت :

« ئەویش خۆەی نەی دیوە ، لە قەولی چەندها کەسەو گەڕانوویەتەوڵ ک بەر لەخۆی ئەو قسەیان کردوە . . . . ئەو کەسانە یەکیان بەوی تری کوتووە وە هیچکامیان بەچاوی خۆ نەیان دیوە جگە لە سەرچاوکەی ئەو قسەک وادیارە لەو حەدیسەدا عائیشەی راستگۆ بووە » 34

دەوجا ئەوە هەڵەکەی گۆڤاری هەڵەبجە هێندەی دی گەورەتر بوەوە : چونکێ بەگوێرەی ئەو چیرۆکەی مامۆستا ، دەبوو گۆڤاری هەڵەبجە بنووسێت : « وقد

روى أبو داود عن فلان و فلان عن فلان ابن فلان ...... الخ ، و الذى نقل عن ابن فلان ، ان عبدالله بن عسما وزبير روى عن عائشة ....... انه صلى عليه وسلم ..... الخ . بەڵێ مامۆستای هێژا ! نازانم کوا ئەو ئەمانەتەی ئێوە باسی دەکەن ؟ دیسالەو چیرۆکەی مامۆستا دەیگێڕێتەوەو دەڵێ « وا دیارە عائشەی راستگۆ لەگەڵ یەکێ لەخزمە نیزیکەکانی خۆەی خوەیزاگی بەناوی عەبدوڵای کوڕی عەسماو زوبەیر ئەم قسەی کردوە و ئەویش بەیەکی تری گەرانۆسەو » 35 دەڵێم ئەو « وادیارە » ی چیرۆکەکەی مامۆستا گومان دروستدەکا پتر لەوەی راستی بسەلمێنێ . سەرەڕای ئەوەش : مامۆستا هەڵەکەی گۆڤاری هەڵەبجە هێندێك شێواوتر دوویارە دەکاتەوە . چونکێ بەدەستنیشانکردنی تەنیا ناوی کتێبێك بەبێ دەستنیشانکردنی ساڵی چاپ و ئەو لاپەڕانەی ئەم چیرۆکەیان تێدا نووسراوەتەوە ، هێندەی تر مرۆڤ دەخاتە گومانەوە .

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ، دیسا ئەم پرسیارە : بۆچی دەبێ عائیشە باسی ئەو شتانە بکات کە لە نێوان خۆی و مێردی خۆیدان ؟؟ نەك هەر لەلای خزمێکی نێزیکی ، بەڵکو هەتا لەلای خوشکی بچوکیشی . ئەگەر ئەم جۆرە رەفتارە لەنێوان عەرەب بەتایبەتی و موسڵمانان بە گشتی باوبێ !! ئەوە مامۆستا راستیکردوە دەستوراتی قورعان هێشتا نەناسراون ! یەك لەبارەخۆم ئەوەندەی شارەزای کوردەواریم نەمبیستووە ئەم جۆرە گوتارە لەکوردەواریدا باوبێ . جا نازانم ئایە بەڕای مامۆستا ئەوە کارێکی زۆر چاکە ، هەرچی لە نێوان ژن و مێردا روویدا ، لەسەر زاری خوشك و برا و ئامۆزا و بنئامۆزا و خوارزا و بنخوارزا ... بێ ، کورد گوتویە « قسە لە زارێ دەکەوتە شارێ » . با ئەوەش بۆ مامۆستای هێژا روون بکەمەوە ، کە ئەو - جابیرە -م بۆ نمونە هێناوەتەوە ، ئەبوداود و مام جابیری سەدەی بیست هەڵبەتە - جابر و أبوداود -ی چەند سەدە پێش ئیمڕۆمان نین .

وێڕایی بەرپەرچدانەوەی ئەم تومەتەش ولێخۆشبونیشم لەدەستقەڵتارمجنێوەکەی مامۆستا ، دەبێ مامۆستا چ بەخۆی بڵێ گەر هەڵەیەکی بچوکی خۆی بخەمە بەرچاو ؟ ئەویشیان ئەوەیە ؛ ئەمەی ئەو بە « حەدیسی » ناودەبات ، حەدیس نییە ، بەڵکو قسەی عائیشەیە « گێڕانەوەیە ، چیرۆکە » . چونکێ زانراوە کە حەدیس قسەی پێغەمبەرە ، کە لە دەمی خودی پێغەمبەرەوە بیستراون ! نەك لە زاری یەکێکی ترەوە « وەك ئەم بەشەی کە عبدالله بن جابر لەوبابەتەدا لەزاری پێغەمبەر خۆی دەگێڕێتەوە . دوایی عائشە باسی کردەوە و رەفتاری مێردەکەی کردووە ، چ قسەی لەزاری ئەو نەگێڕاوەتەوە ! بەلام ئەوەیان دەبێ جوانکاری و دۆزینەوەیەکی نوێ بێ لە رشتەی زانستەئیسلامییەکان ، کە هەرچی عایشە ، کوڕی عەسماوزوبیر ،ئەبوداودو ئەوەی مامۆستاش بیگێڕێتەوەو

پەیوەندی بەزاروزمانو زمانمژینەوە بێ، دەبێ بە «حەدیس» حساوبکرێن ؟؟ بە راستیگەربالوێژا پارتیائیسلامیاکوردستان ،ئەوەندە جیاوازی بکات لەنێوان حەدیس و ناحەدیس ، دەبێ ئاستی ئەندامانی ئەو پارتەچۆن بێت؟و چۆنچۆنی زانستی قورئان وحەدیس لە بوسلمانگەل بگەیەنن و زەینی باقی کوردانی تر «بەبێ قەرانی» روون بکەنەوّ !؟ یەزدانی مەزن روحمی بە کوردی هەژار ! جا مامۆستا حەدیس لە کوێ و باسی ماچوموچ و زمانمژین و نیۆیۆرك لە کوێ ؟؟

خاڵی حەوتەمی نووسینەکەی مامۆستا بۆ «کۆمەڵەی مارکسی لێنینی ـ ئێران» لێ دەگەرێم ، چونکێ دیارە مامۆستا وـ یستویەتی لە پەنای رەخنەگرتن لە نووسینەکەی من ، کۆنە حساوی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە یەکلای بکاتەوە بۆیە دەتوانێ راستەوخۆ وەكبابەتیێکی سەرـ بەخۆ قسەکانی ئاراستەی کۆمەڵە بکات . کەی ئەوەی کرد ، ئەوجا منیش گەر بەپێویستم زانی دوو قسەی لێدەکەم.

کەواتە با بێینە سەرخاڵی هەشتەمی نووسینەکە . مامۆستای هێژا بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەوەبداتەوە کە کوردبەزوری زۆردار نا، بە خۆشی خۆیان موسلمان بوون ، چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە : بەڵگەی یەکەمی ئەوەیە : «راست ئەوەیە کـ کورد لەئەستەمی پادشاگەلی ئێران و رۆم وەلە باجگەلێك ئەوان ئەیان سەند لەژێردەستانی خۆ، بەتەنگ هاتبوون ئەوەل جارێك لەشکری ئیسلامی گەیشتە وڵاتی کوردان ، بە بێگومان کوردەکان لە ژێریفرمانی پادشاگەلی ئێرانیومساتراپ گەلی ئەوان دا لەگەڵیان شەریان کرد ، بەلام کە دیان بوسلمانەکان جۆرێکی تر ، وە رەفتاریان بە وێنەیێك تر، وە مەرام و مەقسودیان شتێکی تربو هەڵگەرانەوە لە ساتراپگەلی فارس و یەکجار بوون بەبوسلمان . کەم کوردان لەسەر ئایینی کۆنی خۆیان باقی مان »36. بەراستی نازانم لە ئاست ئەو قسانەی مامۆستا چی بێژم ! کە کورد ئەوەندە دێنێتە خوارەوەو تا ئەو پلەی لەبەر خاتری ئەوەی گۆیە ئیسلامە کان وەك فارس و رۆم باجیان لێنەستاندوون ، دەستبەرداری ئاینی خۆیان بوون و بەخۆشی دڵی خۆیان چوونە ژێرسایەی ئایینێکی تر ! مامۆستا ئەوە بەهەڵگەرانەوە لە ساتراپگەلی فارس لەقەڵەمدەدا . لە کاتێکدا ئەوە هەڵگەرانەوەیە لە ئاینێك کە کورد باوەری پێی بووە ! جا کەواتە ئیمرۆش هەر هێزێکی ترهات و جەورو ستەمی فارس، عەرەب و تورکی لەسەر کورد راکرد ، دەبێت دیسا کورد دەست لەو ئاینەش یا ئەو ئایینانەیباوەری پێیانە هەڵگرێ و !؟ بچێتە سەر ئایینی ئەو لایەنەی کە رەفتاریان وەك رەفتاری ئەوانە نییە ! چونکێ مامۆستا ناڵێت : لەدینی خۆیان هەڵگەرانەوە بەڵکو « رەفتار ، مەرام ، مەقسودیان دەکاتە گەزوگرێ ... نەك خودی باوەرەکە . بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی

که هه‌موو له‌شکرێکی داگیرکار لێی ده‌وه‌شێته‌وه له‌سه‌ره‌تادا نه‌رم و نیانی به‌و خه‌ڵکه‌ی ده‌که‌ونه ژێرده‌ستی پێشانبـدات ، ده‌بێ کورد هێند ساویلکه بێ هه‌ڵخه‌ڵه‌تابێ ، چونکێ ئه‌و باجه‌ی دواتر وه‌ئه‌ستۆی کورد که‌وتووه سه‌د خۆزگه‌ی به به‌باجی فارس و رۆم..... کات ، ده‌شێ هه‌ر له کاره‌ساتی واوه بێ ، که کورد گوتویه‌تی « ساڵ به ساڵ خۆزگه‌م به پار » !!

ئه‌وجا مامۆستا ده‌نووسێ: « مێژونویسگه‌لی عاره‌بیش ئه‌وه‌یان تۆمارکردووه بۆ نمونه بروانن به‌نووسراوێکی دوکتۆر حه‌مه‌ساڵح دا له‌ژێرسه‌رخه‌تی «کردستان بلاد الفرسان» به زمانی عاره‌بی له گۆڤاری «جودی» لاپه‌ڕی ٦ تا ٧ ، ژماره ٦ خولی ده‌هه‌م رێبه‌ندانی ٢٦٠٢ کوردی به‌رانبه‌ر فۆریه‌ی ١٩٩١ زایینی » 37.

به‌ڵێ مامۆستای به‌ڕێز مێژوونووسانی نه‌ته‌وه سه‌رده‌سته‌کان « نه‌ته‌وه زاڵه‌کان » مێژووی نه‌ته‌وه‌ی زاڵ ده‌نووسنه‌وه ! جا تۆ بڵێی مێژوونووسێک له‌وانه‌تائێسته هاتبێت و شتی خراپی دابێته پاڵ نه‌ته‌وه‌ی ، ئاینی یا له‌شکره‌که‌ی ، ئایا له ترسی ده‌سه‌ڵات وێراویانه باسی خراپه‌کارییه‌کانی ده‌سه‌ڵاتـداران بکه‌ن ؟ به‌ڵام به‌راست ئێوه زۆر به‌ئاشکرا و بێهه‌ڵـه ئه‌و راستییه‌تان ده‌ر-بڕیوه کاتێ نووسیوتانه : « دکتۆر حه‌مه ساڵح ده‌گه‌ڕێنێته‌وه که له ساڵی ١٨ ی دوای کۆچکردن ، کورد له ژێرده‌ستی عه‌یاز کوڕی غه‌نه‌م ، خودای لێ رازی بێت ، ده‌سه‌ده‌سه بوون به بوسوڵمان » 38

* تکایه بروانه په‌راوێزی ژماره 5 .

دیاره گه‌ر کورد به خۆشی خۆی بوبێته بوموسوڵمان ، ئه‌وکاته ده‌بوو مامۆستا بنووسێ : « له سه‌رده‌ستی عه‌یاز کوڕی غه‌نه‌م . » نه‌ك « له ژێرده‌ستی عه‌یاز کوڕی غه‌نه‌م .. » . جا هه‌رچه‌نده مامۆستا خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتی کوردستانه‌و وه‌ك من به‌زه‌بری دار فێری عه‌ره‌بی نه‌کراوه ، به‌ڵام باوه‌ڕم به‌و قسه‌ی خۆی هه‌یه که « هه‌روه‌ك خۆیشی ده‌ڵێ : به‌بێ قرانی قورئان و حه‌دیس له‌و کوردانه ده‌گه‌یه‌نێ که‌زه‌ینیان روون نییه » ئه‌وه‌نده شاره‌زای زمانی عه‌ره‌بییه جیاوازی نێوان « علی = له‌سه‌ر ، تحت = له‌ژێر » بکات ، ئه‌م جۆره وشانه هه‌تا له‌و فه‌رهه‌نگۆکه‌ی ئه‌حمدی خانی بۆ زارۆیانی سازکردووه ده‌ستده‌که‌ون ، لێ خواوڕاستانه زمانی درۆی نه‌کردووه و ئیراده‌ی دانهێنان به‌ڕاستی و حه‌قیقه‌تی مێژوو به‌سه‌ریدا زاڵ بوون و ، گه‌وره‌ترین راستی بۆ کورد تۆمارکردوه . هه‌ڵبه‌ته گومانم له‌وه‌دانییه که مامۆستا له دڵه‌وه کوردێکی پاکی راستگۆیه و هه‌رگیز له راستی لانادات .

به‌ڵگه‌ی دووه‌می مامۆستا ئه‌وه‌یه : « به‌رنوێژ له مزگه‌وت گه‌لی ئه‌و وڵاتانه‌وا به‌مه‌یلی خۆ به‌ئیسلام موشه‌ڕره‌ف بوون شمشێر و ئه‌سله‌حه ناگرێته ده‌سته‌وه ، به‌ڵام له وڵات گه‌لێك له دوای شه‌ر ئیسلامیان هاورد وه‌کوو ئێران ، ئیمام پێویسته له‌کاتی خوێندنی خوتبه شمشێر یان

ئەسلەحەیێکی تر بەدەستی بێت »

ئەمەش پرسیارێك دێنێتە پێشەوە، ئەوەیش ئەوەیە: کێن ئەو گەلانەی بە مەیلی خۆ بە ئیسلام موشەررەف نەبوون؟ بەڵام باجاریٚ واز لەو پرسیارە بێنین، چونکیٚ هەروەك لەوەوپێش وتراوە « خودی قورەیش دوای بەربەرەکانیٚ و شەڕوشۆڕێکی زۆر ئەوجا ئیسلام بوون بۆدەبیٚ ئەو خەڵکەی تر بە خۆشی خۆیان ئیسلام بووبن ؟؟ » ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری گەرەکە.

دوای ئەوە مامۆستا دەنووسێت: « جا ئیمرۆ لە ترسی دەوڵەتە پێشکەوتوەکان! وەدیکتاتۆرەکان I زۆربەی جێگا گەل شمشێرێکی لە چیتۆ تاشراو دەگرنە دەستەوە. بەڵام لە ئێران ک دوور گۆڕا ئایەتولای تالەقانی خوالیٚ خوەشبوو، بۆ هەوەڵ جار، کلاشینکۆفێکی گرت بە دەستەوەو بەرنوێژی رۆژی هەینی کرد »40

لێرەدا بە مامۆستای بەڕێزمان دەڵێین، تەنیا تاڵەقانی ئەو کارەی کردووە، زۆر لە دەوڵەتە ئیسلامییەکان لەوانە عەرەبی سعودی نەك هەر بەرنوێژیان بەڵکو ئاڵای نیشتمانیان کە بە « لااله‌الاالله محمدرسوالله » رازێنراوەتەوە، شمشێرێکی بەقەد باڵای مامۆستاشی لەسەر نەخشێنراوە! تۆ بڵێی عەرەبی سعودی و لەو کارەدا مەبەستیان ئەوەبیٚ کە ئیسلام بەشەڕ بە نێو عەرەبی نیوەدورگەی عەرەبی بلاویۆتەوە؟ بەلیٚ بۆنا، زۆر لەگینە! لەوەش سەیرتر ئەوەیە گەر عەرەبی نیوەدورگەی عەرەبی و فارس دوای شەڕ و بەزۆر ئیسلام بووبن، هەر مامەکوردمنەبیٚ بەخۆشیخۆی موسڵمان بووبیٚ !!

لێرەدا نامەویٚ هێندە لەسەر ئەو بە هەڵەدلاچونەدا بڕۆم کە لە خوێندنەوەی رەشنوسکەی مندا کراوە « نزیکەی هەزار وپێنج سەد ساڵی » ی پیٚ بۆتە « هەزارو شەسەدساڵ ». تەنیا ئەوەندە دەڵێم گەر ئیسلام نزیکەی هەزارو پێنسەد یا شەسەدساڵی تەمەن بیٚ، هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ لەو مێژووەی کە گشتمان پێی ئاگادارین روونادات. گریمان سەدساڵ لەتەمەنی دەوڵەتی ئەمەوی یا عەباسی یا عوسمانی زیاتربوو یا کەم بوەوە، چی لە کێشەکە دەگۆڕیٚ ئەوەندە نەبیٚ سەدساڵ تەمەنی چەوساندنەوە، زۆرداری و رابواردنی خەلیفەکان لەسەر حسێوی خەڵکی رەشورووت زێتر یا کەمتر دەکات، سەدساڵ لەمێژوویەکی وا دوورودرێژدا شتێکی ئەو تۆنییە. بەڵام سەیرم بەوە دیٚ لە کاتێکدا مامۆستا ئەوە بە هەڵە دەزانیٚ، راستیکەشی زۆرچاك دەزانیٚ کەچی ئەو هەڵەیە دەکاتە بنەمای بانگەواز و هیوای ئەوە دەخوازیٚ ساڵی هەزار و شەسەد ببێتە ساڵی هۆشیار بوونەوەی موسڵمانان! نازانم حیکمەت لەوەداچییە هەڵەیەکی چاپ یا ماتماتیکی یاخود هەتا هەڵەیەکی لە نەزانینەوە بیٚ... هتد، ببێتە بنگەو بنەمای ئاواتێکی وا گەورە و گران؟

خاڵی نۆیەمیش لە نوسینەکەی مامۆستا ، وەك هەموو خاڵەکانی تر لە سەربنەمای تومەتی حازربەدەست نووسراوە ، خوێنەر گەرسەرنجێکی نووسینەکەی من بدات ، دەبینێ مامۆستا چۆن تەواوی مەبەستەکەی منی هەڵگێڕاوەتەوە .

من باسی قەسیدەیەکی شاعیری نیشتمانپەروەری کوردستان حاجی قادری کۆیی دەکەم . حاجی لەو چامەدا باس لـە شاعیروزانا و ناودارانی کوردی سەردەمی خۆی و پێشەخۆی دەکات ، ئەمە یەك ، دووەم ؛ چەند جارێك دووبارەم کردۆتەوە : کە ئەوانە ئەمانەن دەربەست بەغیرەتی کورد بوون . کەواتە جگە لەوانە رەنگە هەزار دوو هەزاریکی تر هەبن ، کە دەربەست بەغیرەتی کورد نەبوون . بەڵێ ئەوانەی مەبەستی حاجی و مەبەستی منن ئەمانەن کە کوردیان لەفەوتان رزگارکردووە ، غیرەتی کورد و کوردایەتیان پاراستووە ، نمونەی بەرەنگاری بوون ، هەر بۆیەش دەکرێ ببنە پێوەری بەراووردکاری .

دوایی من تەنیا هەرناوی شاعیرم نەهێناوە . وتوومە ، ئەدیب و شاعیر و نوسەر و خوێندەوار ، جگە لەوانەش ، وتوومە : « بەڵێ راستە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە مزگەوتەکان دەرچوون خزمەتی ئەدەبی عەرەب و زمان و کلتوری عەرەبی ئسلامیان کردووە ، بەڵام حاجی قادر گوتەنی ئەمانە دەربەستی غیرەتی کورد نەبوون . جـا ئەم قسانە لە کوێ و ئەو راوەرێویەی مامۆستا لەکوێ ! ئەو تومەت دروستکردنە لەپای چی ؟ .

گرنگ نییە دیارە مامۆستا وا تێگەیشتووە کە بە تومەت دروستکردن و هەڵگێڕانەوەی ناوەرۆکی بابەتی نووسینەکەم زەمینە خۆشدەکات بۆ مەبەستەکانی و ، رێگەیەك دەدۆزێتەوە ، بنووسێت : « ئەو شتانە لەوەدە چێ سەددامی بەدعەسلونەسەب خەڵکی بێ دازیاری پێ دەخەڵەتێنێ » 41

ئا لەم رۆژگارەی کە هێشتا نەتەوەی کورد هیچ دەستکەوتێکی وا دیاری لـە حیزبەکانی کوردستان بە(پاك) و پیسیانەوە وەگیر نەکوتووە ، دەبوایە مامۆستا لە ئاست تاکە کەسێکی وەك من نەختێ دەستداگرێ ، هێندە پێی لێهەڵنەبڕێ ! لەو رووەوە ئەو خەڵکە نەتۆقێنێ ، کە شیایە لە خۆیان بپرسن : ئیمڕۆ لەسەر دوو لاپەرە نووسین و دەربڕینی بیروباوەڕ خەڵکی تاوانبارێکەن بە < سەددامی > ئەی بەیانی دەسەڵاتیان بەدەستبێ ، لە سەر هەر وشەیەك کە بۆنی ئازادی بیروباوەڕی لێبێ ، دەبێ چەند سێدارە هەڵخەن و چەند سەران بپەڕێنن ، چۆن شێوەکانی شکەنجەدانی ئیسلام بژێیننەوە ؟؟ رۆژێ چەند گیان بە قامچی لێدان و بەردەباران کردن زائیقەتول مۆت کەن ! هەڵبەتە خوێنەرخۆی سەرپشکە لە یەکلایکردنەوەی ئەو باسە .

من وای تێدەگەم هەموو تومەتەکانی مامۆستا بەتایبەتی ئەوەی دوایی ، بۆئەوە سازکراون ببنە سەرپۆشی هەڵگێڕانەوەی راستییەکان ، هەروەك لێرەدا دەبینین ، کاتێ مامۆستا دەنووسێ : « بۆ وێنە لـە

کوردستانی ئازادکراو دیموکراتی ئاڵای **بەرزە**. هتد» .42

جارێ ئەم رستەیە لەبنەرەتدا هەڵەیە ، چونکێ« کوردستانێکی ئازادکراو »نییە ، ئەوەی هەیە بەشێکی کوردستانە ، کە لە زمانی سیاسی ئەمرۆماندا بە باشوری کوردستان ناودەبرێت . ئەوەش روونە کە ئەو بەشە هەموو کوردستان نییە ، بەڵکو رەنگە یەك لە سەر پێنجی رووبەری کوردستان بێ. ئەوە بەلایەکەوە،بەلایەکی ترەوە : با بزانین ئایا وایە ئەو بەشە کوردستانی ئازادە ، بۆ ئەوەش ئەم دەقە لە لە بلاڤۆکی « کۆنگرە ، ژمارە ۳ ، ۱۹۹۵» دەگوازمەوە ئێرە: « با لەوەگەڕێین کە باشوری کوردستان « ئازاد » کراو نییە ، بەڵکو « پارێزراوە » لە جیهانی ئیمرۆماندا « خاکی ئازاد » کراو بەرێژەیی و بەلای کەمەوە ئەو خاکەیە ؛ کە هیچ دوژمنێك ناتوانێ سنوری ببەزێنێ و دەستدرێژی بکاتە سەر ژیان و ماڵ وسامانی هاووڵاتیانی ، ئەو خاکەیە کە وەك نیشتمانێك بە ناوی هاووڵاتیان و زەوی و ئاسمان و ئەوەی لەنێواندایە نوێنەرێکی دانپیانراوی لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە ، بە ناویانەوە قسە دەکات و سنورێکی دیاریکراو و ئالایەکی باڵا بەرزی هەیە کەهەردەم دەشەکێتەوە ...ئەمانەش کەمترینی ئەو شتانەن کە بەشێکی هەرەکەمی قەوارەی « ئازادی » لە جیهانی ئیمرۆماندا پردەکەنەوە »43.

ئەوجا ئەو بەشە کوردستانەی بنباری جووت ئەمبارگۆ وفیقتی فیقتی، ئایا دەکرێ بەباری دیمۆکراتی وڵاتانی ئەوروپا بەراوورد بکرێت ، کە بەقسەی مامۆستا لەخێرو بیری دیمۆکراتییەت بەرخوردارن ؟؟ چۆن باوەڕدەکەین مرۆڤی سەردەمی داهاتوو دوای هەزار و شەسەد یا حەوسەد ساڵ ئەوەندە سکار و دواکەوتو و نەزانن ، ئەو بارە بە دیمۆکراتی حسێو بکەن و : بڵێن کورد لەسایەی دیمۆکراتیدا یەکتدیان کوشتووە ؟

وەك روون کردنەوەش چاکە ئەوە بڵێم : کە رێگەدان بە مناڵە هەژار بۆ خوێندن هەمووکاتێ نیشانەی پێشرەوایەتی نییە ، چونکێ دەبێ بزانرێت مەبەستەکە چییە ، ‹ سەددامیش › رێی لە مناڵە هەژار نەدەگرت بچێتە قوتابخانە ، بۆ ئەوەی بیانکاتە « تەلائع و بەعسی » بە پێچەوانەوە هەولیدەدا قوتابخانە بگاتە دوورترین گوندو هەژارترین خەڵك، بۆئەوەی بتوانێ چاکتر ژێربکێفی مەرامەکلاوەکانی خۆی یان بکات.

خوێنەری هێژا ! تائێرە هەردووی رووی یەکەم و دوومی ئەوخاڵانەمان روونکردەوە کە لە نووسینەکەی مامۆستا موزەفەری پرتەوماهـ دا ریزبەندکرابوون. بۆمان دەرکەوت کە لەهیچ خاڵێکدا نەیتوانیوە ئامانج بپێکێ.

ئێستە با بێن و لە دوابەشی نووسینەکەی، کە دەتوانم بڵێم درێژەی دوا خاڵ و کرۆکی بیروباوەڕو شێلەی بیرکردنەوەی مامۆستان، بکۆڵینەوە.

مامۆستا موزەفەری پرتەوماهـ ، لە سەرجەم نووسینەکەیدا ، لەسێ جێگەدا

پێنووسەکەی زەللەدەکات و وشەی میللەت بە کوردەوە دەنووسێنێ، دەبا بزانین ئەمە هەروا رێکەوتە، یا لەپەنای ئەوەدا ستراتیژیەکی دوورو قوڵتر لەگۆڕییە؟

مامۆستا دەنووسێت: «ئەبێ ئەمەیش لەبەرچاو رۆشن بیرگەلی کوردبێت ک کورد هەمیشە ئا بەو جۆرە بەدواکەوتوو نەبووە»44 ئەمەش پێچەوانەی راستییە، بە هەموو گەزوگرێیەك، کوردی ئیمڕۆ ئەگەرچی گەلێك گیروگرفتی رامیاریشی لە رێگەدایە، بەڵام هەرگیز کوردی نەك هەر سەد دووسەد ساڵ، بەڵکو پەنجا شەست ساڵێك بەر لە ئیمڕۆش نییە.

بەڵام با بێن و بزانین مامۆستا پێشکەوتن و پاشکەوتن بە چ کێش و سەنگی لەقەپاندەدا.

مامۆستا بەردەوام دەبێ و، دەنووسێ: «زۆربەی سەردارگەلی بەگوڕی قشونی عوسمانی کورد بوون»45. بەڵێ ئەوەیە پێوەری پێشکەوتن: کە کورد سەردار، ئەفسەر، سەرباز، جاش و سوارەی حەمیدی نێوزڕاو و بەگوڕی لەشکری عوسمانی هۆڤی گۆڕبەگۆڕو باپیرانی دەوڵەتی تورکیای ئیمڕۆی دیکتاتۆر و فاشی بێ. یا هەروەك مامۆستا دەڵێ: بەگەڵ نادرشا بکەوێت و تا خوراسان و پەنجاب خەڵکی بۆسەربڕیت. خۆگەرسەرراستێکی وەك کەریم خانی زەندیشی تێدا هەڵکەوت، ئەوە هەر زوو فارسی شیعی مەزەب و هاودینمان بەپیلانگێڕان شاپێکی تێهەڵدەن و تەخت و تاراجی نغرۆکەن. بەڵێ کورد ئیمڕۆ هۆشیارە و خەباتدەکات و دەیەوێ بکاتە ئامانجی نەتەوەیی، کوردستانێکی ئازاد و رزگارکراو. ئەمەش دواکەوتنە، چونکێ کورد بێبەش دەکات لە حەزمەت کردنی قشونی داگیرکاردا. پێشکەوتن ئەوەیە کورد لە قشونی بەگوڕدا خزمەت بکات. بۆ دوا برگەی ئەم پەرەگرافە «تێکەڵی پاشایانی قاجار لەگەڵ بەدلۆبانگ گەلی کورد و ژن و ژنخوازی لەبەینیان بو»

هەر ئەوەندە دەڵێم با مامۆستا بفەرمووێ چاوێك بە «کورد و عەجەم» ەکەی مامۆستا ساڵح محەمەد ئەمین «چاپی یەکەم» دابگێڕێت، تا چاك لەراستی تێبگات. یا سەرنجێکی ئەو سەرچاوانە بدات کە باسی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی فارس، تورك و عەرەب دەکەن، کەهی وایان هەیە سەد ژن و هەزار کنشیکە و غولامی لەبەردەست بووە. دەبێ چ شەرەفێك بێت بۆ کوردی ژێردەستە و وڵات داگیرکراو لەگەڵ ناڵێم مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵ و درندە، بێویژدانی لەپێستی مرۆڤدا ژن و ژنخوازی بووبێ؟

دوای بەدوای ئەوە مامۆستا دەبێژی: «قوڕبەسەری کورد لەو رۆژەوە دەس پێ کرا ک خەلافەت لەبەین چوو»46

هەروەك لەپێشەوە ئامارەی ئەوەم کرد کە کوردستان پێش ئەوەی دەستی بێگانەی غەیرە دین دابەشی بکات، بە دەستی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سونی و فارسی شیعی، کە هەر دەکەنەوە ئیسلام، دابەشکرا. هەر ئەوانیش بوون دوای چەند سەد ساڵ لە

شەڕی جاڵدیران دەستیان لەگەڵ ئینگلیزو فەرەنسا تێکەڵکرد و دووبارە کوردستانیان دابەشکردەوە.

مەبەست پتر روون دەبێتەوە کاتێ مامۆستا بەردەوام دەبێ و بەرنامە و پرۆگرامی ئەو سیستەمە دەخاتە ڕوو کە لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی و کرۆکی نووسینەکەیەتی . بەڵێ کاتێ دەکەوێتە ئاخهەڵکێشان و داخهەڵرشتن و شینو شەپۆڕدەکات بۆ ڕۆژانی خەلافەت و دەنووسێ : «قوڕبەسەری کورد لەو ڕۆژەوە دەس پێ کرا کە خەلافەت لە بەین چو. ئومەتی بوسوڵمان سەرگەردای خۆی لەدەس داو سەری شێویا و پڕژو بڵاوبۆوەوە لە ژێردەستی نەتەوە پەرستی گەلی جۆرباجۆر!» 47 .

لێرەدا نازانین بۆچی مامۆستا دەستنیشانی ئەوە ناکات، کەی خەلافەت لە بەین چوو ؟ بەڵام بەگوێرەی « لە ژێردەستی نەتەوەپەرستی گەلی جۆراو جۆر » و دەبێ مەبەستی دوارۆژانی خەلافەتی عوسمانی بێ! خوزێ مامۆستا پێیدەگوتین کەی خەلافەت لەبەین چوو ! ( تکایە بۆ وەلامی ئەم پرسیارە بگەڕێوە بۆ پەراوێزی ـ C ـ ).

بەگوێرەی قوڕبەسەری کورد بێ ئەوە هەر هیچ ، دەبێ بگەڕێینەوە سەرەتا ، بەڵام گەر مەبەستی لەو ساڵە بێ کە خەلافەتی عوسمانی لە ناوچوو ؛ ئەمە مانای وایە ، لە سەردەمی عوسمانی کورد قوڕبەسەر نەبووە ، ئەو کاتەش دەبێ قوڕێکی تیروخەست بۆ مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد لەسەردەمی عوسمانی بگرینەوە ، چونکێ ئەو ڕاپەڕینانە دژ بەخەلافەتی عوسمانی و ژێردەستە کردنی کوردستان بوون . خۆگەرمەبەستی پێش ئەوە بێ ، دەبێ قوڕەکە زۆرتر و تیرترو خەستتر کەین ، تا بایی مێژووی ئیمارەتەکانی کوردستانیش بکات .. چەندەش بگەڕێینەوە دواوە، بەوپێیەش دەبێ قوڕی زۆرتر و تیرترو خەستتر بگرینەوەو، کورد گوتەنی مێژووەکەمان یا سەرمان بۆمێژوومان لە قوڕنێین J .

مرۆڤێک نەختێ ویژدانی هەبێ هەرگیز ئاخوداخ بۆ نەمانی دڕندەی وەك عوسمانییەکان هەڵناکێشی K ، نەخوازەلا کە خۆی کوشتەی دەستی ئەو دڕندەبێ، بەڵام ئەم گەلە هەژار و بێنەوایەی ئێمە بەشێوەیەك لەخۆی نامۆکراوە، زۆری دەوێ تادەگەڕێتەوە سەرباری خۆناسین . ئەی چۆن تا ئێستەش کوردی وامان هەن قوڕاوی جێپێی سمی حوشتر دەخۆنەوە ، بە پیرۆزیشی دەزانن . چونکە پێغەمبەری موسڵمانان سواری حوشتربووەوحوشتریش لە عەرەبی سعودییەوە بەدیاری گەیوەتە کوردستان !! ئای لەو کارەساتە .

مامۆستا بەردەوام دەبێ و دەنووسێ : «هیچ لەم قوڕبەسەریگەلەخەتای ئیسلام نەبوە و نیە ! بەڵێ بەشێکی خەتای ئیمە بوسڵمانگەل و نۆکەرانی بێگانەیە !» 48

پێش هەمووشتێ دەڵێم خۆزێ مامۆستا چەند نۆکەرێکی لەوانەدەستنیشان دەکرد

تا له مێژووی کورد و کوردستان رووبان ره‌ش بکرێت !! پێشی ده‌وتین مه‌به‌ستی له بێگانه کێ یه ؟ دیاره گه‌ر به‌رووخانی خه‌لافه‌ت و نه‌ته‌وه په‌رستی جۆراجۆر بێ هه‌روه‌ك له‌پێشه‌وه ده‌ستنیشانمان کرد، ده‌بێ مه‌به‌ستی عه‌ره‌ب ، فارس و تورك بێ که راسته‌وخۆ دراوسێمانن و له‌هه‌موو ئه‌وانه‌لێمانه‌وه‌نێزیکترن که‌کورد له‌نێوانیاندا هه‌ست به‌کورد بوونی خۆی و بێگانه‌بوونی ئه‌وانه بکات ... ! به‌لام ماموستا هێشتا شتی شاراوه‌تری پێیه‌و له ژێر په‌رده‌وه ده‌ریان ده‌برێ .

به‌ڵێ هه‌روه‌ك له لاپه‌ره‌کانی پێشودا ئاماژه‌ی ئه‌وه‌م کرد ماموستا له چه‌ند جێگه‌یه‌ك پێنووسه‌که‌ی زه‌لله ده‌کات و وشه‌ی میلله‌ت ده‌خاته پاڵ کورده‌وه ، به‌لام دیاره چه‌ند که‌ره‌ت کومه‌ڵگه‌لی بوسڵمان و بوسڵمانگه‌ل دووباره‌ده‌کاته‌وه و تا له‌کۆتاییدا مه‌به‌سته‌که‌ی له « ئوممه‌تی موسڵمان » دا به‌رجه‌سته ده‌کات و بیرو باوه‌ره‌که‌ی ده‌خاته‌روو .

جا ئێسته گه‌ر نه‌خشه‌ی ئوممه‌تی موسڵمان که ماموستا ئاخ و داخی بۆ ده‌رێژی ، له‌گه‌ڵ نه‌خشه‌ی ئیمرۆی به‌راورد بکه‌ین ، دیاره‌هه‌موو ئه‌و نه‌ته‌وانه خاوه‌ن ده‌وڵه‌ت ، ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی خۆیانن ، هه‌ر له‌سنوری چینه‌وه هه‌تاوه‌کو مه‌راکۆ - کوردی لێ ده‌رچێ - له سایه و که‌ره‌می خودێ ، له‌و نیعمه‌ته‌ی -ده‌وڵه‌ت و ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی - بێبه‌شه !! خه‌نی له ئوممه‌ت !

جا که‌ی له‌سه‌رخێران ئومه‌تی ئیسلام سه‌رگه‌وره‌ی خۆی بۆ گه‌راوه‌و- بێگومان به‌بێپرس و رای کورد - له شێواوی و پـڕژو بڵاوی رزگاری بوو ، خه‌لافه‌ت دامه‌زراوه ، ئه‌وکاته کوردیش له قشونی خه‌لافه‌تدا جێگه‌ی تایبه‌تی و مێژوویی به گوری خۆی وه‌رده‌گرێته‌وه ، میلله‌ته‌که‌ی له سایه‌ی « ئوممه‌ت » حوکمرانی خه‌لافه‌تـدا لـه هه‌مووکاتێ « سه‌ربه‌رزترو به‌خته‌وه‌ر ده‌بێ - هه‌روه‌ك ماموستا ده‌ڵێ !» به‌ڵێ بێگومان ئه‌مجاره قه‌ربوش ده‌کرێته‌وه !

جا کورپینه ، ئه‌وه‌تا سه‌لاحه‌دینی نوێ ، ماموستای هێژا و باڵوێزا پارتیا ئیسلامیا کوردستان دوکتور موزه‌فه‌ری پرته‌وماهـ و فورسانه‌کانی ئه‌سپه‌کانیان تاوده‌ده‌ن به‌ره‌و قودس - نه‌ك به‌ره‌و که‌رکووك ، چونکێ که‌رکووك پارچه‌یه‌که له خاکی ده‌وڵه‌تی خه‌لافـه‌تی پیرۆز وخۆشه‌ویست - و ئه‌و دروشمه‌ی یاسرعه‌ره‌فات « ده‌بێ هه‌مووجووله‌که له ده‌ریا باوێـن » به‌رزی کردبووه‌وه و ، له‌به‌ر زۆرهـۆی ناهه‌مواری وه‌ك نه‌بوونی یه‌کێتی‌موسڵمانان‌وخیانه‌تی ئوممه‌ی عه‌ره‌بی ...هتد ، بـۆی جێبه‌جێ نه‌کرا ، ئه‌وا ئه‌مجاره مامه‌سه‌لاحه‌دین و فورسانه‌کانی سه‌ده‌ی بیستویه‌ك له جیاتی عه‌ره‌فاتی کۆنه‌په‌رستی خائینی ئوممه‌تی موسڵمانی دواکه‌وتو جێبه‌جێ ده‌که‌ن ، بێگومان ئه‌وه‌ش رێگه خۆشتر ده‌کات بـۆ ئه‌وه‌ی فه‌رمانره‌وایی ئسیلام بگه‌رێنینه‌وه ئیسپانیا و ئه‌و به‌شه ئه‌وروپایه‌ی « چونکێ ماموستا ده‌ڵێ :

ئەورووپا بە دەستی ئەوان - مەبەستی سەردارانی کوردی قشونی عوسمانیەبوون بە بوسوڵمان » کەماوەتەوە لەژێر دەستی نەك لە سەردەستی سەردارانی کوردی بە گوڕی قشونی خەلافەت بە ئیسلام موشەرەف دەبێ !! ئەوەتا مامۆستای قارەمان بەڕێز دکتۆر موزەفەر بەخۆو شمشێرە زولفقارییەکەی دەستی، پەیکەری ئازادی کەل و پەل دەکات و بە پێنووسە نووك کولەکەی چاوی دەکوڵێ و ئالای پیرۆزی قشونی بە گوڕی لە جێگەدا هەڵدەکات ! بەڵێ بەبێ وەستان ! جیهاد .. جیهاد لە پێناوی ئوممەت !! بەرەو پێشەوە لەسەرکەوتنێکەوە بۆ « سەر - کەوتن - ێکی » تر، کە لەم هەموو - سەر - کەوتن - نانە، تەنیا - سەری - کورد خۆی دەکەوێ ! انا منەو انا الیە راجعون{کۆمەڵێك لە نابیرمەندانی ئیسلامی و عەرەب لەم رۆژگارەدا خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەو بیروباوەڕەن: کە لە داهاتوودا زۆرانیی چینایەتی و نەتەوایەتی لەناودەچێ و زۆرانێی ئاینی دەستپێدەکات ، بەقسەی وان زۆرانێی ژیارییەکان، واتە زۆرانێی ئیسلام لەگەڵ ئاینەکانی تر، هەر بەڕاستی نگبەتییە دوارۆژی مرۆڤایەتی لەسەر بنچینەی شەڕو قڕکردنی مرۆڤ بونیادبنرێت } .

بێگومان هەڵوێستێکی ئازایانەو پێشبینیەکی لەجێ و ژیرانەیە لە دلانپارەوە کە لە ژمارە 3 و 4 ی خولی پێنجەم ، ساڵی 1995 دەنووسێ : « ئێمەی هاووڵاتیانی کوردستان بەرتەوژمی گەلێك بیروباوەڕی فەلسەفی کەوتوین، جێی داخە کە کۆمەڵی کوردەواری لەسەر دژکاری پیرۆ « منهب » ی بیری و نەگونجانی ئەم تەوژمە ئاینی و فەلسەفیانە، زۆرجار خوێنی خۆی بەفیرۆ لە رێی هیچ و خۆرایدا رێشتووە ، بەبێ ئەوەی بە قوولی لە دەراو و بنج و بنەوانی ئەو ئاین و باوەڕانە بکۆڵێتەوە ، کوێرانە لەخودی خاوەنانی پیستر دەروێشی بۆ کردووەو خۆی لە پێناودا بە کوشت داوە !! ئەورۆ دەمزەر کردنەوەی ئیسلام پرۆسەیەکی جیهانییە ، وەلێ بۆ ئێمەی کورد شتێکی تایبەتییە .چونکێ ئێمەی کلۆل ئامادەین لە سەر هەر تیزێکی ئاینی یا بۆچونێکی فەلسەفی تیروشیر لەیەکدی بسووین . جا بۆ ئەوەی رێگەی ئەم جۆرە کارەساتە بگرین و یا هەر نەبێ لە زیانی کەم کەینەوە . بە پێویستی دەزانین لەو جۆرەبابەتانەی لەدەراوو سەرچاوەی هەرئاین و بیروباوەرێکی باوی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەکۆڵنەوەو بڵاویکەینەوەو ئاشنای بیر و بۆچونی نەتەوەکانی جیهان بین و بزانین را و بۆچونی ئەوانە چۆنە . ئیسلام یەکێکە لە ئاینە بەربڵاوەکانی کوردستان و خەڵکێکی زۆری کورد موسڵمانن بەبێ ئەوەی بەوردی لە ئیسلام گەیشتبن . بەیەکەوە نانی ئیسلام و کورد مەترسییەکی گەورەیە ، رەنگە هەبێ بپرسی : ئایا جیاوازی لەنێوان کوردو ئیسلامدا هەیە ؟ بۆرونکردنەوە دەڵێین : گەر هەزاران جار لە گۆڤارە کوردی و عەرەبییە ئیسلامیەکاندا بنووسن « نەتەوەی ئیسلام » هەرگیز کەس لێتانی ناسەلمێنێ : چونکێ ئیسلام

ئاینە و ، کورد نەتەوەیە . خۆ گەر بێژن « امه » لەزمانی عەرەبی مانای: کۆمەڵێك نەتەوە ، ئەوا ئێمەش دەڵێین : بڕۆن ئەو کێشەیە دەگەڵ ئەو نەتەوانەی خاوەن دەوڵەتن ساغ بکەنەوە ، ئەوجا وەرن بەرۆکی کوردی ژێردەستە و چەوەساوە و کوردستانی داگیرکراو و دابەشکراو بگرن » 49 .

دوا قسەی من بۆ مامۆستای هێژا و بەڕێز کاك موزەفەری پرتەوماهـ ئەوەیە : ئەز لە سەداسەد لەگەڵ ئەودام کە دەڵێت : « کورد پێویستی بەکینە و دۆزینەوەی خەتابار نییە » . بەڵێ بێگومان ئەمە قسەیەکی راستە چونکێ کینە و خەتابارمان زۆرن . بەڵام خەتـا و خەتاباری هەرە گەورە و راستییەکی لە سەرووی ئەمەوەش ئەمەیانە : دین تێکەڵ بە سیاسەت بکرێت یا بیروباوەڕ و سیاسەت بکرێتە دین ! گەر سیاسەت دینخواز نەبێ دین سیاسەتخواز نەبێ ، سەدان دین و بـگرە هەزاران دینی جیاواز بەیەکەوە هەڵدەکەن و بەتەبایی پێکەوە دەژین .

بەوەشدا دەردەکەوێ کە مامۆستا بەهەڵەدا چووە . نەمن و نە هاوکارانم لە گۆڤاری دلانیاردا ، نەك هەر رقمان لە ئیسلام نییە ، بەڵکو رقمان لەهیچ دینێکیش نیە ! بۆکەسی خۆم و لەروانگەی خۆمەوە پێموایە دین بەخۆشی بڵاوبووبێتەوە یا بەزۆر سەپێندرابێ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆتە بەشێك لەکولتور ، و پێویست ناکات دین تێکەڵ بەرامیاری بکرێت ، کە تێکەڵ کرا ، ئیدی نە ئەو نرخەی دەمێنێ و نەپیرۆزی دەپارێزرێت .

خوێنەری هێژا ! لێرەدا بەکورتی هەوڵمداوە ، وەڵامی مامۆستا پرتەوماهـ بدەمەوە ، وەك روونە گەلێکیشم خاتری مامۆستا گرتووە ، چەندی لە دەستم هاتبێ هەوڵمداوە ئەو تومەتانەی هەڵبەستـون و داوبوونیە پاڵ من و هاوکارانم لە گۆڤاری دلانیاردا رەتیان بکەمەوە و هەڵە و کەم و کورتی ئەو بۆچون و بیر و رایانەی مامۆستا بخەمە روو . مرۆڤی راستگۆش ئەو مرۆڤەیە دان بەهەڵەو کەم وکوڕیی خۆی دابنێ .

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەمەوێ جەغد لەسەر ئەوباوەڕە بکەمەوە ، کە ئەزیش وەك زۆربەی نووسەرانی کورد پێم وایە : مێژووی کوردستان دەبێ سەرلەبەر لە روانگەیەکی راستی و بەدەستی کورد و هاووڵاتیانی کوردستان خۆیان ، دوور لە هەڵبەستن و بە خۆدا هەڵگوتن و بەلادا شکاندنەوەی ئەولاوئەولادا بنووسرێتەوە ، نەك لەروانگەی بیانیان بخوێندرێتەوە ، جا ئەو بیانییە هەرکێ دەبێ بابێ ، خوام دەکرد نیزکترین سەحابەی پێغەمبەر دەبوو ، لام وایە ئەوچەند ستونەی لەپاشکۆ و پەراوێزی دواین لاپەڕەکانی ئەم باسەدا بۆ مامۆستا و خوێنەرانی بەڕێز چەند بـڕگەیان لێ هەڵـگیراوەتەوە بەشێکی کەمن لـە هەزاران بەش و دڵـوپێکن لە زەریایی تراژیدیای کوردستانیان بەدەست ئیسلامەوە .

پەراوێـز و سەرچاوەکان

پەراوێـزەکان لەو دەقەدا بەدوو جـۆر نیشانەکراون ،

A ـ ئەمە وەنەبێ لەبەر تەمبەڵیم بێ لە زمانی عەرەبی ، نەخێر نە قوتابییەکی هێندە تەمبەڵبووم ، نەعەرەبییەکەم هێندە خراوە ، جیاوازی نێوان ـ علی = لەسەر ، تحت = لەژێر ـ نەکەم ، بەڵام کەدەمبینیت عەرەب چی بەوڵاتەکەم دەکات ، ئیدی ئارەزووم نەدەکرد زمانەکەشیان فێربیم .

B ـ هەرچەند کورد وەکو کوردستانی هەرگیز دەسەڵاتیکی ئیسلامی سەرتاسەری نەبووە ، وەك دراوسێکانی بوویانەو هەیانە ، تابتوانین بڵێین کوردودراوسیکانی رەفتاریان بەپیاساو دەستوری ئیسلام نەکردوە . گەر ماموستا سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی بەسەردەمی دەسەڵاتیکی کوردی ئیسلامی دانابێ ، ئەوە شتیکی تـرە ، هەرچەند سەلاحەدین کوردایەتی نەکردووە ، بەڵام ئەوەی بەئێمە گەیشتووە ئەوەیە ؛ کە گـۆیە سەلاحەدین گەلێك داپەروەرو قارەمان میرخاس بووە ، جا نازانین رای ماموستا لەو بارەوە چییە ؟

C ـ لێرەدا بەچاکی دەزانم ئەو برگانە لە نووسینەکەی ماموستای بەرێز شێخ عومەر غەریب ، بۆ خوێنەری خۆشەویست و ماموستا وەرگێرم : «ئەم هەموو خزمەتە گەورەی گەلی کورد بەگەلانی جیهانی ئیسلامی و بەتایبەتی گەلی عەرەب : لەسەر ئاستی ؛ سەربازی و مێژوویی و رۆشنبیری . . . . . بوو بە تۆقی لەعنەت لەئیمرۆ و داهاتوومان و چ دادیان نەداین ، نکۆڵی = حاشا لەبوونمان دەکرێت و بەشێوەیەکی زەق پشتگوێخراوین و دراوسێیان پێش هەر لایەکی تر پـێیان لەورگمان ناوە ! » هەروەها دەڵێـت : « دەوڵـەتی عوسمانی لەکاتی خۆیدا هەوڵی نەدا ، یاخود لە توانایدا نەبوو چارەسەری سەرکەوتوو و داپەروەرانە بـۆکێشەی کورد یا ئەو کێشانەی وەك ئەوبوون بدۆزێتـەوە . . . . ئەو رژێمە سیاسیەی ئەو دەوڵەتەی لەسەر دامەزرابوو هەرلـە بنچینەوە چەوت و چوێـربوو ، ئەو رژێمە چەوتی وچوێری لە پێشینەکانی خۆی عەباسییەکانو ئەموییەکانەوە بـۆمابـووە = ورثت ، . . . . . . ژیانییان ـ مەبەستی دەسەڵاتدارانە ـ دەستبڵاوی و بەفێرۆدان وبەدواکەوتنی ئارەزو و شەهوەت و کەنیشکە کرین بوو . . . لەسەرحسێوی نەتەوەو گەلانی دی » . بێگومان ماموستا عومەر شێخ غەریب زۆر بە درێژی لـەو باسە دەدوێ بەڵام منبایی ئەوەی مەبەست بپێـکی کورتم کردەوە ، هەر لێـرەشدا بۆم هەیەبپرسم : ئـەگـەر بەدرێژایی ئەو ملوەیە ؛ واتە ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی حاڵی کوردوابویی ، کەواتە تەنیا ئەوچەند سـاڵـەمان بەدەستەوە دەمێنـێ کە سەردەمی پێغەمبەر خۆیی و چوار یاوەرەکەیەتی ، ئەویش بەهەمووی با خۆیی لـەپەنجا ساڵ بدات و دیارە لەو پەنجاساڵەش تەنیا چەند ساڵێـك دەگرێتەوە واتە لە ١٨ ی کـۆچییەوە ! جادەبێ لەکوردستانیکی دوای شەرِوکوشتار بەتەنیا هەژدەساڵ نەك هەزارو شەسەد ساڵ ! ئیسلام چ ناز و نیعمەتیـکی بەسەر کورد و کوردستاندا باراندبـێ ؟

D ـ ئەمە لەکاتیکدا ماموستا لە پێشەوەتر تومەتی ئەوەی داوەتە پاڵـم ، گـۆیە من قسەی خاچپەرستەکانم دووبارەکردۆتەوە ، جا نازانم ئەگەر مانی ئەو خاچپەرستانە لە کوردستان رێزگرتن بێ ؛ بۆچی دەبێ مافی ئەوەیان نەبێ رای خۆیان دەربرن !!؟ ئەگەر بیرو بۆچونی من و ماموستا تێك نەکاتەوە بـۆدەبێ ماموستا ئەمە بکات بە دووبارەکردنەوەی قسەی خاچپەرستان ! لەخۆرا ئـەم تومەتە هەڵبەستی ؟ تۆ بڵێی ئەمە نەختێـك نەبێ لەو رێزگرتنەی ماموستا وئیسلام بەدرێـژایی مێـژوو بەوانەیان رەوابینیوە ؟

E ـ لەراستیدا کولودەردی گەلی کورد لە سەدەکانی رابردووەوە دەستیپێکردووە، لەدایکبووی ئەمسەردەمە نییەو لە هێنانەکایەوەی ئیمپریالیزمی خۆراواش نییە هەروەك هێندی کورد وادەستخەرۆکراون و پێشییەوە تاوانبار دەکرێن، ئەوە تەنیا بوختان و ساختەچییەتییە، و رەگوریشەی کێشەی کورد وەك باسمان کرد دەگەڕێتەوە رابردوویەکی دوور { ع.ش.غەریب، یاداشتێك ....، لاپەڕی 5 }

F ـ ئایا مامۆستا نازانی کوردێکی زۆر هەن لە باوکڕا موسڵمانن، لە دایکڕا یەزیدین !؟ تکایە بڕوانە پەراوێزی ژمارە 2 .

G ـ هەر مرۆڤێکی خاوەن ویژدان نامیلکەکەی مامۆستا عومەر شێخ غەریب بخوێنێتەوە، کە ج گومان لە موسڵمانیەتی مامۆستای ناوبراو ناکرێت : سوێندی ناکەوێ ! لەوەتەی کورد هەیە لەوە تاڵتری بەگەرودا نەچووە

H ـ مامۆستا عومەر شێخ غەریب چەند راستگۆیانە دەفەرمووێ : « بزوتنەوە و کۆمەڵـە ئیسلامییەکان لە جیهاندا و لەبەر ئەو هۆیانەی باسمانکردن بەهیچ شێوەیێك و بایی تۆزقاڵێك جییەپشگیری کێشەی کورد ناکەن هەروەك پشگیری کێشەی : فەلەستین ، فلیپین ، ئەفغانستان و کشمیر .. هتد ، دەکەن ، هیچ بایەخێکی پێنادەن و هەر ئاوڕیشی لێنادەنەوە لە لیستەی کێشەڕەواکان ـ یاسایی ، شەرعی ، سیاسی و مرۆڤایەتی ـ تۆماری ناکەن، بەڵکو هەروەك دەوڵـەتە داگیرکەرەکان بەشەلکێندارەکانی کوردستان وەك حیزبە علمانییەکان (تکایە بڕوانە پەراوێزی ژمارە 3) بەبەشێك لە کێشەی نێوخۆو بەدەستکردی ئیمپریالزمی جیهانی و ، لە پێناو لەتوپەتکردنی دەوڵەتانی موسڵمانی دادەنێن » درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت : « هەرگیز نەمان دی تاکە یەك پارتی ئیسلامی یـا بزوتنەوەی ئیسلامی چییە بەشێوەیەکی رەسمی پشگیری یان داکۆکی لەمافی گەلی کورد بکات .... لە پێناو بڕیاردانی مافی چارەنووسی خۆیدا ... » لەوەش زێتر مامۆستا دەنووسێ : « ئەم دژکارییە لە هەڵوێستدا چییە ؟ گریمان گەلی کورد موسڵمان نەبوو زەردەشتی یـا بودی یاخو لەسەر دینێکی تر بوو ، ئایا وەك نەتەوەیەك و کۆمەڵێك مرۆڤـمافی ئەوەی نییە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و هەنیی ـ کیان ـ ی رامیاری خۆی پێکبێنی ؟ ئایا مافی ئـەوەی نییە لـە زۆرداری داگیرکاران و ئیمپریالیزم رزگاری بێت و بە ئاشتی و ئازادی لەسەر خاکی خۆیدا بژیت ؟ ع.ش.غەریب ، یاداشتێك ... لاپەڕی 15 .

I ـ مامۆستا لە چەند جارێك زیاتر ئەمە ـ ئاینە کۆنەکان ـ ی دووبارەکردۆتەوە . وەك ئەوەی ئایین کە فەرموودەی خوایە ، ئەویش وەك هەر شتێکی تر کۆن ببێ ؟ نازانم مامۆستا چۆن رێگەی بـەخۆی داوە ئەم قسانە بکات .

J ـ نازانم مامۆستا کە دەڵێ « لەترسی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان » مەبەستی چییە ؟ چونکی لە هەموو دنیا بگەڕێت دەوڵەتی دیکتاتۆری وەك ئەو دەوڵەتە ئیسلامیانەی فەرمانڕەواییان بەدەستە ، یا لەو وڵاتانەدا لەسەرکارن کە ئیسلام زۆربەی خەڵکەکەین ، نادۆزیتـەوە .

K ـ ..عوسمانییەکان هەر کەدەسەڵاتیان دەگرتەدەست (دەبونەسوڵتانە) هەموو براکانیان و هێندی جار برازا و ژنەکانیشان تێکڕا لەسەریاندەدرا و کەللە سەرەکانیان لەسەر سینییەکی لە بەردەمی سوڵتان ریزدەکرد تا خۆی دڵنیابێ کە لە بنەماڵەکەیدا کەس نەماوە لەسەر فەرمانڕەوایی ملاملانێی دەگەڵدا بکات، مێژوو ئەو تاوانانە

بەبەڵگە دەسەلمێنی بۆ هەر کەسێ بیەوێ . ( الاستقلال ، ژ ١٩ ، ١٩٩٧ ، کلمە العدد

* بەشێکی تری پەراوێزەکان لە دەقەکەدا بەم شێوەیە دیارکراون : « بڕوانە پەراوێزی ژمارە .... » کە مەبەست لە 1,2,5 . ژمارە 3 ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوەدەگرێتەوە . ژمارە 4 ، ئاماژەکردنە بەوسەرچاوەی لێرەدا تۆمارکراوە .

1 ـ « . . ئەو کۆمەڵە ئاینییانەی لە کۆمەڵگای کوردیی ئیسلامی دا دەژین ، وەکو : مەسیحی و جوو ، ئێزیدی ، کاکەیی و عەلەوی ـ بە بەراورد لەگەڵ موسڵمانەکان ڕەوشێکی یەکسانیان نییە . موسڵمانەکان ، جاران و ئێستاش هەر هەستی پێ دەکرێ ، بەچاوێکی نزمەوە سەیری ئاینەکانی ئەمانە دەکەن ... مرۆی موسڵمان لەهەڵسوکەوتیا لەگەڵ نوێنەرانی ئەم ئاینانەدا دەبێ بەجۆرێکی تایبەتی ڕەفتاربکات وبێتێکێتی دیاری کراو پەیرەو بکات ..... » .

2 ـ « . . . بە هێزبوون و زیادە بوونی دەوری ئێزیدی لە ناوچەکەدا ، وای کرد کە خێڵە موسڵمانەکان نەك هەر بە ژیانێکی هاوبەش لەگەڵ ئێزیدییاندا ڕازی بن ، بەڵکو پەیوەندییەکەیان گەیشتە ڕادەیەك کە گەلێ خێڵی وا دروستبوون نیوە موسڵمان و نیوە ئێزیدی . . . . »

3 ـ دەربارەی زاراوەی ـ عیلمانی = سکولاریست ، ئیسلامییەکان تەواو بەهەڵەدا چوون . چونکێ هیچ دەوڵەتێك بەبێ عیلم = زانست بەڕێوە ناچێ ، زانست بۆ مرۆڤ یەك زانستە و لەهەر شوێنێ بێ ، هەتا گەر ئەوزانستە سەرەتاییش بێ ، جیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چ مەبەستێك مرۆڤ بەکاری دێنێ « چاك یا خراپ » بەڵام دەوڵەت ئاینەکەی هەرچی بێ ، گەر سروشتپەرست ، بتپەرستی یا بیروباوەڕ و فەلسەفەیەکی تایبەتی هەبێ ئەوا بەڕێوەدەچێ . گەر مەبەستیشیان دەوڵەتێکە لەسەر بنچینەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات بەڕێوەبچێت و پەیرەوی یاسای دیموکراتی بکات ، ئەوا بۆ دەستنیشان کردنی بەهەڵەدا چوونیان پێویست بەبەڵگە هێنانەوە ناکات ، چونکێ گەلە دەوڵەتێکی زۆر لە جیهاندا لەسەر هەمان بنچینەن وگەلێکیش پێشکەوتوون و بەچاکیش بەڕێوەدەچن .

4 ـ کوردستانی سۆڤێتی یا کوردستانی سور ، پەیوەندی نێوان ڕوسیا کورد ، ئارام عەلی ، ئەم نووسراوە لە ژێر چاپدایە و هیواداریین بەم زووانە بڵاوببێتەوە .

5 « .. هاتنی ئاینی تازە بۆ ناوچەیەك ، لەزۆربەی حاڵەتدا ، بێ خوێنڕشتن و شەڕ وجەنگ تێپەڕنابێ ، بارەکەش گەلێ ئاڵوزتر و ڕووداوەکانیش خوێناوی تردەبن کاتێك ئاینی تازە سەربە ناوچەیەکی ئێتنۆکولتووری دەبێت وەکو ئیسلام .. هتد » ئاینی ئیسلام وەکو ئاینێکی جیهانی ، هەموو سەنگ و قورساییەك دەخاتە سەر بەهێزکردنی هوشیاری ئاینی و هوشیاری نەتەوەییش تا بکرێ لاواز و کزدەکا . ئەو گوتەیەی پێغەمبەر : « لا فرق بین عربی و اعجمی الا بالتقوی » بەئاشکرا پارسەنگی لایەنی ئاین زیادەکا و نەتەوەی مرۆی موسڵمان پشتگوێ دەخا . بەلام ئەمە هەر لە ڕووی تیۆرییەوە و تەنیا لە ڕۆژگاری پێغەمبەرو ، تاڕادەکیش لەسەرەتای دەوری ڕاشیدیدا ڕەچاوکرا ، دەمنا دواتر ، دوای داگیرکردنەکان و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەی ئیسلامی و پاشتریش هاتنی بنەماڵەی

هەواڵنامەی کتێب

ئەمەوی، کە بە ڕادەیەکی زۆر نوێنەرایەتی نەتەوەی عەرەبی دەسەڵاتداری دەکرد، زۆر و هەڵوێستی دەسەڵاتدارییەتی گۆڕانی بەسەر داهات. ئەو گۆڕانەش پێش هەمووشتێک لەوەدا ڕەنگی دایەوە کە، هێشتا لە ڕۆژگاری ڕاشیدییەوە، وشەی « مەوالی » بوو بەناوی کەسان و میللەتانی موسڵمانی ناعەرەب. ئەو ناوەش وەکو پێشتر ڕوونکراوەتەوە، ماناکەی کت و مت دەبێتە « ئەوانەی جاران کۆیلە بوون » لەراستیدا، ئەمانەدوای موسڵمانبوونیشیان گەلێ ئازاد و لەگەڵ عەرەبەکاندا یەکسان نەبوون - مافی ئەوەیان نەبوو بەسواری شەڕبکەن، لە تاڵانکردنەکانیشدا دەسکەوتیان نەدەبوو، نەیاندەتوانی ئافرەتی عەرەب بخوازن و، تەنانەت دەبوایە مزگەوت و گۆڕستانی تایبەتی خۆیان هەبێت... هتد.

« ئەل - بەلازەری » نووسیویەتی: « ساڵی ۲۰ ی هیجری - ٦٣٩ ی زاینی - عوتبە کوڕی فەرقەد شاری ئورمییەی ئیترینی گرت، هەر لە هەمان ساڵیشدا مووسڵ و هەموو قەڵاکانی کوردانی گرت » دەبارەی شارەزوریش ئیبن ئەل - ئەسیر « ۱۱٦۰ - ۱۲۳۳ » دەڵێ: « عەزرە کوڕی قەیس ویستی شارەزوور بگرێ بەڵام نەیتوانی، عوتبە کوڕی فەرقەد لە شەڕێکدا کە کوردی زۆری تیا کوژرا داگیریکرد، هایشم کوڕی عوتبە جەریر هەوڵیدا شاری بەندەنجین، مەندەلی ئێستا، بگرێ و نەیتوانی، بۆیە لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا ڕێکەوت کە باجی جزیە و خەڕاج بدەن. لە لایەکی تریشەوە، حوزەیفە کوڕی ئال - یەمانی بە ئازەربایجاندا چوو تا شاری ئەردەبیل و لەگەڵ مێرزەبانەکەیدا ڕێکەوت کە ۸۰۰ هەزار درهەم بدەن، حوزەیفەش لە لایەن خۆیەوە سۆزی دا چیتر ئاگرخانەکان تێک نەدا و توخنی کوردەکانی « سنجان » و « سبلان » و « ساترودان » نەکەوێ.

ئەم فاکتانە بەڵگەی ئەوەن کە کوردەکان بەگشتی نەک هەر زوو ئاینی ئیسلامیان وەرنەگرتووە، بەڵکو دەسوەکەری و بەرهەڵستی باشیشیان کردوە. لەگەلێ شوێندا موسڵمانەکان ناچار پەیمانیان لەگەڵدا بەستوون کە، لە بری ئاشلیست و مانەوەیان وەکو خۆیان، دەبوایە باجی جزیە « سەرانە بۆ خەڵکی ناموسڵمان و » خەڕاج « باج لەسەر بەکارهێنانی زەوی » بە دەوڵەت بدەن. ئەم هەڵوێستەی کورد و بەگشتی دانیشتووانی ئێران، واتە بەرەنگاریکردنی داگیرکەران، تەنانەت دوای ڕووخانی دەوڵەتیساسانیش، بێگومان هەوڵدانێک بووە بۆ پاراستن و دەست پێوەگرتن بە کلتوور و باوەڕی ئاینیی خۆیان، دەنا ئەمان لە ڕووی سیاسی و جەنگییەوە ئیتر تێکشکێنراو بوویان و ژێردەست بووبوون؛ ئەمە تەکانێک بوو خەڵکەکە دەیاندا بۆ ئەوەی داگیرکەران دەست بەسەر لایەنی ژیانی فیکری و ڕوحیشیاندا نەگرن. ئاسەواری ڕووداوەکانی داگیرکردن لە کوردستان تاکو ئێستاش هەرماون و لە ناوی جوگرافیی هەندی جێگەدا ڕەنگیان داوەتەوە، وەکو « دلەم » - ناوی شوێنێکی شارەزوورە گوایە لە وشەی عەرەبی « تل الدم » ەوە هاتووە کەشەڕێکی گەورەی لێ ڕوودواوە وسەد موسڵمان و هەزار ئاگرپەرست « مەجوس » ی تیا کوژراوە. جگەلەمەش،

گۆڕستان و دوڵی وا لەکوردستان هەن کە ناوەکانیان لە وەدەچێ ، بۆ غەزاکانی ئیسلامی دەگەڕێنەوە ، وەکو : دۆڵی سەحابە و دۆڵی کافران لە ناوچەی کۆیێ ، سەحابەسپی لە سلێمانی ، گردی شەهیدان لە قەلادزێ و هتد ؛ یان ناوی گوندی « عەبابەیلی » ی ناوچەی هەڵەبجە - گوایە لە ناوی سەرکردەی ئیسلامی « ئەبا عوبەیدەی ئەنساری » هاتووە . هەروەها چەند بەیتە شیعرێك لە دەوروبەری سلێمانی دۆزراونەتەوە و گوایە هی رۆژگاری هێرشی موسڵمانەکانە . . . هتد ، لەگەڵ ئەو هەموو شەڕ و وێرانکارییەی لە کوردستان روویدا ، کەچی هەندی شوێن و ناوچەش توانییان رزگاریان بێ و لەگەڵ داگیرکەران پەیمان بیەستن . . . . . هتد ، بۆ ئەم جۆرە سەرکەوتنە و بڵاوبوونەوەی بە پەلەی ئاینی ئیسلام چەند هۆکارێکی گرنگ دەوریان بینی ، پێش هەمووشیان هۆکاری ئابووری - خەڵکە ژێردەستکراوەکە بۆ رزگاربوونیان لە باجی جزیە و خەڕاج ، کە لە زۆربەی حاڵەتدا قورساییەکەیان لە رادە بەدەربوو ، دەبوون بە موسڵمان ؛ دوایش هەڕەشەی موسڵمانەکان کە گەلێ جاران ، بەتایبەتیش لە سەرەتای هێرشەکەیاندا ،بە زەبری شمشیر خەڵکیان دەکرد بە موسڵمان - واتە « عنوە » ؛ جگە لە مانە ، هۆکارێکی تریش بۆ ئەمە هەیە کە هەرگیز بێ بایەخ نییە ، ئەویش ئاسانیی بوون بە موسڵمانە - شەهادە هێنان و بەشداریکردن لە نوێژی « جەماعەت » دا بەس بوو بۆ ئەوەی مرۆ بە موسڵمان لەقەڵەم بدرێ * . . . . . هتد .

* نووسەر لە پەراوێزدا روونی دەکاتەوەو دەنووسێت « عەرەبەکان ، وەکو لە سەرچاوەکان وەدەردەکەوێ ، هەمووشتێکیان دەکرد بۆدڵنیابوون لە راستی موسڵمان بوونی دانیشتوانی ناوچەکان ، وەك - فێرکردنی قورئان خوێندن ، چاودێری کردنی بەشداربوونیان لە نوێژی جەماعەت و تەنانەت خەتەنەکردنیشیان . . . . . » تکایە بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٧ ، ٤٨ ، ٧٥ ، ١٠٤ و ١٠٥ ی « رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا » رەشاد میران ، چاپی یەکەم ، ستۆکهۆلم ١٩٩٣ . « شایانی ئەوەیە لێرەدا لە مامۆستا م . پرتەو بپرسین ؛ ئا ئەم داگیرکردن و دەستبەسەرکردن و چاودێری کردنی دانیشتوان ، بەزۆر ئیسلامکردنی نییە ، ئەو بارە چ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو داگیرکردنەی ئەوڕۆی کوردستان ؟؟ ( نووسەر )

خوێنەر دەتوانی سەرنجی ئەم سەرچاوەیەش بدات « مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا » لێکۆڵینەوە و نووسینی : ژیلا و تەیفور ، گزنگ ، ژمارە ١٤ ، لاپەڕی ١٠ ، تا بزانێ چۆن کوردستان بە دەستی موسڵمانەکان کاول و وێران کراوەو ، چۆن دوای قەڵاچۆکردنی هەر ناوچەیەك ژن و کچ ئەتکراون و منداڵەکان زەوتکراون .

34 - بۆ پتر زانیاری بڕوانە وتاری « هەڵەبجە . . . هەڵەی بێجێ » رێبوار محێدین ، دلانپار ، ژمارە ٢ ، ساڵی ١٩٩٥ ، لاپەڕی ٢٥ .

45 - بۆ پتر زانیاری بڕوانە ، بڵاوکراوەی « کۆنگرە » ژمارە 3 ی 04.04.1995 . لە وەڵامی

نامەی بەڕێز مامۆستا جەواد مەلا .

18 , 24 ,29, 36 , 51 بۆ زانیاریتر بڕوانە لانپار ، ژمارە ـ ١ ، ساڵی ١٩٩٦ ، وتاری « گۆڤاری هەڵەبجە ....یا گۆڤاری هەڵە ! » هـ . ئەکرەم .

بۆ سەرچەم ژمارەکانی تر لە 1 وە تا 50 بێجگە لەو ژمارانەی کە جیاکراونەتەوە ، بڕوانە « ئایائێوە رقتان لە ئیسلام چییە ؟ » د . موزەفەری پرتەوماهـ ، دلانپار ٣ و ٤ ، ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕی ٧٥

ڕوونکردنەوە : زۆربەی سەرچاوەکان یا لە دووتوێی دەقەکەدا یا لە پەراوێزەکاندا تۆمارکراون . وەك :

١ / یاداشتی شێخ عومەر غەریب ، سکرتێری پێشوی پارتی ئیسلامی کوردستان ، بۆ زانیان وبیرمەندانی موسڵمان ، بزاڤ وپارتە ئیسلامییەکانی لەجیهان . چاپی یەکەم ١٩٩٦ ، ئیسلام ئاباد / پاکستان.

٢/ رەوشی ئاینی ونەتەوەیی لەکوردستاندا ، رەشاد میران ، ستۆکهۆڵم ، ١٩٩٣ .

٣ / کوردستان نیشتمان و گەلێکی بێ دەوڵەت ، جەواد مەلا ، کوردۆلۆجیا ، لەندەن ، ساڵی ١٩٨٥ .

٤/ دلانپار ، گۆڤار ، ژمارەکانی ساڵی ، ١٩٩٥ ، ١٩٩٦ .

عومەر سەید

# تیشکە نیگایەك بۆ جیهانی

## هونەرمەند

# ئاری بابان

هەواڵنامەی کتێب

یەکێ لە هونەرمەندە شێوەکارە لێهاتووە بە هەڵوێستەکانی گۆڕەپانی هونەری کوردی « ئاری بابان » ی کەرکووکییە.

لە تێڕوانینێکی خێرا بەکارە هونەرییەکانی هونەرمەنددا بۆت دەردەکەوێت کەهونەرمەندێکی رەسەن و خاوەن شێواز و تێڕوانینی تایبەتی خۆیەتی.

لە بینینی سیماو لەشی لەڕ و لاوازی درێژهەڵاتوی ڕۆچوو بەقوڵایی ئاسمانی تێکچڕژاوی پڕ لە هێڵ و رەنگی بە یەکداچووی رەنگە گەرم وساردەکانی تابلۆکانیدا مێشك دەبزوێ و خولیای بە دواداچوونی جیهانەکەی بەکێشی دەکات.

ئاری زۆرجار بەشوێنپێ هەڵگری قوتابخانەی سریالیزم ناسێنراوە، چونکە جیهانەکەی سەیرە و ئاڕادەیەك نزیك و

هاوجووتی لەگەڵ جیهانەکەی سلفادۆر دالی ـدا هەیە . هونەرمەند لەم بارەوە، دەڵێ : « بەڕاستی ئەوکەسانە جیهانی خۆمن و پاش چەندین ئەزموون و هەوڵدان گەیشتوومەتە دروستکردنی ئەو جیهانە و، سەرەتای ئەزموونەکەش لە تابلۆکانی ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەئاشکرا دیارە ، بەڵام نزیك بوونی جیهانی هونەری لەگەڵ هونەرمەندێکی دی شتێکی ئاساییە . ڕەنگە من کەسەکانم لە کەسانی هونەرمەندی پەیکەرتاشی « جیاکۆمیتی »یەوە نزیك بن ، بەڵام لەجیهانی ئەودا : پەیکەر بارستایی دروستدەکات و لە جیهانی منیشدا هێڵ و ڕەنگ . من خۆم هەست ناکەم کەسەکانم لە جیهانی ـ دالی ـ ەوە نزیك بن، چونکە پێش ـدالی ـ یش کەسەکانی ـ ئالگریکۆ ـ باریك و درێژبوون .

بیست ساڵێك بەر لە ئێستا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەریدا ئاری گوتویەتی : « لە پایزا لە دایکبووم و هێشتا نەگەیشتومەتە بەهار » ئەمەش بڕوای هونەرمەند بەنوێکاری و یاسای دیالێکتیك ئاشکرادەکات و نەیویستووە خۆی لە قاوغ و قۆناغێکی دیاری کراو بهێڵێتەوە، بەڵکو هەمیشە هەوداڵی نوێکاری بووەو بە بەردەوامی لە هەنگاوناندا بووە تاوەکو بەڕای خۆی لە جۆرێك لە ریالیزمی نوێدا گیرساوەتەوە، کەوا پێدەچێ زیاتر لە ریالیزمی هیمایی ـ ڕەمزی ـ نیزیك بێت .

هونەرمەند خۆی لە دەربارەی ئەمە دەڵێ : « تەوژمی ریالیزمی هێمایی زۆرنزیکە لە ریالیزمە سیحریەکەی ـ مارکیز ـ ەوەو لە بواری ئەدەبدا ئەو باشترین نموونەیەتی ، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەگەر بڵێم : ئەو هێندەی جیهانی ئەدەب و میتۆلۆژیا کاریگەربۆتە سەر کارەهونەرییەکانم و جیهانە تایبەتییەکەمی دروستکردووە ، ئەوەندە شێوەکارەکان کاریان تێنەکردووم . دەمەوێ بڵێم : ئەو جیهانەی بونیاتم ناوە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوەو تا ئێستاش هەر بەردەوامم و، ناشزانم بەرەو کوێ دەچم ، ڕەنگە زۆرجار ئەزموون هەنگاوەکانم دەستنیشان بکا . تەنها ئەوەندە دەزانم ڕاوەستان واتە : مردن و لە ناوچوون ، بۆیە بەردەوام ئەزمونەکەم قووڵتر دەکەمەوە » .

زۆربەی کارەهونەرییەکانی لە ئەنجامی تەوژمی مەرگەساتێکەوە یان ڕووداوێکی کاریگەر و پەیوەندیدار بە مەداری هونەرمەندەوە ئەفریندراوە و توانیویەتی سەرگەردانییەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ زۆر بەکارامەیەیی بخاتە سەر ڕوویەری کەڤاڵەکانی ، لێرەشدا بەهاو سەلیقەی هونەرمەند لەوەدایە کە چۆن فاکتەرە دەرەکییەکانی گواستۆتەوە ناوتابلۆکان و مرۆڤی بەسەرەکیترین و یەکەمین بونیاد لە تابلۆکانیدا داناوە : مرۆڤ و ئازادی ، مرۆڤ و لەدایکبوون ، مرۆڤ و خۆشەویستی . . . هتد .

ئاری وەك هونەرمەندێکی پێشکەوتونخواز تەنها لەویست و خواستی مرۆڤەوە دەڕوانێتە

گەڕدوون . ئەمە وای کردووە ئازادی تابلەی ڕەها سیمای مرۆڤەکانی بێت : << مرۆڤ چرکردنەوەی گەردوونە >> بەواتایەکی تر مرۆڤ لای ئاری و بەتایبەتی - ئافرەت - تەعبیرکردنە لەگەردوون . ئەمەش بەئاشکرا لە تابلۆی « تێکەڵاوبوونی ڕەگەکان » دا دەردەکەوێت ، کە کۆمەڵە مرۆیەك بەیەکداچوون و شێوەی درەختەکەش دەلالەت لەمرۆڤێك دەکات کەپەیوەندیدارە بەمرۆڤەکانی ترەوە .

سەرکەوتوویی هونەرمەند لەوەدا دەردەکەوێت کەتوانیویەتی هاوسەنگییەك لەنێوان ڕوخسار و بابەتە هونەرییەکانی دروستکات.

ئاری هونەرمەندێکی ڕیالیستە ، بەلام زۆرجار ئەم ؛ ڕیالیتی تێکدەشکێنێ و جیهانێکی وا دروستدەکات کەخەسڵەتەکانی سروشت و بایۆلۆژی = فەسلەجەی جەستە پشتگوێدەخا ، ئەمەش وەکو هونەرمەند خۆی دەڵێ : << بەهۆی کارمەندیم لەبواری ئەمینداریێتی کتێبخانەو مامەڵەی ڕۆژانەم لەگەڵ کتێب و بەتایبەتی بابەتی چیرۆك دا . زۆرجار ئەو چیرۆکانە کاردەکەنە سەرم و خۆیان دەخزێننە ناو تابلۆکانم و هەندێك جاریش ئەشتار بەهەموو سیماکانییەوە دەگەڕێتەوە سەر تابلۆکانم و دیمەنێکی ئەفسانەیی پەیدا دەبێت >> .

هەروەها دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین ، هونەرمەند زۆرجار لەخستنە پێشچاوی نەهامەتی و کۆسپەکانی ڕۆژگار پێش زەمەنی ڕووداو کەتووە ، بۆ نموونە : دەساڵێك بەر لە ئێستا بە پێرەنگە فرۆسماو = سحر ، ئامێزەکەی پێشێلکردنی مافیمرۆڤ و شەڕی براکوژیی ڕیسوا کردووە .

ڕۆژنامەی ڕێگاری کوردستان

هەواڵنامەی کتێب



کاکه باس

# فه ریکه گوێـز

چه ندان ساڵ بوو دار گوێـزێـك ، تینوێـتی خۆی به ئاوی ئه و جۆگه له ده شکاند ، که به قه دپاڵی شاخه که وه ده هاته خواره وه ، ئه و شاخه ی به سه رسه ری دارگوێـزه که ی ده ڕوانی .

هه موو ساڵێك ، پێش ئه وه ی ده می به رهه م پێ گه یشتن بێت ، ئاوی جۆگه له که ووشك ده بوو ، ئه و فه ریکه گوێزانه ش ، به لقه کانه وه گۆیان گرتبوو ، به و ئاوه ڕاهاتبون ، له و کاته دا بێ ئاوی هه راسانی ده کردن ، چه ندان شه و و ڕۆژ چاوه ڕوان ده بون ، که چی یه ك دڵۆپه ئاویان نه ده گه یشتێ . تا به ناچاری یه ك له دوای یه ك

سیس دەبوون ، بەنیگەرانی و دڵ سوتاوی ، خۆیان بەلقەکانەوە پێ رانەدەگیرا ، سەراوسەر بۆ سەر زەوی بەردەبونەوە .

لەسەر زەویش کلۆر دەبوون ، کەرەکیفەیان هەڵدێنا ، لەجێگای خۆیان بۆ یەکجاری روو لەپوچی دەچوون . ئەو ساڵە لەناو ئەو فەریکەگوێزانەدا ، دانەیەکی تەڕو ناسك ، بەرێکەوت کەوتبوە کەلێنی گاشەبەردێکەوە ، هەتا ساڵیش سوڕایەوە ، بەردەکە پاراستبووی ، نوزەی ژیانی تێدا مابوو ، بەڵام تینوێتی هەراسانی کردبوو ، کەوتبوە سەرەمەرگەوە .

هەر لەو رۆژانەدا ، وەرزی کەوتنی فەریکەگوێزی نوێ بوو ، فەریکەگوێزی کەلێنی بەردەکە ، بەدەم پەژارەو نیگەرانی درێژایی ئەو ساڵەوە ، رووی لەدارگوێزەکە کردو ، پێی گووت : ـ هۆ هۆ دارگوێزی زل و زەلام ، ئەوە بۆ هەموو ساڵێك ، کەوەختی پێگەیشتنمان دێ ، ئاومان لێ دەبڕی !؟

ئەوە یەکەم جارنەبوو ، فەریکەگوێزێك رووبەڕوی دارگوێزی بەساڵاداچوو بێتەوە ، ئەوەندەی ئەزمون پەیدا کردبوو ، وەك جاران وەڵامی فەریکەگوێزەکەی دایەوە :

ـ بەقوربانی قسەی دەم و زارت بم ، من چ تاوانێکم نییە ، تەنیا سوچی ئەو جۆگەلە ئاوەیە کەبەبەژن و باڵای ئەو شاخەدا دێتەخوارەوە ، پێش ئەوەی ئێوە پێ بگەن ، ئاومان لێ دەبڕێ .

فەریکەگوێز ـ ئەدی کەوایە ، بۆچی تادێت ، خۆت زۆرتر دەژی ، لق و پۆپی نوێ دەردەکەی ، بەڵام هەمیشە ژیانی ئێمەی فەریکەگوێز بەخۆڕایی دەچوێنی !!

دارگوێز : ـ ئەوەکێ ئەم دەرسەی لەبەر خوێندی ، ئەو قسەگەورانە لەکێ فێربووی !!؟

فەریکەگوێز : ـ خۆ راگرتن و زۆرانبازی کردن لەگەڵ ژیان ، فێری ئەم وانانەی کردوم . .

دارگوێز:ـ کەواتە تۆ لە من نەبووی ، برۆ نەفرەتت لێ بێ !

فەریکەگوێز :ـ بەڵێ منیش خۆم بەشەرمەندە دەزانم لەسێبەری خۆپەرستێکی وەك تۆ بژیم ، چونکە تۆ ناتەوێ مرۆڤێکی دیکە ، سود لەپێگەیشتنی ئێمە ببینێ .

١٩٩٢/٢/٢٩

# هەیاسە لە ئەورستان چیاسە

تەسبیحەکەی خراند و ، وتی :
- کورینە خوا بەخێری بگێری !
کۆڕی برادەران وتیان :
- پەنا بەخودێ هەر خێردەبێ ، خارە هەیاس ..... چبووە ؟
- ئەو خەونەی من دیتم شتێکی سەیر بوو !
- دەی بۆمان وەگێرە ، بزانین چۆن خەونێکت دیوە .
خارە هەیاس ئاخێکی هەڵکێشا ، وتی :
- دەترسم پێم باوەڕ نەکەن ، بڵێن لەخۆیەوە هەڵی بەستووە !
- دوور لەڕووی تۆ ، خارە هەیاس جا کێ حەدی هەیە ناماقوڵی با بکات .
- کورینە دوێنێ شەو لە خەونیمدا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بووم !
- پەکو ! خارە هەیاس جا ئەوە چۆن گەیشتییە ژوورێ ؟!
- ئەی چۆن بەسەریاندا نەقیژاندی « ئەی بێ ئاڵا بۆ دەرەوە ، ئەی بێ وڵات بۆ دەرەوە »« ئەو برادەرەرە بە پێکەنینەوە وتی »
- خۆشم سەرم سووڕماوە ، یەکسەر لەسەر تریبیۆنی هۆلە گەورەکە بووم بەگەرمی وتارمدەدا ، باسی دیموکراتییەتم دەکرد ! دیار بوو دەمەتەقێ یەکجار گەرم بوو .....
- ئێی ... جا وتارەکەت لە بیرماوە ؟
- بەڵێ بەڵێ باسی ئەوەم دەکرد ، کە ئێمەی کوردستانیان ، پارت و رێکخراوەکانمان ، سکرتێر و سەرۆک خێڵەکانمان ، هەتا بەڕێوەبەرانی بەندیخانەکانمان لە هەموو گەلانی تر دیموکراتی ترن ، گەلێك نییە لە جیهاندا تۆزیان لەدوو بکات .... لە گەرمەی وتارداندا بووم ، کابرایەکم لێ راستبۆوە ، پرسی ؛ بەڵگەت چییە ؟
- ئێی وەڵا منیش بام هەمان پرسیارم لێ دەکردی ....
- باشە خارە هەیاس ، بەڕاستی چۆنت وەڵامدایەوە !
خارە هەیاس هەستا سەرپێیان ، وەك وتاربدات وتی :
- ئێوە ئەی نوێنەرانی دەوڵەت و گەورەنەتەوەکانی جیهان ؛ ئێوە ئەی هەڵبژاردەی گەلانی جیهان ، هێژایان ، کێهەتان هێندە قارەمانە ، کامتان بەو رادەیە چاونەترساوە ، هێندەدیموکراتییە ، لە کۆتایی ئەوسەدەیەدا ،

بەبێ ئەوەی پرسی گەل بکات ،
داگیرکاری خوێنرێژی سەدان ساڵەی خۆی
بە ئارەزووی خۆی و لە سەر داوای خۆی
بە چەك و تفاق جبەخانەوە داوەتی
وڵاتی خۆتانبکەن ؟ بۆ ئەتککردنی ناموس و
شەرەف و کەرامەتی گەلەکانتان ؟ . . . .
کوڕینە ، قەت یەکێکی دەمی نەکردەوە و
مەتەقی لێوە نەهات ، سەیر ئەوەبوو وتارە
کەم هێندە گەرموگوڕ بوو ، وەڵامەکەم
هێندە لەجێ و دەمکوتکەر بوو ، ئەو هۆڵە
گەورەی کردبووە حەمامی شیفا ، بەجۆرێك
کاری کردبووە سەر گوێگرەکان ، وای گەرم
داهێنابوون ، خەریك بوو ، نەك هەر خۆیان
بکوڵێن و قولپیدەن ، بەڵکو داروبەردی
ئەو هۆڵە هەراوی لێهەڵدەستا ، تەنیا
خۆم نەبێ ؛ نازانم بۆچی هەستم دەکرد
لەو هۆڵە گەرمەدا خەریکە لە سەرمان
رەقهەڵبێم ، ددانم چەقووچۆقی وێ کەوتبوو ؟
ـ تەحا خودێ مەزن لەکاری تو . . . !
ـ باشە خارەهەیاس ، ئەتو دەو هۆڵەی
دابووی ، بەڵگەت چییە کە ئەو خەڵکە
وەك تۆ سەرمای نییە ، خۆ زۆرجار
بەفریش هەڵم دەکا و دەیکاتە تەمتومانێك
چاوچاوی نابینێ .
ـ نە ! کوڵانەکە لەوەدا نەبوو ، ئاشکرا
دیاربوو ، کە مەسەلەکە گەرمایە ، چونکێ
هەر بابابوو پێدەوەستا دەموچاو و پشتملی
لە ئارەقەی شەرمەزاری بسرێتەوە !!
تەسبیحەکەی خستەوە باخەڵی . تێکرا
کۆڕی برادەران دەستەسڕیان لە بەرگیان
دەرکێشا و کەوتنە سڕینەوەی دەموچاویان ،
خەڵکی قاوەخانەکە بەسەرامییەوە تەماشایان
دەکردین . ناچار هەستاین ڕۆیشتین . . . .
هەیاسی خاس

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد/ م٥ / م٤ / ٠ ٢٨٦٠
التاريخ ٩٩/٢/٦

سري وشخصي

الى / امن البلدة

م/ احتجاز

بعد التشاور مع السيد المحافظ / رئيس اللجنة الامنية /و تقييم الحالة الراهنة وتصورنا والسيد المحافظ لحدوث نشاطات تخريبية من قبل الـزمر المخربة والعملاء وبغية الحفاظ على ارواح الرفاق المسـؤولين و افرادنا ، تنفذ عملية احتجاز الادباء والفنانين المدرجة اسمائهم في القائمة المـرفقة وفق مـداولتنا السـابقة .

تتم العملية بصورة خاطفة و بدفعة واحدة بعد التأكد من اماكن عملهم و محلات سـكناهم .

لاجراء مايلزم في ضوء اعلاه وايلاء الموضوع الاهمية القصوى واعـلامي شـخصيا بالنتيجة وشـكرا .

المـرفقات
قـائمة بالاسـماء

عقـيد الامـن
ع. مـدير امـن محـافظة السليمانية

نسـخة الى
الشـؤون السياسية / لمتابعة الموضوع وايلاءه اهتمامكم الخاص .
المكتب الخاص / مع الاوليات كـافـة

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد / /
التاريخ / /

( تابع )

| الاسماء | الاسماء |
|---|---|
| محمد حسين البرزنجي | فـؤاد قرداغي |
| جلال محمود علي | جمال محمد اسماعيل |
| ظاهر احمد سوز | فؤاد مجيد مصري |
| رؤوف حسن | حكمت هندي |
| رؤوف بيكرد | احمد نالار |
| رؤوف عثمان | صلاح رؤوف |
| حبيب قرداغي | خالد سركار |
| محمد فريق حسن | كريم كـاكـاباب |
| عبدالله عبديا | عثمان علي |
| شيرزاد حسن | عزت كريم |
| عبدالقادر سعيد | طه خليل |
| عمر معروف البرزنجي | دانا علي |

علي توانا

هەوالنامەی کتێب
Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library

# DLANPAR

*Cultural Magazine Publish in Sorany ( Southern Kurdistan ) .By - Kurdistan National Peace & Solidarity Committee .*
*Editorial Board - Rahbar Jalal. K. Husen . Sozan Hama Zard . Sirwan Sorani . Sherko Koyy . Mustafa Amo . Rebaz Muhedin . Hawre Akram*
*T : 30 80 45 Fax : 77 47 42 00*
*Address : KNPSC - P .O . Box 5 3 3*
*00 101 H e l s i n k i - F I N L A N D*
*Bank No : KNPSCP -- S P S*
*( 8 0 0 0 2 4 -- 1 2 8 5 5 7 1 9 ) Helsinki*

*In This issu -- No : 1 , 1997*
*Rahbar Jalal - 4 minus one occupation.*
*Shorsh Said*
*A message was´t publishid in time.*
*Sherko Koyy*
*Fearful silence in front great crime .*
*Afrasiaw Hawrami - The dramatic series of evenvts of the Easten Kurdistan.*
*Sherzad Hasan*
*Woman bettwen man & wraiting .*
*Sozan Hama*
*Political & Social bewilderment of woman and children .*
*Kristiina Koivunen*
*Kurdish woman live isolated .*
*T.By- S. Babagurguri .*
*Hama Saaid Hasan*
*Poetry and Ideology*
*Hawre Akram*
*Flag- bearer of military forces.*
*Omar Saaid*
*To put the world of Ary Baban´s art in high-light*
*Kakabas . H*
*An-ripe walnut*
*Hayasi Khas - Hayas , tell us what´s the news in Eurostan ?*
*1,Cover - The New generation.*
*Foto.M.Kultalahti*
*2,Cover - Ary baban - oli on canvas*

ڕووی بەرگییەکەم
نەوەیەکی نوێ
فۆتۆ/میریا کوڵتەلاهتی
ڕووی بەرگیدووەم
بەرهەمی هونەرمەند
ئاری بابان
ئەرشیفی دلانپار
کۆپی بەڵگەنامەکان
ئەرشیفی نووسەری هێژا ش.ح
سلێمانی / باشوری کوردستان

**Copy of Document´s on last paeg : Sh.H. archives**

